# كۆتر و پڵنگ

حەمەسەعید حەسەن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# کۆتر و پڵنگ

## حەمەسەعید حەسەن



ناوی کتێب: کۆتر و پڵنگ - وتاری رەخنەیی
نووسینی: حەمەسەعید حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٥٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

که به باڵای دەقێک، هەڵوێستێک یان پرۆژەیەکدا هەڵدەڵێم، که ڕەخنەیەکی توند له بەرهەمێک، کەسێک، یان لایەنێک دەگرم، نه ئەمیان له خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت، نه ئەویان له ڕقەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵکوو شتێکم پێیه بۆ گوتن دەشێت و ناتوانم نەیڵێم.
که ستایشی شیعرێک دەکەم، ئەوە له خۆشەویستیمەوە بۆ شاعیرەکەی نییه، ئەوە لایەنی جوانی دەگرم. که کەسێک دادەشۆرم، ڕقم له هەجووکراوەکه نییه، دەمەوێت له ڕێی ئەوەوە هەجووی لایەنێکی فریودەر، یان دیاردەیەکی دزێو بکەم. که قارەمانی ساتیرێکم دەکەم به پەند، که بەدئاکارێک دەکەم به کەرەسەی نوکته، که هەڵوێستی پیاوێکی گرگن، دەدەمه بەر چەپکه تیشکێک، ئەوانه ڕەنگدانەوەی قینی تایبەتی و کەوتنه دوای تۆڵەسەندنەوە نین، بەڵکوو مەبەستی سەرەکیم، بەدناوکردنی بەدکارییه.
که کەسێکی گومناو خۆی له ئاوێنەی ساتیرێکمدا دەبینێت، لەبەر ئەوە نییه که من ئەو دەناسم و وێنەی ویم کێشاوە، له سۆنگەی ئەوەوەیه، که ئەو خۆی چاک دەناسێت و خۆی لەو نووسینەمدا دەبینێتەوە.

# پەیامنێرتان لە هەڵەبجەوە

لە کاتێکدا بەشێکی گرنگی خەڵکی هەڵەبجە سەرخۆشی بادەی خێڵایەتی بوون، ڕژێم ئەو هەلە زێڕینەی لە دەست نەدا و ئەو پرۆژەیەی لەمێژبوو خەونی پێوە دەبینی، جێبەجێی کرد. هەر ڕۆژەی چەند دێیەک بە کەڵبەی شۆڤڵ و تەقەمەنی خاپوور دەکران و گوندنشینەکانیش دەبوونە پووشی نێو گێژەڵووکەی دەربەدەری و بە گڕەی ئاوارەیی هەڵدەپرووکان. زەمینلەرزەی ڕاگوێزان بێجگە لە بامۆک، هەموو گوندەکانی دیکەی دەوروبەری هەڵەبجەی تەخت کرد.

ڕژێم گەلێک مەبەستی دزێوی لە دووتوێی ڕاگوێزاندا حەشار دابوو، وەک بڕینی ئاو لە پارتیزانی ماسی، بێ دەرامەتکردنی دێنشینەکان و پاڵپێوەنانیان بۆ ڕیزی چەکدارانی سەر بە بەعس، خڕکردنەوەی خەڵک بە مەبەستی بە ئاسانی کۆنترۆڵکرنیان و تێکدانی بنکەی سەربازی هەڵاتوو. لە بەرانبەر ڕاگوێزاندا گوندنشینەکان هانایان بۆ مەلای دێ و قورئانەکەی دەستی، بەو ئومێدەی پاڕانەوە دڵی لەشکر نەرم بکات، دەبرد. کە دەیانزانی سوپا تەنیا ئامێرێکە و هەر جێبەجێکردنی لەسەرە، هەناسەی قووڵیان هەڵدەکێشا و چاوەڕوانی پڕبوونی جامی ئارامی خودایان دەکرد و ملیان بۆ ڕاگوێزان کەچ دەکرد.

دەڵێن لە یەکێک لە گوندەکان، سەگێک نەبەردێکی کەموێنەی تۆمار کردووە و ئەوەی هەزار پاتە کردووەتەوە کە سەگ بە ڕاستی گیانلەبەرێکی بەئەمەکە. کاتێک خەڵکی ئاوایی دوور دەخرێنەوە و شۆڤڵ دەست بە خاپوورکردن دەکات و سەگ هەوڵی کاولکردنی خانووی خاوەنەکەی دەبینێت، دەوەڕێت، هێرش دەبات، کەڵبە لە کەوچکی زەبەلاحی شۆڤڵ گیر دەکات و ڕێ نادات ماڵەکە کاول بکرێت. ئەفسەرێک کە بینەری ئەم



ڕووداوە دەبێت، دەستڕێژێک بەسەر سەگەکەدا دەکات، وەلێ سەگ لە هێرش ناکەوێت، چەند فیشەکێکی پێوە دەنێت کە لە نزیکییەوە لە زەوی دەدەن، بەڵام هەر پەلامار دەدات و بە گژ شۆڤڵ و گوللەدا دەچێتەوە. دەڵێن ئەفسەرەکە نەیهێشتووە ئەو خانووە خاپوور بکرێت.

گوندنشینەکان هانایان بۆ هەڵەبجە هێنابوو، ژمارەی دانیشتووانی هەڵەبجە ڕووی کردبووە هەوراز، تەنگوچەڵەمەی خانووبەرە سەری هەڵدابوو. خەڵکە ڕاگوێزراوەکە ببوونە فرۆشیاری گەڕۆک و دەستگێڕ. وای لێ هاتبوو ژمارەی فرۆشیار لە کڕیار زێتربوو. پەتای بێکارییەکی کوشندە بڵاو ببووەوە، کاروانی ماندووی ئەو بێکارانە لە هەواری چەکدارە خێڵەکییەکاندا بارگە و بنەی خست.

قوڕی کوێرەوەرییەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەستتر دەبووەوە؛ هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندانیش دەوڵەمەندتر دەبوون. ئەوانەی کەچەدووکانێکیان هەبوو، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ هەر بە خەڵکیاندا دەڕوانی، ئەوانیش هێدی هێدی بەرەو خانەی هەژاران ملیان دەنا. بێجگە لە خۆراک بازاڕی هەموو کەلوپەلێکی دیکە، چرایەکی فوولێکراو بوو.

دەڵێن هەڵەبجە ڕادەگوێزرێت. ئەم هەواڵە تیرێک بوو، دڵی هەموو هەڵەبجەییەکانی سمیبوو؛ بەردێک بوو گۆمی ژیانی شاری شڵەقاندبوو. هەر کەسە ڕۆژێکی بۆ ڕاگوێزان دەستنیشان دەکرد. ڕووت لە هەر کوێ کردبا، باس هەر باسی ڕاگوێزان بوو. هەندێک گوندنشینەکانیان تاوانبار دەکرد، چونکە دژی ڕاگوێزان بە گژ ڕژێمدا نەچووبوونەوە. هەندێکی تر دەیانگوت: لە بوودەڵەیی چەکدارە خێڵەکییەکانە، ڕژێم بیر لە ڕاگوێزانی هەڵەبجە دەکاتەوە. یان دەگوترا: هەڵەبجە بنکەی بیروباوەڕی ئایینییە و بەعس بە ‹قوم›ی دەزانێت و لێی تۆقیوە. هەبوون وای بۆ دەچوون: هەڵەبجە بووەتە هەواری ڕۆژ و شەوگاری پێشمەرگە و لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدا نەماوە، بۆیە ڕایدەگوێزێت. هەشبوون پێیان وابوو، ڕژێم لە ترسی

ئەوەی نەک چەکدارە خێڵەکییەکان بدەنە شاخ، هەڵەبجە ڕاناگوێزێت. مۆتەکەی ترسەکە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر چۆکی لەسەر سنگی شار دادەدا و خەڵکی بێزارتر دەبوون و بیریان لە یاخیبوون دەکردەوە.

ینک بە پێچەوانەی ڕەوتاری دێرینییەوە، ‹کە لە سەروەختی هەورەگرمەی غەزەبی جەماوەردا، ڕۆڵی دژەبروسکەی دەبینی،› لەو گۆمە ڕۆشنەدا کەوتە مەلە و خوازیار بوو خەڵکی ڕۆژێک زووتر دژی ڕژێم ڕاپەڕێت. ئەگەرچی لایەنەکان، بە تایبەتی شیوعییەکان، ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی هەڵەبجەدا هەبوو، بەڵام ڕاستییەکەی ڕاپەڕین زادەی هاندانی هیچ لایەنێک نەبوو، ئەسپەشێی سەرکەشی جەماوەر دەستپێشخەری کرد و گالیسکەی لایەنەکانی بە دوای خۆیدا بە کێش کرد.

شەوی ١٩٨٧/٥/١٣/١٢ بانگەوازی ڕاپەڕین لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە هەڵەبجەی هەژاند. بۆ سبەینێ هەر لە سەعات هەشتی بەیانییەوە جەماوەر ڕژانە سەر شەقام. ڕاپەڕین لە گەڕەکی کانیی ئاشقانەوە دەستی پێکرد و شاڵاوی گڕکانی خەڵکی هەڵچوو، ڕووی کردە ناوەندی شار و لەوێوە بەرەو گەڕەکی کانییە قووڵکە. هەنگاو بە هەنگاو ڕاپەڕین فراوانتر، دەنگی ڕاپەڕیوان زوڵاڵتر و ورەی خەڵکی شار بڵندتر دەبووەوە.

ڕاپەڕیوان دەمامکیان کردبوو، ژنان شەرواڵیان لە پێ کردبوو. خەڵکەکە داوایان دەکرد: گوندنشینان بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە. هاواریان دەکرد: بەعسییەکان دوژمنمانن، سەربازان برامانن. دەنگی دلێری ڕاپەڕیوان، دەگەییشتە هەموو گۆشەیەکی شار. ڕژێم لەبەردەم لافاوی قینی خەڵکیدا دەستەپاچە بوو، تەنانەت چەکدارە خێڵەکییەکانیش کۆمەکی ڕاپەڕیوانیان دەکرد. پریشکی ڕاپەڕینی هەڵەبجە هەر ئەو ڕۆژە گەیشتە شارۆچکەی سیروان.

تانک و زرێپۆش گەییشتنە شوێنە گرنگەکانی شەقامەکانی هەڵەبجە.



سەربازان بە خەڵکیان دەگوت: ئێمە فەرمانی کوشتنی ئێوەمان پێیە، تکایە شەقامەکان چۆڵ بکەن و هەر کەس بچێتەوە گەڕەکی خۆی. جەماوەر کە هەستی کرد لەشکر بە کردەوە دژی ڕاپەڕینەکە نییە، کێوی ورەی پتر هەڵکشا و ڕاپەڕینیش مەزنتر بوو. ئەمە ئەو ڕۆژە بوو کە خەڵک لەمێژبوو چاوەڕێییان دەکرد، سەرسەختترین دەزگای سەرکوتکەری ڕژێم: سوپا، لەبەردەم ورەی باڵاکەڵەگەتی جەماوەردا، لە کورتەبنەیەک زێتر نەبوو.

لە ناکاو دەستڕێژ تێکەڵ بە هاواری خەڵکەکە بوو، لەشکر و چەکدارە خێڵەکییەکان کەوتنە تەقەکردن. کەس نەیزانی بە فیشەکی کام لا ‹مەریوان› شەهید بوو. خوێنی ڕژاوی مەریوانی لاو، دەروونی پڕ لە قینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکەکەی زیاتر هێنایە کوڵ. ڕاپەڕیوان تەرمی پیرۆزی ئەو شەهیدەیان خستە سەرشانیان و بەرەو کانیی ئاشقان بردیان و لەوێشەوە بەرەو کانییە قووڵکەیان هێنایەوە.

سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ چەند هەلیکۆپتەرێک لە ئاسمانی هەڵەبجەدا پەیدابوون و کەوتنە ڕۆکێت بارانکردنی گەڕەکی کانیی ئاشقان. ڕژێم لە سەر زەوی تێکشکابوو، لە ئاسمان خۆی با دەدا. ئەمە هەر لە بەعس دەوەشێتەوە، بۆ خەڵکی بێچەکی ڕاپەڕیوی سەر شەقامی شاری ژێر دەسەڵاتی خۆی، فڕۆکەی جەنگی دەنێرێتە ئاسمان. لە ئەنجامی هێرشی هەلیکۆپتەرەکانەوە، چەند کەسێک شەهید بوون و گەلێکیش ئەنگاوتە. ڕاپەڕیوان هێدی هێدی بڵاوەیان لێ کرد، شەڕەکە زۆر ناهاوتا بوو، ڕژێمێکی پڕ چەکی دڕندە، جەماوەرێکی سنگ قەڵغان.

هەڵەبجە گەردی ترسی لێ نیشت. سەربازان ڕەوە کوڵلە بوون و بە ناو دەغڵی کۆڵان و شەقامەکاندا بڵاو بوونەوە. شاڵاوی گرتن دەستی پێ کرد. لەشکری بەعسی بێ جیاوازی هەر کەسی بەر دەست کەوتبا، دەیگرت. ژمارەی گیراوان لە دوو سەد نزیک بووەوە. ئەمەشیان ئاکارێکی دیکەی تایبەت بە بەعسە، خوێندنگای ئامادەیی کچانی کردە بەندیخانە. ئەوانەی

هەلیکۆپتەر بریندارى کردبوون، لە نەخۆشخانە دەرهێنران و ڕەوانەى چارەنووسێکى بزر کران. بەشێکیان کە دواتر چارەنووسیان ئاشکرا بوو، لە سەروو گوندى بامۆکەوە، بە کۆمەڵ زیندەبەچاڵ کرابوون.

هەر هەمان ڕۆژ، ڕۆژى ڕاپەڕینەکە، ١٣ى ماى ١٩٨٧ڕژێم خەڵکى کانیى ئاشقانى وەدەرنا و بە تى ئێن تى کەوتە تەقاندنەوەى گەڕەکەکە. خاپوورکردنى کانیى ئاشقان کە بنکەى سەرهەڵدانى ڕاپەڕین بوو، هەفتەیەکى خایاند. زێتر لە نیوەى دانیشتووانى کانیى ئاشقان ڕووە و ئێران هەڵاتن. بەشێک لە خەڵکى گەڕەکەکانى تر و پیاوانى ئایینى شاریش لە ترسى تۆڵەى ڕژێم هەمان ڕێیان گرتە بەر. ڕژێم بە هەلیکۆپتەر، لە ئاسمانەوە جاڕى دا: خەڵکینە ئارام بگرن، هەڵەبجە ڕاناگوێزرێت.

ئەگەرچى ڕاپەڕین بە کارەسات دوایى هات، بەڵام زەبرێکى بەهێزى سرەواندە گورچکى ڕژێم. دوابەدواى ڕابوونى جەماوەرى بوێرى هەڵەبجە، زنجیرەیەک ڕاپەڕینى دیکە لە شارەکانى ترى کوردستان ڕووى دا. ڕژێم هێندەى زانى زەریاى جەماوەرى قەڵادزە، ڕانیە، دووکان، سەیید سادق، کۆیە و شەقڵاوە لە شەقامەکاندا شەپۆل دەدا. پیاوانى ڕژێم وەها تۆقیبوون، بڵندگۆى مزگەوتەکانى سلێمانى و هەولێریان چنییەوە، نەوەک بانگەوازى ڕاپەڕین ئەو دوو شارەش بهەژێنێت.

کانیى ئاشقان ئەو دەڤەرە دێرینەى هەڵەبجە، وەک گۆڕستانێکى بەرینى لێ هات. دەڵێن هەبووە خانووەکەى چونکە پەڕ کەوتووە، نەڕووخێنراوە، لە سۆنگەى کوردەناموسییەوە و بۆ بەشداریکردنى خەمى گەورەى گەڕەگ، خۆى بە ڕووخاندنى داوە. لە نێو کارەساتى کاولکردنى کانیى ئاشقاندا، دوو ئاشقى تازە بووک و زاوا، خۆراکى نەهەنگى تراژیدیایەکى دیکە بوون. پیاوانى ڕژێم ڕۆژانە تى ئێن تییان بڵاو دەکردەوە و هەر چەند خانووەیەکیان، بە جارێک، بە دەستپێدانانێک تەخت دەکرد. بووک و زاوا بە ئومێدى ئەو ماڵە سپییەى بۆ ڕۆژى ڕەشیان هەڵگرتبوو، خۆیان بە ماڵدا



دەکەنەوە، هەر ئەوان دەگەنە ماڵەوە، ناڵە بڵند دەبێتەوە، بووک شەهید و زاوایش بە سەختى بریندار دەبێت.

دوو سێ هەفتە دواى ڕاپەڕین پیاوانى بەعس خەڵکیان کۆ دەکردەوە و بەڵێنى شیرینیان دەبەخشییەوە. پارێزگارى سلێمانى لە سەردانێکدا بۆ هەڵەبجە گوتبووى: ‹هەڵەبجە قوربانییەکى زۆرى داوە، بۆیە سەرۆک بە چاوێکى تایبەتییەوە سەرنجى دەدات.› هاوڵاتییەک سۆراخى چارەنووسى بریندارە گیراوەکانى لاى پارێزگار کردبوو، گوتبووى: ‹بەم زووانە ئازاد دەکرێن.›

***

دیاردەى هەڵاتن لە سەربازى، هەموو کوردستان و عێراقى گرتبووەوە، بەڵام لە هیچ شارێک بەو بەرچاوییەى هەڵەبجە نەبوو. جەنگ بووژێنەوەى بیر و دیاردە سەردەم بەسەرچووەکانە، هەڵەبجە لەو بوارەشدا لە هەموو شارێکى دیکەى زێتر پێ بڕابوو. بیروباوەڕ و بزووتنەوەى ئیسلامى لە هیچ شارێکى کوردستان هێندەى هەڵەبجە بەهێز نەبوو.

کە عەبدولخالیق مەعرووف شاکارەکەى: ‹ئادەمیزاد لە کۆمەڵى کوردەواریدا› بڵاو کردەوە، مەلاکانى هەڵەبجە، سلێمانى و هەولێر چەندان گوتارى نوێژى هەینییان دژى تەرخان کرد و کەللەڕەقانە کەوتنە ناو زڕاندنى. لە ئەنجامى ئەو هەوڵە ناپیرۆزەوە، لە هەولێر لەبەر دەرگاى ماڵى خۆیدا، تیرۆر کرا.

مەلا و بەعسى، مزگەوت و مونەزمە* لە تارمایى عەبدولخالیق مەعرووف کە بەسەر سەریانەوە گێژى دەخوارد، بە جۆرێک زەندەقیان چوو بوو، هەردوو لایان لە دژى، یەکیان گرت. مەلاکان ڕێیان بۆ بەعس تەخت کرد، تا بیکوژێت. ‹تاوان›ى ئەو سەیدایە تەنیا ئەوە بوو، لەبەر ڕۆشنایى تێکستە ‹پیرۆزەکان› و ڕەوتارى ڕێبەرانى ئیسلامدا، تێڕوانین و هەڵوێستى ئیسلامى سەبارەت بە ژن نیشان دابوو. کتێبەکەى هاوارى ‹أنا

الحق› و خۆشی ‹حەلاج›ێکی نوێ بوو.

***

هەڵەبجە شەوان لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدا نەدەما. کەم شەو هەبوو گرمەی بازووکا، شار بێدار نەکاتەوە. پێشمەرگە شەوان دەهاتن پیاوانی سەر بە ڕژێمیان دەبردە دەرەوە، ئیدی یان دەیانکوشتن، یان بە پارە ئازادیان دەکردن. ڕژێم بۆ زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی، پەنای بردەوە بەر بووژاندنەوەی هێزە سووکەڵەکان. بە گوێرەی بڕیاری بەعس، هەموو هۆزێک بۆی هەبوو هێزێک دابمەزرێنێت. ڕاوێژکار، بەرپرسی هێزی سووکەڵە، مانگانە پەنجا هەزار دینارێکی وەردەگرت. هێز بریتیبوو لە سەربازی هەڵاتووی ناوچەکە و سۆزیان پێ درابوو کە چالاکییان لە سنووری ناوچەکەی خۆیاندا دەبێت. چەکدارانی ئەم هێزانە زۆربەیان لەبەر پسوولەیەک کە هاتوچۆی پێ بکەن، خۆیان ناونووس کردبوو؛ ئەو مووچەیەشی بۆیان تەرخان کرابوو، دەچووە گیرفانی ڕاوێژکارانەوە.

ئەم تاکتیکەش دادی ڕژێمی نەدا، هێزە سووکەڵەکان زیانیان لە سوودیان زێتربوو. بە ڕاستی بەشداریی شەڕیان نەدەکرد، دەستیان لەگەڵ شاخ تێکەڵ دەکرد، دوژمنانی ڕژێم و سەربازی هەڵاتوویان بە شتێک پارە دەکردە خزمی خۆیان. تاکە قازانجیان تەنیا هەر ئەوە بوو، سەربازی هەڵاتوو، لەبری ئەوەی ڕوو بکاتە شاخ، لە شار دەمایەوە.

سەرەککۆمار! کە خۆی نازناوی خێڵەکیی قەدەغە کردبوو، جەنگ ئەو نەریتە مردارەوەبووەشی پێ زیندوو کردەوە. هێزە سووکەڵەکان چونکە خاوەنی پێشینەیەکی خێڵەکی بوون و دوژمنایەتی و ناکۆکیی تازە و دێرینیشیان لە نێواندا هەبوو، بیریان لە تۆڵە دەکردەوە. دەڵێن: ‹کورد› ئەگەر پارەی هەبوو، یان پیاو دەکوژێت، یان ژن دەهێنێت. ڕاوێژکاران لە هەردوو بوارەکەدا خۆیان تاقی کردەوە.

هەندێک جار شەقام و کۆڵانی شار بە ڕۆژی ڕۆشن دەبوونە شانۆی



شەڕەتەقەی نێوان خێڵەکان. هەڵەبجەش ببووە سووکە تەکساسێک، بەڵام کوڕە ئازاکانی شەپقەیان لەسەر نەدەنا. ڕێ دەکەوت خەڵکی بێتاوانیش دەبوونە قوربانیی پێکدادانی خێڵەکان. لای ڕژێم سەرهەڵدانەوەی ناکۆکیی تیرەگەری، لایەنێکی گەشی دامەزراندنی هێزە سووکەڵەکان بوو. ململانێی نێوان شەمێرانی و نەورۆڵی لە ناکۆکی نێوان تیرەکانی دیکە گەرمتر بوو. جاری وا هەبوو، لە ناوەندی شاردا چەندان کەسیان لە یەکدی دەکوشت. دەستیان لە منداڵی یەکتریش نەدەپاراست. قوتابییەکی زانکۆ، کە سەر بە نەورۆڵییەکان دەبێت و بە سەردان بۆ هەڵەبجە دێتەوە، لە بازاڕی سەوزەفرۆشەکاندا، جەستەی دەکرێتە بێژنگ.

هەندێک جار نەورۆڵی و شەمێرانی لە دەرەوەی شار وێستگەی پشکنینیان بۆ یەکدی دادەنا. جارێک نەورۆڵییەکان ماشێنێک ڕادەگرن، سەرنشینێکی بە شەمێرانی تێدەگەن؛ کابراش دەڵێت: هەورامیم. پێی دەڵێن: تۆزێ قسە بکە، بە گوتنی حەرفی ‹سین›ەکانتدا، تێدەگەین ڕاست دەڵێیت یان نا.

لە شەڕە کەڵەشێرێکدا، کەڵەبابی کوڕی ڕاوێژکارێک بەزیبوو، ڕیزێک فیشەکی بە کەڵەشێرە براوەکەوە نابوو. ناکۆکی و پێشبڕکێی نێوان ڕاوێژکاران لە مۆدێلی ماشێن و ژمارەی ژنیشدا ڕەنگی دابووەوە. ڕاوێژکاری ئازا ئەوە بوو، زۆرترین ژنی هەبێت، یەکێکیان لە شەوێکدا دوو ژنی بۆ کرابووە پەردەوە!

ڕۆژێکیان لە ناوەڕاستی شاردا سێ چەکدار گەنجێکیان سەگ ئاسا بە پشتوێنەکەی خۆی پەت کرد بوو، ڕایان دەکێشا و هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرد، ئەویش ملی نەدەدا و شێلگیرانە داکۆکی لە خۆی دەکرد و دەیگوت: لەتوپەت بکرێم، لەگەڵتان نایەم. چەکدارێکیان نارنجۆکێکی دەرهێنا و بە گەنجەی گوت: پێشمان نەکەوی بەم نارنجۆکە هەڵتدەوەشێنم. گەنجە زۆری بۆ هات و هاواری کرد: خەڵکینە فریام بکەون، دەیانەوێت بمفرۆشن.

بارانی تکای خەڵکی دایکرد، وەلێ سوودی نەبوو، چەکدارێکی دیکە پەیدا بوو، تفەنگی لێ هێنانە سەر پێ و گوتی: بەری نەدەن هەر سێکتان دەکوژم. کوڕەیان ئازاد کرد، تا هێزی تێدا بوو هەڵات.

ماوەیەک بوو بڕیار درابوو، نرخی کەسێکی سەر بەودیو بە زیندووی هەزار و بە کوژراوی پێنج سەد دینار بوو. سێ چەکدارەکە مرخیان لە هەزارەکە خۆش کردبوو، دەیانویست گەنجەکە بە زیندوویی پێشکەشی ڕژێم بکەن. بکوژی کرێگرتە پیشەیەکی نوێ بوو، لە جەنگ کەوتبووەوە. دراوسێیەکمان پیاوکوشتنی کردبووە پیشە. ئێوارەیەکیان لە حەوشەکەیانەوە شریخەی دەسترێژ گوێچکەی گەڕەکی کەڕ کرد، لە یەکێک لە منداڵەکانیم پرسی:

- ئەو تەقەیە چییە؟

بە ڕوویەکی گەشەوە گوتی:

- بابەم سەری پاسداری هاورگەسۆ.

هەموو سەرێکی ڕیشن پێنجسەد دیناری بە نێوچاوەوە بوو، گرنگ نەبوو پاسدارە، پێشمەرگەیە، یان شوان! پیاکوژە کرێگرتەکەی دراوسێمان هێشتا هەر هەمان پیشەی هەیە، بەڵام شوێنی کاری ئێستای دیوی ئێرانە و بە دوای پیاوانی سەر بە عێراقدا دەگەڕێت.

***

‹بەم نزیکانە ئێران بە هاوکاریی لایەنە کوردییەکان، هێرش بۆ سەر هەڵەبجە دەهێنێت.› من ١١ی ئاداری ١٩٨٨ ئەو هەواڵەم بیست. بۆ سبەینێ هەواڵەکە وەک ئاگر لە پووش بەر بووبێت، بڵاو بووەوە. خەڵکی هەڵەبجە لە دژی بەعس و لەبەر بەشداربوونی کوردیش لە هێرشەکەدا، لە دڵەوە چەپڵەیان بۆ ئێران لێ دەدا. پێیان خۆش بوو، بە هەر نرخێک بێت، لووتی بڵندی بەعس لە عەرد بدرێت.



ڕژێم بەشێک لە هێزە سووکەڵەکانی، لە ترسی ئەوەی نەک بدەنە پاڵ ئێران، بۆ سلێمانی گواستەوە. ئەمە بەڵگەی نزیکبوونەوەی هێرشەکە بوو. بەعس لە بری لەشکرکێشی، هەندێک قوتە و شاخی چۆڵ کرد. کە هێزەکەی حەسەن بەگ لە چیای شنروێ کشایەوە، لەشکر جێگەی نەگرتەوە. خەڵکی لە یەکتریان دەپرسی: ئاخۆ ڕژێم بایەخ بە هێرشەکە نادات، یان نیازی کاولکردنی هەڵەبجەی هەیە؟

چواردەی ئادار ماڵە کوردە ئێرانییەکانی سەر سنوور کە سەر بە حیزبی دیموکرات بوون، خۆیان کرد بە هەڵەبجەدا و گوتیان: هاکا لەشکری ئێران و پێشمەرگە گەیشتنە هەڵەبجە. ئەو شەوە خەڵکی بە ترسەوە، بە نیازی خەوتن لێی ڕاکشان. سەعات دوازدەی نیوەشەو گرمەی تۆپ خەڵکی ڕاچڵەکاند و چەخماخەی ڕۆکێت هەڵەبجەی ڕۆشن کردەوە. ناوبەناو تۆپێک دەکەوتە ناو جەرگەی شارەوە، ئەگەر چی چواردە سەعات پێشتر بۆردوومانی شارەکان ڕاگیرابوو.

خەڵکی بەرەو ژێرزەمینەکان کشان، تۆپباران تا بەیانی بە چڕی بەردەوام بوو. ڕۆژ بووەوە و عێراق نە وەڵامی تۆپەکانی ئێرانی دایەوە، نە لەشکری بۆ بەرگرتن لە هێرشەکە کێش کرد و نە فڕۆکەی بۆ ئاسمانی شەڕەکە نارد. گرمەی تۆپ بەهێز و بەهێزتر دەبوو، تۆپ زێتر لە شاری دەدا، دیاربوو ئێران نزیک و نزیکتر دەبووەوە. بەغدا باسی هێرشی نەکرد، تاران جاڕی ‹فەجری ١٠›ی دا.

درەنگانێک عێراق تۆپی خستە گەڕ و ناوبەناو هەلیکۆپتەریش لە ئاستی چیاکان خۆیان نیشان دەدا. هێرشەکە بەهێزتر و ترسناکتر دەبوو، بەشی شار لە گوللەتۆپی تاک تاکەوە، بوو بە ڕیز، بواری هاتوچۆ نەما. سەعات دووی پاش نیوەڕۆ عێراق کشایەوە، دامودەزگا ئیدارییەکان و بنکە سەربازییەکانی چۆڵ کرد. دەنگی تۆپ بڕا، ژێرزەمینەکانمان بەجێ هێشت، هێندەی نەبرد گەریللای شاخ شاریان گرت و هاواریان کرد: هەڵەبجەمان ڕزگار کرد.

پێشمەرگە دەمودەست هەڵیانکوتایە سەر بانک و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی تر. دەست بەسەرداگرتنی شۆڕشگێڕانە! دەستی پێ کرد. دواتر پاسدارانیش وەک ڕیزەمێروولە بە هێستر و کامێرای ڤیدیۆوە سەریان هەڵدا. سەعات هەشتی ئێوارە بەغداد گوتی: ئێران ڕاگرتنی بۆردوومانی شارەکانی شکاند، هەڵەبجەی تۆپباران کرد، ١٣ کەس شەهید بوون، ئێمەش لە تۆڵەی ئەو شارە خۆڕاگرەدا، بە ڕۆکێتی زەوی بۆ زەویی حسێن تاران بۆردوومان دەکەین.

***

خەڵکی ئەم بارودۆخە نوێیەیان وەک خەون دەهاتە پێش چاو، چەند شاد بوون بەوەی لە دەستی بەعس ڕزگاریان بووە، هێندەش لە تۆڵە تۆقیبوون. لە شەوی یەکەمی دەسەڵاتی پاسدار و پێشمەرگەدا سەد خێزانێک ڕووە و ئێران هەڵاتبوون، بەڵام ناچار کرابوون، بۆ هەڵەبجەی ئازاد بگەڕێنەوە. ڕێگای نێوان هەڵەبجە و سلێمانیش ببووە گۆڕستانی چەند خێزانێکی هەڵاتوو. خەڵکی هەڵەبجە مەلیکی باڵشکاو بوون و شاریان لێ ببووە قەفەز، ئاخر هەموو ڕێگاکانی دەربازبوونیان لێ تەنرا بوو. بۆ سبەینێ خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ سەریان پێکەوە نابوو، باسی چارەنووسی خۆیانیان دەکرد، پێشمەرگەیەک هاتە لای ئێمەوە، لێم پرسی:

ـ داهاتووی ئێمە چۆن دەبینی؟ دوای ئازادکردنی هەڵەبجە نیازی چیتان هەیە؟

ـ ترستان نەبێت، ڕزگارکردنی هەڵەبجە هەنگاوی یەکەمی ئازادکردنی هەموو شارەکانی کوردستانە. ئێمە لێرەدا گیر ناخۆین، لەسەر هێرشبردن بەردەوام دەبین.

ـ ئەدی ئەگەر فڕۆکەی عێراق هات و شاری بۆردوومان کرد؟

ـ هەموو شاخەکانی دەوروبەری هەڵەبجە بە دۆشکا، تۆپ و ڕۆکێتی هۆک چنراون.



کاری پێشمەرگە بێجگە لە هەڵدانی کۆلارەی درۆ، بریتیبوو لە تاڵانکردن. پاسدارانیش بەشداری فەرهوودیان دەکرد. مەلا عەلی خۆپیشاندانێکی ساز کرد. ئیسلامییەکان بە دەم ‹لا إله إلا الله›وە یانەی فەرمانبەرانیان سووتاند.

سەر لە بەیانی ١٦ی ئادار فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بە ئاسمانی شاردا خولانەوە. سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ بوو، کارەبا نەبوو، دوو پێشمەرگە میوانمان بوون. هێشتا دەستمان لە خواردن نەکێشابووەوە، دەنگی فڕۆکە هاتەوە، یەکەمین ڕۆکێت ڕووی کردە ئێمە، دوای ڕەوینەوەی دووکەڵ، خۆمان ژمارد، کەسمان ناتەواو نەبوو. سەرنجم گرتە سەعاتەکەم، دە خولەک لە یازدە لای دابوو. هەموو بەرەو ژێرزەمینەکە هەڵاتین.

هێندەی نەبرد ژێرزەمینەکە سیخناخ بوو. ژێرزەمینی پیاوان و ژنان جیا بوون. ترسی چەکی کیمیاییمان هەبوو. خاولی و سەتڵەئاومان لە کن بوون. فڕۆکەکان پەیدا بوونەوە. گرمەیەکی مەزن سەرخانی خانووەکەمانی وەک بێشکە هێنا و برد. ناڵەی ڕۆکێت، هاوار و نزای ژنان و گریانی منداڵان تێکەڵی یەکدی ببوون و ترسناکترین کۆپلەی سیمفۆنیای مەرگیان پێک هێنابوو.

دیسان فڕۆکە بێدەنگییەکەی شڵەقاندەوە، هەموو پەنایان بردە بەر خوا، ناوی خوا وەک تەرزە لە دەمیان دەباری. لەوە دەچوو خوا لەبەر دەنگی فڕۆکە و گرمەی ڕۆکێت گوێی لە هاواری خەڵکەکە نەبێت. ڕۆکێتباران بە خەستی دەستی پێ کرد. لە ئاسمانەوە مووشەک دەباری، لە ژێرزەمینەکانیشەوە تەرزەی ناوی خوا.

ڕۆکێتێک بە سەرماندا هاژەی کرد، تێپەڕی و گرمەی نەهات، گوتمان: ئۆخەی نەتەقییەوە. هێندەی پێ نەچوو، بۆنێک کە لە بۆنی سیر دەچوو هەوای ژێرزەمینەکەی گرتەوە. بیستبوومان گازێکی ژاراوی هەیە بۆنی سیری لێ دێت. بۆن دێت، خاولییەکانتان تەڕ بکەن و بیگرن بە

دەموچاوتانەوە. یەکێک وای گوت. تارمایی مەرگ سەرەتاتکێی لەگەڵ دەکردین؛ لەوە دەچوو لە نێو کەشتییەکی تێکشکاودا بین و چاوەڕوانی نوقمبوون بین. ژێرزەمینەکەمان وەک گۆڕ دەهاتە بەر چاو. کە بای مەرگ هەڵی کرد، خەڵکی ژێرزەمینەکە جارێک لە خوا دەپاڕانەوە و جارێکی تر ئۆباڵی چارەنووسی خۆیان دەخستە ئەستۆی پێشمەرگە.

زوو زوو ئاوی سەتڵەکانمان دەگۆڕی، لە کاتی ئاوهێناندا دووکەڵی گازە کیمیاییەکەمان کە لە گەڕەکی جوولەکانی دابوو، دەبینی. فڕۆکە سەری هەڵدایەوە، مەزنترین گرمە هەڵسا، ناوچەکەی هەڵتەکاند، کیسەڵ ئاسا سەرێکم لە قاوغی ژێرزەمینەکە دەرهێنا، بینیم ژێرخانەکەمان بووە بە سەرخان. قاتی سەرەوە گەسکی لێ درابوو، لەولاتریشماڵێک تەواو خاپوور ببوو، بۆشکەیەک نەوت گڕی گرتبوو، بۆنی گاز هەر لووتی دەکزاندەوە.

چونکە ژێرزەمینەکە لە کەڵک کەوتبوو، بڕیارمان دا چۆڵی بکەین. هەندێک دەیانگوت: با ڕوو بکەینە دەشت. بەشێک پێیان وابوو باڵاخانە پێنج نهۆمەکەی بەشی ناوخۆی قوتابییان چاکترە. یەکێکمان ڕشایەوە، لەبەر منداڵەکەی نەیپەرژابووە سەر خۆی.

ـ باشتر ڕشایەوە، ئەگەر نا دەمرد. یەکێک وای گوت.

لەسەر سنووری وڵاتی ژیان ڕاوەستابووین چاوەڕوانی ڤیزەی مردن بووین، گوێمان لە ترپەی پێی ئەو پۆستەچییە بوو کە دەمانزانی نامەی مردنی خۆمانی پێیە. بەم هەستە سامناکەوە بەرەو ژێرزەمینی باڵاخانەکەی خوێندکاران بە ڕێ کەوتین، لەوێش فڕۆکە لێمان نەگەڕا. بای مەرگ لەوێشی هەڵکەندین، چاومان سوور هەڵگەڕا، لێڵ بوو، بە جۆرێک سەرمان لێ شێوابوو، ئاومان لە بیر چووبوو. هێدی هێدی کیمیاوی سەختتر کاری تێ دەکردین. ڕوومان کردە دەرەوەی شار، ڕێگای ئێرانمان گرتە بەر، نیو سەعاتێکی مابوو خۆر ئاوا ببێت، ڕوانیمان لە هەموو



لایەکەوە خەڵکی شار ڕێچکەیان بەستووە و بە گریان و هاوارەوە هەمان ڕێیان گرتووەتە پێش.

خۆمان ژمارد، برا بچکۆلەکەم دیار نەبوو، ئەملا برا، ئەولا برا، برا نەبوو. هەمووومان وشک بووین، باوکم بۆی گەڕایەوە، پێش هاتنەوەی باوکم بە دیداری برا شاد بووینەوە. ئەو پێش ئێمە لەگەڵ دراوسێیەکماندا ملی هەمان ڕێی گرتبوو. ڕۆژێک بوو دایک منداڵ، برا برای لە بیر دەچوو. ئەو شەوە خەڵکی هەڵاتووی هەڵەبجە ڕێبواری ئەو شاخ و داخانە بوون. بەو تاریکەشەوە هەر ڕێمان دەکرد، لە پاشماوەی لەشکرێکی تێکشکاو دەچووین، فڕۆکەکانی سوپای دلێری عێراق! بۆ سبەینێش تا سەر مەرز هەر بە دوامانەوە بوون. دواتر زانیم گەڕەکی ئێمە: ‹سەرا› بە بەراورد لەگەڵ گەڕەکەکانی تردا، قوربانیی کەم بووە. قوربانیی لە ژمارە نەهاتوو، پیر محەمەد، پاشا و جوولەکان دابوویان. تەرمی ئەوانەی بەرەو ‹دەرەشیش› و ‹عەنەب› هەڵاتبوون، ڕێگەی ئەو دوو گوندەی داپۆشیبوو. ئێمە هەموومان دەرباز بووین، بەڵام زۆر خێزان کەسیان قوتار نەبوو. ژمارەی قوربانییەکانی ئەو ڕۆژە پێنج هەزار مرۆڤی بێ تاوان و بێ دەسەڵات، شەش هەزار، یان حەوت هەزار بوو، هێشتا ساغ نەبووەتەوە، هەرگیز ساغیش نابێتەوە.

ئەمە هەر لە کولتووری بەعسدا هەیە، کە لەبەردەم هێرشی میلیتاردا تێک شکا، تۆڵەی لە خەڵکی سیڤیل کردەوە. لەو ڕۆژەدا بەعس بەسەر خەڵکی بێچەکی هەڵەبجەدا، بەسەر باخ و کانی و باڵندەی هەڵەبجەدا، بەسەر پیر و منداڵ و ژنی هەڵەبجەدا سەرکەوت؛ بەعس لە مێژ بوو تنۆکێک ئاوڕووی نەمابوو، ئەگەر نا ئەو سەرکەوتنە ئەویشی دەبرد.

دەڵێن لەو ڕۆژە مەرگاوییەدا، نزیک بە بەنزینخانەکە، خێزانێ لە ژێرزەمینەکەیاندا هەڵدەپەڕن و گۆرانی دەچڕن. پیاوێک پێیان دەڵێت:

ـ دنیا کاول بووە، ئەو بەزمەتان لە چییە؟

خێزانەکە واز لە گۆڤەندی خۆیان ناهێنن. کابرا بیری بۆ ئەوە دەچێت، لەژێر کاریگەریەتیی گازی ژاراویدا وایان لێ هاتبێت. هێندەی پێ ناچێت یەک یەک وەک گەڵای درەختی پاییز دەکەون و دەمرن. دەڵێن زۆر کەس لەو جۆرە ڕووداوەی لە گەڕەکی پیرمحەمەددا بینیوە. ئەمە سەردەمی گەشەسەندنی تەکنیکە، دەشێت چەکی وایش داهێنرابێت، مرۆڤی بێدەسەڵات، بە دەم هەڵپەڕینەوە بکوژێت.

لەماڵێکی تریشدا کەسێک کۆمەڵێک ژن و پیاو بە ڕووتی دەبینێت، ئاویان پێدا دەکات، پۆشتەیان دەکاتەوە و دەربازیان دەکات. باوکێک لە حەوت سەر خێزان، منداڵێکی ساوای بۆ ڕزگار کرابوو، تا سەر سنووری هێنابوو، لەوێ فڕێی دابووە ڕووباری سیروانەوە. زۆر کەس کە لە شەقام و کۆڵانەکاندا لە هۆش خۆیان چووبوون، لەو شەوە سامناکە نووتەکەدا، لە کاتی ڕاکەڕاکە و پەلەی دەربازبووندا ژێر تراکتۆر و ماشێن کەوتبوون.

تا ئێستا لەسەر منداڵێک کە شازدەی ئادار، سێ مانگان بووە و پاسدارێک قوتاری کردووە، لە نێوان دوو خێزاندا ناکۆکی هەیە. ئەو کاتە ئەو دوو خێزانە سەرو منداڵی سێ مانگانیان هەبووە. دەشێت ئەو منداڵە بەختەوەر بێت، چونکە زۆر منداڵ کەس نییە خۆی بکاتە خاوەنیان. تا ئێستایش گەلێک منداڵ بە دوای دایک و باوکیاندا دەگەڕێن و زۆر دایک و باوکیش بە دوای منداڵەکانیاندا وێڵن.

پێویستە ئەوە فەرامۆش نەکەم، لایەنە کوردییەکان هەر کە دڵنیا بوون لەوەی هەڵەبجە زیندووی تێدا نەماوە، بە پەلە خۆیان گەیاندەوە شار و بۆ سۆراخی زێڕ و دراو، کەوتنە ئەمدیو و ئەودیو کردنی تەرمی شەهیدان. دەڵێن دەستی ئاوساوی ژنیان بۆ بازنگەکەی بڕیوەتەوە! دەڵێن گوێچکەی کیژۆڵەیان بۆ گوارەکەی هەڵتڵیشاندووە! کەس و کاری شەهیدان وا دەڵێن.

پێشمەرگە سەرەتا سەرقاڵی خڕکردنەوەی زێڕ و دراو بووە، دواتر خووی



داوەتە دزینی شتومەکی کارەبایی و مافوور. بەرپرسانی شۆڕش، سەرۆکی دزان بوون، ئەگەر خەڵکی کۆستکەوتووی هەڵەبجە بۆ گوێزانەوەی کەلوپەلەکانیان نەگەڕابانەوە، نەتەوەپەرست و خواپەرستان دەرگا و پەنجەرەشیان لە گرێژەنەوە دەردەهێنا.

لە ئۆردووگای هەڵەبجەییە ئاوارەکاندا، هەوری چڵکنی باسی تاڵانییەکە، دووکەڵی کیمیابارانەکەی شاردبووەوە. شیوعییەکان وەک بەشداری هێرشەکەیان نەکرد، گیرفان و پریاسکەی کەمەر و بەر سنگی تەرمی پیرۆزی ژنی هەڵەبجەشیان بۆ پارە و زێڕ نەپشکنی. ئێستا ئەوان لای خەڵکی هەڵەبجە ڕوویان لە سیمای تەڵخی لایەنەکانی دیکە سپیترە. مەلای خوتبەخوێن بە پێشەنگی کاروانی ڕیسوابووان دەرچوو. کە نوێنەرانی لایەنەکان بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕووخساریان و ڕاکێشانی سۆزی ئاوارەبووان دەهاتنە ئۆردووگاکانەوە، خەڵکی فیکەی بۆ لێ دەدان و هووهای لێ دەکێشان.**

1990. 06. 06

* بارەگای بەعس.

** سەرچاوەی ئەم نووسینە کۆمەڵێک نامە بوو، لاوێکی هەڵەبجەیی شەش حەوت مانگێک دوای ژاربارانەکە، لە ئێرانەوە بۆ ئەورووپا، بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسیبوون. من دەستکارییەکی ئەوتۆی ناوەڕۆکی نامەکانم نەکرد، تا خوێنەر بە ڕۆژی ڕۆشن دیوی ناوەوەی کارەساتەکان ببینێت و سەرنجی ڕووداوەکان بدات و خۆیشی سەرپشک بێت، نەک من پێشی بکەوم.

# کارنامەی مامۆستایانی پرۆلیتاریا

ئەوە بیروباوەڕی پیرۆزە کە دوژمنی سەرسەختی ڕاستییە، نەک درۆ.

نیچە

لۆید جۆرج دەڵێت: ‹نە لە جەنگ و نە لە سیاسەتدا، هەرگیز بڕوام بە هێرشی ڕووبەڕوو نەبووە، مەگەر هیچ ڕێگایەکم بۆ پێچلێدان، شک نەبردبێت.› لەوساوە دەستم قەڵەمی گرتووە، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو سیاسەتمەدارە ئینگلیزەوە هەڵسوکەوتم کردووە. ئامانجی ویلسۆن ئەوە بوو، کەسانی تر بهێنێتە سەر بیروڕای خۆی، ئەگەر نەیتوانیبا، هەوڵی کڕینی نەدەدان، دەیویست بە سەریاندا زاڵ بێت. بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتی ئەو سەرۆکەی ئەمریکاوە، نە گەرەکمە کەس وەک من بیر بکاتەوە، نە چاوەڕێی نسکۆی ئەم و ئەوم. تەنیا لە دووی ڕاستی وێڵم و هیچی تر، ئەگەرچی دڵنیام هەرگیز پێی ناگەم.

چی لەوە دژوارترە، سەراپای ژیانت بە ڕێبازێک ببەخشیت و لە کۆتاییدا، بۆت دەربکەوێت، کە قوربانییەکی فریودراو بوویت؟ تۆ لەوەی گەڕێ، کە تیۆری خۆڵەمێشییە و درەختی ژیان، سەوز؛ حاڵ لە دوو ڕێگا بەدەر نەبوو، یان دەبوو لەگەڵ سۆسیالیزمدا بیت، یان ڕەدووی سەمایەداری بکەویت. سووکترین ڕەخنەت ئاڕاستەی بچووکترین حیزبی سەر بە بلۆکی سۆڤییەت کردبا، دەکەوتییە خانەی سەرمایەدارییەوە. تا هەنووکە پارتی و یەکێتی لەبەر ڕۆشنایی قوتیلەی ئەو کولتوورە دزێوەدا، دۆست و دوژمنیان دەستنیشان دەکەن. ئەوی ڕەخنەی لە یەکێتی هەبێت، پاراستنە و ئەوی لە پارتییشی هەبێت، جەلالییە.

یەکەمین جەنگی گەرمی جیهانی، هەوێنی دامەزراندنی یەکەمین



کۆمەڵگای سۆسیالیستی بوو. لە ئەنجامی دووەمین جەنگی گەرمی جیهانییەوە، ئۆردووگای سۆسیالیستی چێ بوو، کەچی لە ئەنجامی جەنگی ساردەوە، بلۆکی سۆسیالیستی هەرەسی هێنا. ئایا لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلیندا مێژوو کۆتایی هات، وەک فوکویاما بۆی چووە؟ ئایا لەگەڵ هەرەسی بلۆکی سۆسیالیستیدا کێشەی چینایەتی و ململانێی فیکری، بوون بە بەشێک لە دیرۆک و گۆڕەپانیان لە سەر ئاستی جیهان، بۆ ململانێی نێوان کولتوور و شارستانییە جیاوازەکان چۆڵ کرد، وەک هانتینگتۆن بانگەشەی بۆ دەکات؟

فاشیزم و کۆمۆنیزم، کە لە دوو سەرچاوەی تەواو جیاوەزەوە هەڵقوڵاون، نهێنی لەوەدا چییە کە ڕژانە نێو هەمان ئاوەڕۆوە؟ ئایا بە کۆیلەکردنی ئینسان لە یەکێتیی سۆڤییەت، زادەی کەلەپووری ملهوڕیی ڕووسیایی بوو، وەک تۆکەڤیللی پێشبینی کردبوو؟ یان خەوشی کۆمۆنیزم؟ ڕاستە فاشیزم، لەسەر گاشەبەردی کۆمۆنیزم وردوخاش بوو، بەڵام لە بوارەکانی تاکپەرستی، دەسەڵاتی تاکە حیزب و نەبوونی ئازادی بیروڕا دەربڕین و سووکایەتیی بە ئینسان کردندا، ئەو دوو ڕێبازە دەتگوت، دوو ڕووخساری یەک دراون.

کە لە ساڵی 1938 دا، ئەڵمانیا و سۆڤییەت بە مۆرکردنی پەیمانی هێرش نەکردنە سەر یەکدی، ڕۆشنبیرانیان ئەوق کرد، ڕێفل بێرنهامی مارکسیستی ئەمریکایی، لە کتێبی ‹شۆڕشی بەڕێوەبەران›دا گوتی: ‹با مێژوو بریتیش بێت لە خەباتی چینایەتی، ئەمە بەو مانایە نییە کە چینی شۆڕشگێڕ سوود لە ململانێی چینایەتی دەبینێت. لە سایەی سیستەمی فیودالیدا، کێشە لە نێوان جووتیار و فیودالدا بوو، کەچی بە قازانجی بۆرژوا کۆتایی هات. بەوەدا چ لە ئەڵمانیا و چ لە سۆڤییەت، بەڕێوەبەران، دەسەڵاتدارن، ڕێککەوتنیان کارێکی ئاسانە.›

جۆرج واتسۆن دەڵێت: ‹کە نەمسا هەنگارییەکانی قەلاچۆ دەکرد،

ئێنگڵس لەو گۆڤارەدا کە مارکس بەڕێوەی دەبرد، پشتگیریی خۆی بۆ لەناوبردنی هەنگاری، سەرب، سلاڤی و سکۆتلاندیەکانیش دەبڕی.›

مارکس خۆشی لە هەمان گۆڤاردا: Neue Rheinische Zeitungساڵی 1852 لە باسی شۆڕش و شۆڕشی چەواشەدا دەپرسێت: ‹کەی لەو میللەتە پووتانەی بۆهیمیا ڕزگارمان دەبێت؟› یان لە ڕوانگەیەکی ڕەگەزپەرستانەوە دەڵێت: ‹جوولەکە خاوەنی باوەڕێکی عەلمانین، کە بازرگانییە، پارە: خوایانە.› تۆ بڵێیت هیتلەر سوودی لەم تێزانە وەرگرتبێت!

ڤۆن میزس، کە ئابووریزانکی نەمساییە دەڵێت: ‹بەشێکی گرنگ لە بەرنامەی ئابووریی نازییەکان، لە مانیڤێستی پارتی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلسەوە وەرگیراوە.› ڕیفل بێرنهام دەڵێت: هیتلەر لە وتووێژێکدا بە ئۆتۆ ڤاگنەری گوتووە: ‹جیاوازیمان لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا، زێتر تاکتیکییە، وەک لەوەی ستراتیژی بێت.›

ئەوانەی لە پێناوی سۆسیالیزمدا خەباتیان دەکرد، خەویان بە دەسەڵاتی یاسا و بزربوونی دەوڵەتەوە دەبینی، کەچی سیستەمی کۆمۆنیستی دەوڵەتێکی بێ یاسای بۆ دابین کردن کە لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا، پێش دەوڵەتی فاشیست کەوت. هایک لە کتێبی ‹بەرەو کۆیلایەتی›دا، دەسەڵاتە مارکسی و فاشی و نازییەکان لەژێر هەمان دەواری ڕژێمی تۆتالیتاریدا* کۆ دەکاتەوە، ئەگەر چی پێشتر وا باو بوو، مارکسییەکان بە چەپ و فاشی و نازییەکانیش بە ڕاسترۆ لە قەڵەم بدرێن. لە سەردەمی ستالیندا، ڕۆڵی تاک بە جۆرێک فەرامۆش کرا بوو، ماکس ئێستمان کە یەکێک بوو لە هاوڕێکانی لێنین، دەیگوت: ‹ستالین نەک هەر لە فاشیست باشتر نییە، بەڵکو سوپەرفاشیستە.›

کارڵ پۆپەر لە کتێبی ‹کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی›دا دەڵێت: ‹بە چاوپۆشین لەو تیۆرییەی بانگەشەی بۆ دەکرێت، ناچارکردنی کۆمەڵگە کە



مل بۆ تێڕوانینێکی پێشوەخت کەچ بکات، لەشێواندنی کۆمەڵایەتی بترازێت، هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێت. کۆمەڵگە دار و بەرد نییە، تا بە پێی خواستی ئەم دەسەڵاتدار، یان ئەو بیریار پۆلێن بکرێت، بەڵکوو زیندەوەرێکە بە پێی توانای خۆی هەمیشە لە گەشەسەندندایە.› سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان زادەی عەقڵی تاک نین، سەرئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموونی مێژوویین، وەک نموونە: هیچ زانایەک زمانی دانەهێناوە، زمان لە ئەنجامی پێویستییەکانی خەڵکەوە لە دایک بووە و گەشەی کردووە.

هەموو ئەوانەی بەڵێنی ڕۆنانی بەهەشت بە کۆمەڵگە دەدەن، لە دۆزەخ زێتر هیچی دیکەی بۆ دابین ناکەن. زۆربەی تاوان و گەلەکوژییەکان، لەژێر ناوی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی باڵای نیشتمان و بەها پیرۆز و نموونەییەکاندا ئەنجام دراون. بە پیرۆز زانینی ئەم دەق و بە کاریزما بینینی ئەو سەرکردە، تەنیا تاکی شێواوعەقڵ و شاری بێ یاسایان لێ دەکەوێتەوە. دیموکراتی ئەوەیە ئەرکی دەسەڵاتدار پێشەکی بە پێی یاسا دەستنیشان کرابێت و هیچ خاوەن دەسەڵاتێک مافی ئەوەی نەبێت، بە گەردەلوولی بڕیارێکی چاوەڕێنەکراو، درەختی کۆمەڵگە بهەژێنێت. بە ڕاست سیستەمە سۆسیالیستەکان، دەوڵەتی یاسا، یان دەوڵەتی فەرمان دەرکردن بوون؟

لە سایەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریدا، خەڵکانی چاک و زانا جێییان نابێتەوە، ئەوانەی باڵادەستن، هەمیشە کەسانی هەلپەرست و لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە ئاستنزمن. ئایا بەرهەمی ڕێکەوتە، کە زیگانۆف و سەددام و میلۆسێڤیچ دۆستی ئازیزی یەکترین؟ کە ستالین، نموونەی باڵای سەددامە؟

هۆبزباوم کە لەسەر ئاستی زانکۆکانی بەریتانیا مارکسییەکی ناسراوە، دەڵێت: سۆسیالیزم خەونێکی یۆتۆپیایی، یان تەنیا کۆمەڵێک دروشم بوو، بۆ هاندان و وروژاندن. کەس بیری لەوە نەکردبووەوە، کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، کۆمەڵگا چۆن بەڕێوە ببرێت. تیۆری سۆسیالیزم زێتر

ڕەخنەگرتن بوو لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، وەک لەوەی پرۆژەیەک بێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێ.

ئەندریە جید کە دڵی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لێی دەدا، دوای گەڕانەوەی لە سۆڤییەت گوتی: (گومانم لەوە هەیە دەوڵەتێکی دیکە هەبێت، بە ئەڵمانیای هیتلەریشەوە، هێندەی یەکێتی سۆڤییەت، سووک سەرنجی ئینسان بدات.) ‹ماو›یش لە ستالین ئینسان دۆستتر نەبوو، حیزبەکەی ئەویش هەر لە تیبێت 1,2 میلیۆن کەسی ‹ئەنفال›کرد. ژمارەی قوربانییەکانی دەستی ‹پۆل پۆت›یش لە میلیۆن زێتر بوو. باڵای کێوی قوربانییەکانی ڕژێمی کاسترۆ، گەلێ لەوی ڕژێمەکەی پینۆشێت هەڵکشاوترە! تەنانەت لێنین و ترۆتسکییش بە دوو قۆڵی، 18ی ئاداری 1921 قەسابخانەیەکی مەزنیان بۆ زەریاوانانی کرۆنشتاد، ‹ئەوانەی قارەمانانی ڕاستەقینەی هەردوو شۆڕشی 1905 و ئۆکتۆبەر بوون،› ساز کرد. لێنین بە شەمەندەفەر و یارمەتی دارایی ئەڵمانیا بۆ پێترۆگراد هاتەوە و دەسەڵاتی خۆی سەپاند، هەر بۆیە لە ڕێککەوتننامەی برێستدا، ملی بۆ هەموو مەرجەکانی ئەڵمانیا کەچ کرد.

گارۆدی دەڵێت: ‹هاوپەیمانەکان زێدەڕۆییان لە نیشاندانی تاوانەکانی نازییەکاندا دژ بە جوولەکە، کردووە، بەو مەبەستەی قوربانییەکانی بۆمبای ئەتۆمی ئەمریکا و تاوانەکانی ستالینی پێ بشارنەوە.› کە ساڵی 1956 لە کۆنگرەی بیستەمدا، خرۆچۆف ویستی ئۆباڵی هەموو هەڵە و تاوانەکان بخاتە ئەستۆی ستالین، تۆلیاتی سەرۆکی کۆمۆنیستەکانی ئیتالیا گوتی: ‹تاوانەکانی پارتیی کۆمۆنیستی سۆڤییەت، پێوەندییەکی ئۆرگانییان بە سیستەمی کۆمۆنیستییەوە هەیە و زادەی هەڵسوکەوتی ستالین، وەک تاک، نین.›

ئایا سۆسیالیزم ئەوە بوو، کە لە سێبەریدا کچانی زانکۆ، لە ناچارییەوە لەشیان بفرۆشن و لە ئامێزیدا برسییەتی، لەشکری لە ژمارە نەهاتووی



پرۆلیتاریا تێک بشکێنێت؟ لە ئەورووپای هەواری دیموکراتی و مرۆڤایەتیدا، مامۆستایانی پرۆلیتاریا، شاسوارانی بواری قەلاچۆکردنی ئینسان بوون، ئاخۆ ئەگەر کەسێکی وەک مەنسووری حیکمەتی پەروەردەی ئاسیای مەڵبەندی دڕندایەتی، دەستی لە دەوڵەت گیر ببێت، ڕووخساری چاوچیسکۆ سپی ناکاتەوە؟

لە مێژە مارکسییە کوردەکان بە چاوی ڕەخنەوە سەرنجی دەقە ‹ئاسمانییەکان› دەدەن، بریا لەمەو دوا لە هەمان ڕوانگەوە سەیری دەقە زەمینییەکانیشیان دەکرد و هیچ دەقێکی دێرینیان بە پیرۆز نەدەزانی. بە ڕاست وەختی بە خۆداچوونەوەی ڕیشەیی و کرۆکی خۆ نوێکردنەوە نەهاتووە؟ دڕۆزنترین کەس ئەوەیە، پێی وابێت ڕاستی تەنیا لای خۆیەتی، ڕاستی سەدان ڕووی هەیە، بەو هیوایەی ئەوی لێرەدا بە مەبەستێکی خاوێنەوە، خراوەتە بەر ڕووناکی، تاقە ڕووە تەڵخەکەی بێت.

2000. 10. 26

‹١› حازم الببلاوي، محاكمة القرن، الحياة، ١١، ١٢ و ٢٠٠٠/١٠/١٣ لندن.
‹٢› داڤيد فروكمين، سلام ما بعدة سلام، ولادة الشرق الاوسط، ت: اسعد كامل الياس، رياض الريس للنشر ١٩٩٢ لندن.
* شمولي، گشتگر.

# ولاتێکی بێ شار

(دەسەڵاتدارانی توندڕۆ لەم حیزب یان ئەو لایەن ناترسن،
لە ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ، کە بەوان کۆنترۆڵ ناکرێن، دەترسن.)

شەڕی سارد بە سەرکەوتنی ئەمریکا و بە هەرەسی بلۆکی خۆرهەڵات دوایی هات. ئەوە گەورەترین سەرکەوتنی ئەمریکا بوو پێش ١١ی سێپتێمبەر. ئەمریکا جەنگی دووەمی کەنداویشی بردەوە. ڕێکخستنی قاعیدە بەوەی لە ١٩٩٨/٨/٧ دا هەردوو سەفارەتی ئەمریکای لە نیرۆبی و دارولسەلام تەقاندەوە، زەبرێکی چاوەڕێنەکراوی سرەواندە تاقە شاسوارەکەی گۆڕەپانی جیهان. ئەوە گەورەترین زەبر بوو، دوای هەرەسی دیواری بەرلین و پێش ١١ی سێپتێمبەر بەر ئەمریکا کەوتبێت.

ئەمریکا بە هۆی توانای سەربازی و دراوەوە، کۆنترۆڵی دنیای کردووە، ئوسامە بۆ شکاندنی ئەو دوو شکۆیەی ئەمریکا، ناوەندی بازرگانی جیهانی و پێنتاگۆنی هەڵبژارد، ئاخر یەکەمیان سیمبۆلی توانای ئابووریی و دووەمیان ڕەمزی هێزی ئەمریکایە.

دوای یازدەی سێپتێمبەر، ترس باڵ بەسەر ئەمریکادا دەکێشێت، بەهای دۆلار دادەبەزێت، نرخی نەوت هەڵدەکشێت و (بوش)یش بالانسی تێک دەچێت و (جەنگێکی دیکەی خاچپەرستانە دژی ئیسلام جاڕ دەدات و دەڵێت: ئەوی لەگەڵمان نەبێت، دژمانە.)

پێشتر ئەمریکا شەڕی لەبری دنیا دەکرد، شەڕ لە ئەفغانستان (داکۆکی لە خۆکردن) بوو، ئاخر یازدەی سێپتێمبەر کارێکی کرد، ئەمریکا وەک قوربانی بێتە بەر چاو، بۆیە ئەو هەلەی لە کیس خۆی نەدا و بە ڕەوتێکی خێراتر لەوەی پلانی بۆ دانابوو، هەوڵی دەست بەسەر دنیادا گرتنی دا. لە یازدەی سێپتێمبەردا دنیا وەها هاتە هەژان، ئیدی پێش یازدەی سێپتێمبەر و دوای یازدەی سێپتێمبەر، لە پێش زایین و پاش زایین، زێتر دەخەینە ڕستەوە.

دوای یازدەی سێپتێمبەر بە بیانووی شەڕ دژی تیرۆرەوە، ئینسان لە ئەمریکای هەواری دیموکراتیدا! بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی لەسەر ساغ بووبێتەوە گوێ لە تەلەفۆنی دەگیرێت، بێ هیچ بەڵگەیەک دەگیرێت و مافی ئەوەشی نییە کە پارێزەری هەبێت، مرۆڤ زیندانی دەکرێت و ڕۆژی دادگاییکردنی دەستنیشان ناکرێت. مامەڵەیەک لەگەڵ زیندانییەکانی گوانتانامۆدا کە (دورگەیەکی سەر بە کۆمۆنیزمە و زیندانێکی سەر بە ئیمپریالیزمی لێیە،)* دەکرێت، لەتەک ئاژەڵیشدا نەکراوە.

ئوسامە بن لادن دڕندەیەک بوو، ئەمریکا خۆی دروستی کرد و دواتر نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هیچ کەسێک یان ولاتێک ناتوانێت لە ڕابردووی خۆی ڕزگاری ببێت. CIA لە سوودان سێ جار هەوڵی تیرۆرکردنی ئوسامەی دا، لێ هەوڵەکانی بێ بەرهەم بوون.

هەڵمەتەکەی یازدەی سێپتێمبەر کە نزیکەی سێ ساڵێک کاری بۆ کراوە، لە ئیشی نووسەرێک دەچێت کە یەکەم بەرهەمی شاکار بووبێت، بۆیە دەبێت ئیدی یان کاری دیکە نەکات، یان کە کردی، لە هەمان ئاستی شاکاری یەکەمیدا بێت. تۆ بڵێیت لەبەر ئەو هۆکارە بێت، ساڵێکە بن لادن دەستێکی کوشندەی دیکەی نەوەشاندووە؟

پیشەسازیی فڕین، لە ساڵی ڕابردوودا ١٢ ملیارد دۆلار زیانی لێ کەوتووە و سێیەکی هێڵە هەواییەکان مایەپووچ بوون. لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا عەرەبستانی سعوودی بایی ١٠ ملیارد دۆلار چەکی لە ئەمریکا کڕیوە، کە ئەمەش ڕیکوردشکاندنە لە بواری چەک کڕیندا، ئاخر هەرگیز

هیچ وڵاتێک بە ماوەی دە ساڵ، هێندەی چەک لە ئەمریکا نەکڕیوە. جێی سەرنجە لەو نۆزدە هێرشبەرەی ١١ی سێپتێمبەر پازدەیان خەڵکی عەرەبستانی سعوودی بوون و ئەمریکا متمانەی جارانی بەو دۆستە دێرینە ستراتیژییەی نەما. بە جیهانیبوون لەو بوارەشدا دنیای کردە گوندێکی هێندە گچکە کە خەڵکی عەرەبستانی سعوودی بتوانن نیویۆرک بتەقێننەوە.

دوای یازدەی سێپتێمبەر بە پاساوی شەڕ دژی تیرۆریزم، پوتین دەکەوێتە قەلاچۆکردنی چیچانییەکان. شارۆن دەکەوێتە بنەبڕکردنی فەلەستینییەکان و بەشێک لەو خاکەی بۆی چۆڵ کرد بوون، داگیری دەکاتەوە. چین لە جاران زێتر مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و ئەمریکا وەک جاران باس لەو پێشێلکارییانە ناکات. دوای یازدەی سێپتێمبەر ناوەڕاستی ئاسیا (ئازربایجان، ئوزبەکستان، تاجیکستان و پاکستان) لەبەر هەبوونی نەوت و هەڵکەوتەی جوگرافیایی بۆ جەنگ دژی تیرۆر، بایەخێکی زۆر پەیدا دەکات و پەلی ئاسنینی ئەمریکا لەوێشەوە دەکەوێتە زەبر وەشاندن. هەڵمەتەکەی ١١ی سێپتێمبەر، جۆرج دەبلیو بوش کە دوو سێ ساڵی دیکە ئەستێرەی ناوبانگی دەکوژایەوە، دەکاتە قارەمانی بواری بنەبڕکردنی تیرۆر!

ئەگەرچی مێژووی ئیسلام، بریتییە لە خوێنڕشتن و تژییە لە سەربڕین و دەستبڕینەوە و بەردباران کردن، ئەگەرچی خومەینی سەروەختی شەڕی نێوانی ئێران و عێراق، کلیلی بەهەشتی دەکردە ملی لاوان و بەرەو بەرەکانی شەڕی دەناردن، ئەگەرچی فەلەستینییەکان دەبنە بۆمبی سەفەری و خۆ دەتەقێننەوە، لێ هێشتا ئەوی لە یازدەی سێپتێمبەردا رووی دا، چاوەڕوان نەدەکرا و بازێکی هێجگار درێژ بوو، لە بواری بە هێند نەگرتنی ژیانی ئینساندا. نیچە دەڵێت: (کە خودا نەبێت، لە چی بترسین؟ سڵ لە چی بکەینەوە؟) کەس هێندەی تیرۆریستە ئیسلامییەکان بڕوایان بە بوونی خودا قایم نییە، کەچی بێباکانە کام ڕێ زۆر پۆخڵە، دەیگرنە بەر.



نزیکەی نیوەی سامان و داهاتی دنیا لەژێر دەستی ئەمریکادایە، دەیتوانی بەو توانایە، هەژاری لە دنیادا نەهێڵێت، لێ ئەگەر وای کردبا، ئەدی بە چی، کۆنترۆڵی دنیای کردبا؟ خۆ ئەوە بەریتانیا و فەرەنسا بوون، وڵاتانی ئیسلامییان داگیر کردبوو، ئەدی بۆچی ئیسلامی توندڕۆ هێندە قینی لە ئەمریکایە؟ تۆ بڵێیت لەبەر ئەوە بێت، کە سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین، جوولەکە دایدەڕێژرێت؟ تۆ بڵێی لە سۆنگەی ئەوەوە بێت، ئەمریکا دۆستی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی وڵاتانی کەنداوە؟ لە لاتین ئەمریکا سێ ڕژێم لە دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی ئەمریکادا هەبوون، چیلی و نیکاراگوای ڕووخاند، لەمێژە بە بنکۆڵکردنی (کوبا)شەوە خەریکە.

ئایا نەبوونی دیموکراتی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، خەڵک بۆ هانا بۆ تیرۆر بردن، هان نادات؟ ئایا ئەو زەبروزەنگەی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلام پیادەی دەکەن، هاندەرێک نییە بۆ ئەوەی بەرهەڵستکارانی ئیسلامیش هانا بۆ هەمان میتۆد ببەن؟ تیرۆر، کوشتن یان ئازاردانی خەڵکانی بێتاوانە. جەنگ دزێوترین جۆری تیرۆرە. ژمارەی کوژراوانی بێتاوان لە ئەفغانستان، لای کەم هێندەی ژمارەی کوژراوانی ناوەندی بازرگانی جیهانی دەبێت.

تەنیا لە (کابول)دا پەنجا هەزار منداڵی بێ نوا هەیە، ٢٠٪ ی منداڵانی ئەفغانستان پێش ئەوەی تەمەنیان ببێت بە ساڵێک دەمرن، هەفتەی دوو سەد تا سێ سەد کەس، مینیان پێدا دەتەقێتەوە، نیوەی خەڵکەکەی بە دەست بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن. بە ڕەچاوکردنی ئەو زانیارییانە، ئایا سەرکەوتنی ئەمریکا لە ئەفغانستان، بۆ ئەوە دەشێت، شانازیی پێوە بکرێت؟

شەڕی کەنداوی دووەم ٦٠ ملیارد دۆلاری تێچوو، تەنیا ٢٠٪ ی ئەو پارەیە، کەوتە ئەستۆی ئەمریکا، ئەوی تری هاوپەیمانان وەئەستۆی خۆیان

گرت. هەنووکە کە ئەمریکا بۆ لێدانی عێراق لە دووی هاوپەیمان وێڵە، خوازیارە ئەرکی شەڕەکەیان لێ بکێشێتەوە.

سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانگرەوە، هیتلەر دنیای کاول کرد بوو، ئەمریکا بێدەنگ بوو، تا هێرش نەکرایە سەر خۆی، نەچووە شەڕەوە. ٦ی ئابی ١٩٤٥ ئەمریکا بە بۆمبی ئەتۆم لە هیرۆشیمای دا، بۆمبەکە لە نەخۆشخانەیەکی دا کە لە ناوەندی شارەکەدا بوو، یەکسەر ١٠٠ هەزار کەس و دواتر هێندەی دیکەی کوشت. هەر ئەو ڕۆژە سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا، ترومان گوتی: لە سەربازگایەکی گرنگی ژاپۆنمان داوە. هاوینی ١٩٤٥ ئەمریکا ٦٦ شاری ژاپۆنی سووتاند و دەیگوت: ژاپۆن دەکەینە وڵاتێکی بێ شار. شارنشینەکانی ژاپۆن بە زەبری ناپاڵم دەبرژان و دەکولان.

دژایەتیکردنی ئەمریکا دوای یازدەی سێپتێمبەر، لە ئەورووپادا، شێوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری وەرگرت. ئەمریکا چوار ساڵ بوو شەڕی ڤێتنامی دەکرد، ئەوسا ئەمریکاییەکان کەوتنە نارەزایی دەربڕین دژی ئەو جەنگە، وەلێ بەشێکی گرنگ لە خەڵکی ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە دژی جەنگ بوون لە ئەفغانستان.

فۆکۆیاما پێی وایە: ئەمریکا گەرچی دنیای خستووەتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، لێ وەتاق کەوتووەتەوە، ئاخر لە ڕوانگەی دۆستە دێرینەکانییەوە، ئەوە ئەمریکایە کە ئاسایشی دنیای خستووەتە مەترسییەوە. بە پاساوی (پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی،) هەردوو جەنگی جیهانگرەوە هەڵگیرسان. لە سەروەختێکدا کە وڵاتانی ئەورووپا لە پێناوی یەکێتیدا، دەستبەرداری بەشێک لە قازانجی تایبەتی و هەندێک لە سەروەریی نەتەوەییان دەبن، تازەکی ئەمریکا بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سوودی تایبەتییەوە، هەڕەشە لە ئاسایشی جیهان دەکات.



وەک هانتینگتۆن بانگەشەی بۆ دەکات، ١١ی سێپتێمبەر شەڕی نێوان دوو کولتوور نەبوو. یەک جار شەڕی نێوان دوو کولتوور ڕووی داوە، ئەویش لە سەدەی دوازدەدا کە بە سەرکەوتنی سەلاحەدینی ئەییوبی کۆتایی هات. ئەگەر شەڕ زادەی ململانێی نێوان کولتوورەکان بووایە، عێراق و ئێرانی هاوکولتوور، هەشت ساڵ شەڕی یەکیان نەدەکرد.

ئەمریکا کە هەمیشە فاکتەری هەڵگیرسانی شەڕ بووە، ناتوانێت ببێتە هۆکاری سەپاندنی ئاشتی. تا نایەکسانی، هەژاری و کۆمەڵگەی داخراو بمێنن، تیرۆر دەمێنێت، بۆیە دژایەتیکردنی ئەوانە لە دژایەتیکردنی تیرۆر گرنگترە، ئەوانە هۆکارن، تیرۆر ئەنجامە.

2002. 09. 17

---

(1) John Berger, Hiroshima 1945 New York 2001, Aftonbladet 2002/09/01

(2) Wolfgang Hansson, Ett år efter terorattacken, Aftonbladet 2002/09/09

(٣) فوکویاما، امریکا مطلقة الهیمنة ولکنها مطلقة العزلة، الشرق الاوسط، ص ٢١ ٢٠٠٢/٩/١٢ لندن.

* ئەدونیس.

# کوانەڕەشە

لەم نووسنیەدا بە کورتی وەڵامی ڕێبوار ئەحمەد(١) و بە بروسکەیی بەرسڤی شەماڵ عەلی(٢) دەدەمەوە، کە هەردووکیان لەبەر ئەوەی سووکەڕەخنەیەکم لە مەنسووری حیکمەت گرتبوو، ماڵپەڕی کوردستان نێتیان لێ گرتم.

(لە جەدەلی سیاسی دا جنێودان نیشانەی ئیفلاسی یە.) ئەوە ناونیشانی باسەکەی ڕێبوار ئەحمەدە کە ئەم هەڵانەی تێدایە:

* دەبوو (دا) کە، بە سیاسییەکەوە بلکێنێت. (سیاسیدا)

* ئیفلاسی یە، وەک ڕێنووس هەڵەیە، ئیفلاسییە، ڕاستە.

* ئیفلاسییە، وەک ڕێزمان هەڵەیە، ئیفلاسە، ڕاستە.

* ڕستە کوردییەکە! لە پێنج وشە پێکهاتووە، سێیان عەرەبین.

* نەک تەنیا لە جەدەلی سیاسیدا، لە جەدەلی ئەدەبی، هونەری و فیکریشدا جنێودان هەر نیشانەی مایەپووچییە.

* سەرکردەیەکی پرۆلیتاری! کە نەتوانێت بینای ڕستەیەک بکات، ئایا دکارێت قەڵای سۆسیالیزم ڕۆ بنێت؟

ئەوی ئێوە پێوەی خەریکن، کاریکاتیری خەباتی چینایەتییە، ئەو زمانەشی پێی دەنووسن، بێ ئەوەی مەبەستتان بێت، هەر ڕستەیەکی تەنزێکە. چونکە لە ڕوانگەی مارکسییەکانەوە زمان ڕەنگدانەوەی هۆشیاریی تاکە، کەواتە هۆشیاریی ئێوە لە ئاستی زمانەکەتاندایە، ئاخر زمانێکی نزم توانای دەربڕینی هۆشیارییەکی بەرزی نییە و کەسانی خاوەنی هۆشیاریی باڵا، زمانیان هێندە نزم نابێت.

جان کۆهن دەڵێت: ‹زمان پۆشاکی بیر نییە، جەستەیەتی، چونکە بیر



بێ زمان، بوونی نییە.› ئایا جەستەیەکی مێشکنەخۆش، دەتوانێت هەڵگری بیرێکی ساغ بێت؟ ئایا کەسانێک ئاستی ڕۆشنبیرییان هێندە نزم بێت، توانای نووسینی ڕستەیەکی دروستیان، بە زمانی خۆیان نەبێت، ئەوەیان لە باردایە، بەرچاوی پرۆلیتاریا ڕۆشن بکەنەوە؟ ئەگەرنا، پێویستە بە ڕێزەوە گوێ بۆ کەسانی لە خۆیان هۆشیارتر شل بکەن. سەر بۆ دەسەڵاتی مەعریفە نەویکردن، نیشانەی زیرەکییە.

بە شەماڵ عەلیش دەڵێم: عیلمانییەت هەڵەیە، عەلمانییەت ڕاستە کە لە عالەمەوە هاتووە، نەک لە عیلمەوە وەک ئێوە بۆی چوون. دەشێت ئینسان بێسەواد بێت و عەلمانی بێت، یان مامۆستای زانکۆ بێت و ئوسوولی بێت. عەلمانییەت بە ئینگلیزی (secularism)ە، کە (دنیایی) دەگرێتەوە، عەلمانیش (secular)ە نەک سێکولاریست، ئاخر سێکولار ئاوەڵناوە. تکایە پێش ئەوەی وشەیەک بخەنە ڕستەوە، پێشەکی فێری چۆنیەتی گوتن و ماناکەی بن. بەوەدا نووسیوتانە حەمەسەعید خوێندنەوەی پۆرنۆگرافییانە و ناموسپەرستانەی بۆ ڕووداوەکانی دنیا هەیە، دیارە لە مانای (پۆرنۆگرافی)ش بەد حاڵی بوون، ئاخر ناموسپەرست و پۆرنۆگرافی کوجا مەرحەبا! pornography کە ئەدەب و هونەری ڕووهەڵماڵراو، فیلم و وێنەی ڕووت دەگرێتەوە، ناوە، دەبوو pornographic پۆرنۆگرافیک کە ئاوەڵناوە، بنووسن.

کە مەنسوور حیکمەت دەڵێت: (کۆتایی بە تیرۆریزم هێنان کاری ئێمەیە) و ئێوەش متمانەی پێ دەکەن، بڕوا بکەن خەڵکی ئەوی وەک دۆنکیخۆتە و ئێوەشی وەک سانچۆ دێتە بەر چاو. وەلێ من پێتان پێناکەنم، لە قووڵایی دڵمەوە بەزەییم پێتاندا دێتەوە، کە خۆتان دەکەن بە کەرەسەی پێکەنین. لێنین درۆی بۆ پرۆلیتاریا نەدەکرد، (هەموو دەسەڵاتەکان، بۆ شووراکان،) ئەم دروشمە کە لە ئەپریلی ١٩١٧ دا بڵندی کردەوە، لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا جێبەجێی کرد. کە بنبڕکرنی تیرۆر ئەرکی ئێوەیە، ئەدی بۆچی کە دە دوازدە نوێژکەرێک لە سلێمانی دێنە سەر

بارەگا تاقە ژووربیەکەی (بۆ پێشەوە)ی ئۆرگانی حککع، هانا بۆ ئاسایشی سەر بە ینک دەبەن! بە پشتی ئاسایش کە دەزگایەکی تۆقێنەرە، تیرۆریستانی ئیسلامی لە نێو دەبەن! ئەو گەشبینییە بێ بناغەیەی مەنسوور ئەگەر لە ناهۆشیارییەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، ئەوا زادەی ستراتیژێکی فریودەرانەیە، کە بە وریاییەوە مژدەی درۆ دەبەخشێتەوە و تۆوی هیوای ساختە لە دڵی چەوساوەکاندا دەچێنێت.

مەنسوور حیکمەتی ئاگرخۆشکەری شەڕی پۆخڵی نێوان دیموکرات و کۆمەڵە، کە هەنووکە لە کوردستان کەس بە دەهۆڵی دەستەسڕ با نادات، لایەنی جەنگی ئەمریکا دژی ئەفغانستان دەگرێت و ڕاشکاوانە دەنووسێت: (شەڕی ئەمریکا لە دژی تالیبان نابێت مەحکووم بکرێت،) ئەگەرچی لەو شەڕەدا ئەمریکا بە بۆمبی هێشوویی لە گوند و گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکانی ئەفغانستان دەدات.

لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ ـ ١٩٤٥ دا لە لە سۆڤیەت ٣٢ میلیۆن ئینسان قەلاچۆ کراون. ئەمە قسەی ئەلێکساندەر جاکۆڤلیڤە کە سەرۆکی کۆمیتەی ساغکردنەوەی قوربانییەکانی سەردەمی ستالینە. ١٣ میلیۆن لەو ٣٢ میلیۆنە لە شەڕی نێوخۆی ساڵانی ١٩١٨ - ١٩٢٢ دا گیانیان لە دەست داوە. کە ئەمە نامەی ڕەوتاری ستالین بوو بێت، ئیدی دەبێ چاوەڕێی چی لە شاگردانی بکەین؟

بە پێی گوتەی دۆناڵد ڕامسفێلدی وەزیری جەنگی ئەمریکا، (ڕاوێژکارانی ئەمریکایی و ئێرانی پێکەوە هاوکاریی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئەفغانیدا بۆ ڕووخاندنی تالیبان دەکەن.) ئایا ئەم هاوسەنگەرییەی مەنسوور لەگەڵ ئەمریکا و تەنانەت ئێرانیشدا، هیچ پرسیارێک لای دەروێشانی ناورووژێنێت؟ ئەوپەڕی ڕاست و چەپی توندڕۆ، ئەگەرچی لە دوو سەرچاوەی تەواو جیاوازەوە هەڵدەقوڵێن، لێ هەمیشە لە کۆتاییدا دەڕژێنە هەمان ئاوەڕۆوە.



ژاک دریدا پێی وایە بەشێکی گرنگی بەرپرسێتی هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر دەکەوێتە سەر ئەستۆی سیاسەتی چەوتی ئەمریکا. گۆنتەر گراس دەڵێت: هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، نە مەدەنین، نە شارستانی، ئێمە دەبێت بەردەوام ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا کە سەروەختێک کۆمەکی بە بن لادن دەکرد، بگرین.

نوام چۆمسکی دەبێژێت: (ئەگەر ئەمریکا هەڵگری بیروباوەڕێکی ئینسانی با، هانای بۆ شەڕ نەدەبرد. ئەگەر قەرارە ئەمریکا هەموو ئەو وڵاتانەی داڵدەی تیرۆریستانیان داوە، بۆردوومان بکات، ئەوا من وڵاتم پێ شک نایە، داڵدەی تیرۆریستانی نەدابێت.) نەجیب مەحفووز کە هێندەی نەمابوو، بە دەستی ئیسلامییە تیرۆریستەکان بکوژرێت، بە توندی دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان وەستایەوە و گوتی: (جەنگیش وەک هێرشەکانی ١١ی ئەیلوول تیرۆرە، ئاخر دەشێت میلیۆنێک بێتاوانی تێدا بکوژرێت.) (هابرماس)یش هەر هەمان هەڵوێستی هەبوو.

لە سەرانسەری ئەورووپادا میلیۆنان خەڵکی ئینساندۆست دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان ڕژانە سەر شەقامەکان. تەنانەت بەشێکی گرنگی خەڵکی ئەمریکاش دژی ئەو جەنگەن؛ ئایا جێی گومان نییە کە میم حیکمەت لە یانکی، ئەمریکاییترە؟ کە شیوەن بۆ کارمەندانی پێنتاگۆن دەگێڕێت و دڵی بە منداڵانی کابول ناسووتێت؟ لە ڕوانگەی ‹ڕێبوار›ەوە کە توانای نووسینی ڕستەیەکی دروستی بەزمانی زگماکی نییە، ئەو هەموو خەڵکە، بەو نووسەرە مەزن و بیرمەندە گەورانەشەوە، چونکە جەنگ بە تیرۆر دەزانن، ساویلکەن!

ئایا لە نێو جەرگەی ئەورووپای خۆرئاواوە، مرۆڤدۆست، چەپ، سەوز و ئەنارشیستەکان لە سەنگەری شەرقگەراییەوە، دژی ئەمریکا دەنگ هەڵدەبڕن؟ من کە بە ناوی خۆمەوە بە ڕاشکاوی دژی ئیسلامییەکانی

کوردستان هەڵوێستم نواندووە، دەکرێت بە لایەنگری تالیبان نێوزەد بکرێم؟ ڕێبوار ڕوانینی هێندە کورتبڕ، بیری هێندە تەنک و ئاستی ڕۆشنبیریی هێندە نزمە، دەڵێت: (ئەگەر جەنگ تیرۆر بێت، کەواتە شۆڕشگێڕانیش کە دژی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان جەنیگیون، تیرۆریستن!) (٣) وەک ئێمە گوتبێتمان: جەنگ بە شێوەیەکی گشتی، بە چاوپۆشین لەوەی جەنگاوەران کێن، هەر تیرۆرە.

بە داخەوە ئەم ڕێبەرە ئاستی وتووێژەکەی هێندە دابەزاندووە، ناچاری کردووم، بنووسم: شەڕی کۆیلە دژی خاوەنکۆیلە، شەڕی جووتیار دژی فیودال، جەنگی گەلانی بندەست بۆ سەربەخۆیی، جەنگی پرۆلیتاریا لە پێناوی بنیاتنانی جیهانێکی ناچینایەتیدا، جەنگی عەلمانییەکان دژی ئیسلامییەکان، جەنگی پێشکەوتنخوازان دژی کۆنەپارێزان، جەنگی بێدەسەڵاتان دژی دەسەڵاتداران، جەنگی کۆمارییەکان دژی شاپەرستان و جەنگی دیموکراتیخوازان دژی دیکتاتۆران، هەموویان پیرۆزن، لێ جەنگی ئەمریکا لە ئەفغانستان تیرۆرە.

زۆرن ئەوانەی بە ڕاشکاوی لایەنی ئەمریکایان گرتووە، کەم نین ئەوانەی بە ئاشکرا سەنگەری بن لادنیان هەڵبژاردووە. ئێوە لایەنی ئەمریکاتان گرتووە، منیش هاوزەمان دژی هەردوو لایانم و لەگەڵ چەوساوەکانی ئەفغانستاندام. من داکۆکی لە ئیسلامی سیاسی ناکەم، ئەگەر وا لە نووسینێکم تێگەیشتوون، ئەوە هەڵەی منە، دیارە نەمتوانیوە، جوان بیری خۆم دەرببڕم. هیوادارم ئێوەش توانای دەربڕین بە هاناتانەوە نەهاتبێت، نەک بە هۆشیارییەوە لەو جەنگە پۆخڵەدا، لایەنی ئەمریکاتان گرتبێت. ئێوە بۆ مەرگی لە ناوەختی کارمەندانی پێنتاگۆن هێندە نیگەرانن، بە هەق شیاوی ئەوەن، دۆستانتان پرسەنامەتان بۆ ڕەوانە بکەن.

لە دیدی مەنسوورەوە هیچ بۆمبێکی ئەمریکا هەڵە ناکات و هەمیشە نیشانە: تالیبان یان قاعیدە دەپێکێت. لە ڕوانگەی ڕێبواریشەوە،



مەنسوور لە هیچ بۆچوونێکیدا بە هەڵەدا ناچێت و هەرگیز گاڵ ناهێنێت. ڕێبوار مانی لە بیرکردنەوە گرتووە و مەنسوورێک لە جێی ئەو بیر دەکاتەوە، کە هێندە دەست و پێ سپییە، ئەوە بۆ ئەحمەد شاملوو بە کەمایەسی تۆمار دەکات، کە شیعری لە دژی (حەساری سەر عێراق) نەگوتووە! لێنینیش دەیگوت: حەیفە ماکسیم گۆرگی کاتی بەنرخی خۆی بە نووسینی بابەتی سیاسییەوە بەفیڕۆ بدات، دەبێت ئەو هەر خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکات.

ئەوە بۆ من جێگەی گومانە کە میم حیکمەت هێندە شێلگیرانە داوای هەڵگرتنی ئابڵووقە لەسەر عێراق دەکات و هیچ دڵی بە خەڵکی کوبا، لیبیا، سوودان و سۆماڵ ناسووتێت، ئاخر ئەوانیش لەمێژە ئەمبارگۆیان لەسەرە. ئێوە لە کرۆکدا هیچ جیاوازییەکتان لەتەک ئیسلامە فوندەمەنتالیستەکاندا نییە، وەلێ لە تویکڵدا، ئەوان گوتەکانی محەمەد بە پیرۆز دەزانن و ئێوەش فەرموودەکانی مەنسوور. ئێوە هەرچی ڕەخنەی لە مەنسوور هەبێت بە سەرلێشێواوی نێوزەد دەکەن و ئەوانیش بە نەیارانی محەمەد دەڵێن کافر.

من چونکە خاوەنی سەری خۆمم، دەشێت هەندێک جار سەرم لێ بشێوێت، لێ ڕێبوار هەرگیز سەری لێ ناشێوێت، ئاخر خاوەنی سەری خۆی نییە و لەمێژە بە مەنسووری سپاردووە. من دەشێت هەندێک جار ڕێ هەڵە بکەم، لێ ئەو لە (توونی بابا) (٤)دا گیری خواردووە.

ئەوانەی گومان لە مەنسوور دەکەن، کەسانی ناسراوی ڕابردوو خاوێنی لە بابەتی: عەبدوڵڵا بابان، ڕەحیمی ئەمینی و حامیدی سەعاتین. تەمی ئەو گومانە بەوە نارەوێتەوە کە ناتۆرە بخەنە دوای ئەم و ئەو. ئێوە کە خوازیاری ئەوەن کەس گومان نەخاتە سەر مەنسوور، نەدەبوو هەرچی گومانی خستە سەر ناوبراو، گومانی لێ بکەن و بیخەنە خانەی شاپەرستان، یان دەزگای زانیارییەوە. ئەگەر گومان لەم و لەو کردن بە چەکێکی پۆخڵ دەزانن، نەدەبوو هانای بۆ ببەن.

حککا بۆ دوا کۆنگرەیان داوەتنامەیان بۆ سەدان کەس هەناردبوو. یەکێکیان: ڕێبەری مانگرتنی کرێکارانی نەوتی باشووری ئێران، یەدوڵڵا خوسرەوشاهی بوو، کە لە ١٠ی ئوکتۆبەی ٢٠٠٠دا بە نامەیەک پێی گوتن: (بۆ کۆڕێک نایەم، کەسانێک ئامادەی ببن، کە هێشتا شوێنەواری ئەشکەنجەیان بە جەستەمەوە دیارە.) ئاخر هەر بۆ هەمان کۆنگرە مەسعوود ڕەجەوی و ڕەزا پەهلەویش بانگهێشت کرابوون. لەو سەدان کەسەی داوەتنامەیان پێ گەیشتبوو، تەنیا ئەمیر مومبینی کە یەکێکە لە سەرانی فیدائیانی ئەکسەرییەت چوو بوو، ئەویش کە خواستبووی دوو دەقیقە قسە بکات، مۆڵەتیان نەدابوو!

کە دەنووسم هەموو وشەیەکم بە تەرازووی زێڕ دەکێشم و تەنانەت بیر لە ڕیتمەکەشی دەکەمەوە، دڵداری لەگەڵ هەموو ڕستەیەکەمدا دەکەم و بە دەست داهێنانی هەر پەرەگرافێکەوە، هێندە ماندوو دەبم، مەگەر دایک سەروەختی منداڵبوون، زێتر ژان بچێژێت. ئێوەش بێباکانە قسە فڕێ دەدەن. بە داخەوە ئێوە هەندێک قسە دەدەنە پاڵ من، کە نەمگوتوون، هەندێک قسەی دیکەم دەشێوێنن و بۆ مەبەستی خۆتان کە خاوێن نییە، کلک و گوێیان دەکەن. ئایا ئەمە جۆرێک نییە لە تیرۆر؟

من نووسیومە: ینک بە تەرمی نەیارەکانی دەبێژێت: کەلاک، کەچی ئێوە دەڵێن: حەمەسەعید بە تەرم دەڵێت: کەلاک! من نووسیومە: (ئێمە پێمان خۆش بێت، یان نا، ناوی بارزانی لەتەک ناوی گیڤارا)دا دێت، کەچی ئێوە دەڵێن: (حەمەسەعید، بارزانی کە پێوەندیشی بە ئیسرائیلەوە هەبووە، دەباتە ئاستی گیڤارا.) جەمال غیتانی (کە چیرۆکنووسێکی چەپی میسرییە و بن لادن بە تیرۆریست دەزانێت،) دەڵێت: (لە ویژدانی بیروڕای گشتیی عەرەبیدا، ئوسامەش وەک گیڤارا سیمبۆلی بە گژ ئیمپریالیزمی ئەمریکادا چوونەوەیە.) منیش بارزانیم بە گیڤارا نەچوواندووە، وەلێ بەشێکی گرنگی کورد، وای دەبینن.

لە ڕوانگەی ئیرەجی ئازەرین و ڕەزای موقەددەمەوە (کە لەگەڵ مەنسووردا



بە سێقۆڵی ناوکی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری بوون و لەمێژە لەو حیزبە جیا بوونەتەوە،) لە پرۆگرامی حککادا بۆیە نووسراوە: (پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتێک کە لەسەر بناغەی ئیسلام دامەزرابێت، ناگرین،) تا دەست کراوە بن، بۆ پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل بەستندا، ئەگەر نا دەنووسرا: پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتێک ناگرین کە لەسەر بناغەی ئایین دامەزرابێت.

من (ڕەخنە)ی سیاسیم نووسیوە، (جنێو)م بە کەس نەداوە، دیارە ئێوەش وەک (مام)تان، کە سەردەمێکی دوور و درێژ دراوی سەخت و چەکی سووکی پێ دەبەخشین، ڕەخنەتان پێ جنێوە. ئەگەرنا تاقە جنێوێکی نێو نووسینێکی منتان بە نموونە دەهێنایەوە و سەرچاوەکەیتان دەستنیشان دەکرد. کێ دەڵێت ئەوسا پاشگەز نەدەبوومەوە و داوای لێبوردنیشم نەدەکرد؟

کە سەلام عەبدوڵڵا (حەماقەت،) دەداتە پاڵ میم حیکمەت، ڕێبوار ئەوەی بۆ بە جنێو دەقەبڵێنێت، وەلێ خۆی بە مەلا محەمەد شارەزووری دەڵێت: (ئەحمەق) و منیش چونکە گوتوومە تیرۆر و جەنگ دوو ڕووی دراوێکن، بە (ساویلکە)م لە قەڵەم دەدا؛ کەچی ئاستی وتووێژی هێندە بەرزە، دەنووسێت: (دیقیش بکەن وەڵامی جنێوێکیان نادەمەوە.) ئایا سەرکردەیەکی پرۆلیتاری بە شێوازی ئاوا نزم، دیالۆگ دەکات؟ ئایا دەشێت حەماقەت جوێن و ئەحمەق (جەدەلی سیاسی) بێت؟ کەس ناس دەکەن، هونەرەکەی هێندە سووک کردبێت؟

ئەم ڕێبوارە زارپاکژە، (کە ئەویش وەک سەددام دەبێت وێنەی خۆی گا بە ڕەش و سپی، گا بە ڕەنگاوڕەنگی بە لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکراوەی حیزبەوە بێت،)(٥) بە ئیسلام دەڵێت: بێشەرمی، بە هەرچی مەلای دنیا هەیە، کە لە میلیۆن زیاترن، دەبێژێت: (دەلاڵی دەکەن و هەقی دەلاڵییش وەردەگرن.) تەنانەت ئەوە بە خۆی ڕەوا دەبینێت بە پەیامبەری ئیسلام کە ملیارێک ئینسان تۆزی ژێر پێڵاویشی بە پیرۆز دەزانن، کە سالانە زێتر لە

میلیۆنێ ئینسان بە دەوری مەزاریدا دەخولێنەوە، بڵێت (بێ شعوور،)(٦) کەچی ئەوە بە خەڵکی ڕەوا نابینێت، بە مەنسوور کە لە هەموو دەڤەری ژێر دەسەڵاتی (ینک)دا، ٢٢٨ کەس و لە سەرجەمی دنیاشدا ئەوپەڕی هەر هێندەی دیکەی دەستخەڕۆ کردووە، بڵێن: بێ حیکمەت!

ئەگەر دەڵاڵ ئەو کەسە بێت کە ژنی لەشفرۆش بۆ پیاوی لەشکر پەیدا دەکات، ئەوا مەلا ئەو کارە ناکات، ئاخر ژن و پیاو بە ویستی خۆیان بۆ مارەبڕین دەچنە کنی. ڕێبوار بەوەی بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام هانا بۆ درۆ و جنێو دەبات، دۆست بۆ ئیسلام زیاد دەکات، نەک دوژمن. سیاسەتی هەرزەکارانەی چەوتی ‹حککع›یش بەرانبەر ئیسلام، وەک شەڕی ناوخۆ، ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا بینیوە.

من نەک هەرگیز بە خراپ ناوی ڕێبوارم نەهێناوە، بەڵکوو بە نووسین(٧) و لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکاشەوە، (ئەو سەردەمەی کە لەسەر جنێو بە پەیامبەری ئیسلام دان، فەتوای کوشتنی درابوو،) داکۆکیم لێ کردووە، کەچی ئەوەتا بە (ساویلکە) پاداشتم دەداتەوە، لە خۆڕا ناتۆرەی جنێوفرۆشم دەداتە پاڵ و بە مەلاکەی شارەزوورم دەچوێنێت. ڕێبوار دەنووسێت: (لە سەرەتای هەشتاکاندا مەلایەک هەبوو بە تەرازوویەکی شڕەوە..) ئەو مەلا موحەمەد شارەزوورییەی کە تازەکی ئەو باسی دەکات، نووسەری ئەم باسە لە حەفتاکاندا (١٩٧٧) ڕەخنەی لە کتێبێکی کە نێوی (سروشت لە تەرازووی ژیریدا) بوو، گرتووە.(٨)

مێژووی حککع بریتییە لە نووچدان و تێکشکان، کەچی لەبری ئەوەی دوای هەر شکستێک بە خۆیدا بچێتەوە، بە ئاشکرا ڕەخنە لە خۆی بگرێت و هەوڵی گۆڕینی خۆی بدات، پاساو بۆ نسکۆ یەک لە دوای یەکەکانی دەهێنێتەوە. سەرنجی سەددام بدەن، دوای هەموو ئەو تێکشکانانە، هەر خاوەنی هەمان گوتارە، هیچ لە نسکۆکانییەوە فێر نەبووە، هەر هەمان



بالۆرە لێ دەدات.

* ڕێبوار وتارێکی پڕ جنێو دژی ئیسلام دەنووسێت، کە دەبێتە هۆی هەڵاتنی خۆی و داخستنی ئۆرگانی حیزب.

* ئیسلامییەکان دوو کادیری چالاکی حککع لە هەولێر تیرۆر دەکەن، بێ ئەوەی حیزب هیچ پەرچەکردارێکی هەبێت.

* لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی سلێمانیدا حککع شکستێکی ئابڕووبەرانە دەخوات.

* حککع لەبری پاشەکشێی ڕێکوپێک، لە ئەنجامی کەللەڕەقییەکی ساویلکانەوە، لە ٢٠٠١/٧/١٤ پێنج ئەندامی خۆی بە خۆڕایی بە کوشت دەدات.

* دواتر لەژێر گوشاردا هەر وەک چۆن مەلا بەختیار بە گیراوی پاکانەی بۆ ینک کرد، سەرانی حککعیش دەڕووخێن و سەر بۆ مەرجە دژوارەکانی ینک شۆڕ دەکەن.

هەموو جەنەراڵێک دەتوانێت سەربازەکانی بە کوشت بدات، لێ هونەر ئەوەیە بەرەو ڕووی شەڕی خۆپسێنیان نەکاتەوە. کە داوای بەرەنگاربوونەوەی لە جەنگاوەرەکانی کرد، نابێ خۆی هەڵێت، یان هیچ نەبێت، کە بە کوشتی دان، نابێت سەر بۆ بکوژانیان نەوی بکات. بۆرژوا خوازیارن، پرۆلیتاریا بێ ئەوەی خۆی بۆ ئامادە کردبێت، بچێتە شەڕەوە، لێ لاقی پرۆلیتاریا نابێت بەو داوەوە ببێت. دەبێت خۆی شوێن و سەعاتی سفری شەڕ دیاری بکات. ڕێبوار دەبوو دوای ئەو هەڵە و نسکۆ و ملکەچکردنانە، پۆستی ڕێبەرایەتیکردنی حیزبی جێ هێشتبا.

ئێوە هاوینی ٢٠٠٠ کە هەر ملتان بۆ مەرجە سەختەکانی ینک کەچ دەکرد، پێش بە کوشتدانی پێنج هاوڕێکەتان سازشتان کردبا، باشتر نەبوو؟ ئەوە من بووم لە ئەورووپا بکوژی (ئەبوبەکر عەلی)م کە سەر بەئێوە بوو، ڕیسوا کرد. کە بکوژەکەی هاتە سوێد، من ئامادەبووم شایەتی لە دژی

بدەم، ئێوە لە ترسی ئەوەی کەسوکارتان لە کوردستانە، قایل نەبوون، داوای لەسەر تۆمار بکەن. ئێوە لە خوێنی هاوڕێیانتان خۆش دەبن، لێ لە کەسی قبووڵ ناکەن، سووکەڕەخنەیەک لە میم حیکمەت بگرێت.

ئێوە ئەگەر کەسێک ئێسکی مارکس لە گۆڕەکەی دەربهێنێت و بیخاتە بەر سەگ، لێی دەبوورن، لێ هەر کەس ڕەخنەی لە مەنسوور گرت، دەیدەنە بەر ڕێژنەی جنێو. پێتان وایە خەڵکی لە بیری دەچێتەوە، لە سایتی (روزنە)وە بە ڕێژنەی جنێو جەستەی (هادی خورسەندی)ی تەنزنووستان، کرد بە بێژنگ! دەیان خوێندنەوەی نوێ بۆ مارکس کراوە و سەدان ڕەخنە لە تێزەکانی گیراوە، ئایا مەنسوور لەسەروو ڕەخنەوەیە و هیچ لێکدانەوەیەکی قابیلی بەرپەرچدانەوە نییە؟ کە ئێوە بە خۆتانی ڕەوا دەبینن، ڕەخنە لە دەقی قورئان بگرن، ئەدی خەڵکی بۆچی مافی ئەوەیان نەبێت، ڕەخنە لە دەقی ئەو بگرن؟ بۆ ئەوەی هەست بە هەڵەی خۆمان بکەین، دەبێت هەندێک جار گوێ لە کەسانی دەرەوەی گرووپی خۆمان بگرین. نابێت هەر قسە بۆ خەڵکی بکەین، دەبێت گوێشیان بۆ ڕادێرین. دیکتاتۆر تەنیا گوێ لەو شایەرانە دەگرێت، کە بە باڵایدا هەڵدەڵێن.

ئێوە منتان بە شتێکەوە سەرقاڵ کردووە کە بوونی نییە و زادەی خەیاڵی ناساغ، یان درشتسەرنجدانی خۆتانە. ئێوە ئازادن وەختی خۆتان چۆن دەکوژن، لێ مافی ئەوەتان نییە، کاتی خەڵکی بە فیڕۆ بدەن. ئەگەر وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، نووسەری ئەم دێڕانە ساویلکە و جنێوفرۆشە، ئەدی بۆچی وا مەحکەم سەنگەرتان لێ گرتووە؟ کەستان ماوە، قەڵەم بگێڕێت و شتێکی لەسەر من نەنووسیبێت؟ جا قسەی کەسانی ساویلکە و جنێوفرۆش ئەوە دەهێنێت، ئێوەی بلیمەت و زارپاکژ، کاتی زێدە بەنرخی خۆتانی بۆ تەرخان بکەن؟ دەبوو ئێوە بۆ ئەوەی دەمتان هەر پاک بێت، خۆ لە دەم خستنە نێو دەمی زارپیسانەوە بە دوور بگرن.

ئێوە چونکە هیچ شک نابەن تا بترسن، لە کیستان بچێت، چەکی درۆتان کردووەتە شان، چونکە ڕێز لە خوێنەر ناگرن، سەرچاوە دەستنیشان



ناکەن، چونکە سەرقاڵی سیاسەتن نەک خەبات، سڵ لە هانابردنە بەر پۆخڵترین ڕێ، ناکەنەوە. ئێوە هەنووکە دابەزیونەتە ئاستێکی نزم، ئاخر ئەوەتا هەم جنێو دەبەخشنەوە و هەم درۆش دەهۆننەوە. ئێوە سەر بە حیزبێکن کە دەبوو وەک هەر شتێکی دیکەی دێرین و ئەنتیک لە مۆزەخانەدا بێت. من دەسەڵاتم بە دەستەوە با، حیزبی ئێوەم بە هەر نرخێک بووە، دەپاراست. ئاخر زۆر ترسی ئەوەم هەیە، وەک پاندا هێدی هێدی قڕتان تێ بکەوێت.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆماننووس بەرجەستەکردنی ژیانی کارەکتەرەکانێتی لە گۆڕاندا. ئێوە کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، لە پەنجەرەی دیالێکتیکەوە سەرنجی دیاردەکان دەدەن و واقیع لە گۆڕاندا دەبینن، نەدەبوو وشەیەکی زبر، کە دەشێت دەساڵ بەر لە ئێستا، پەڕیبێتە ڕستەیەکمەوە، هێندە زوو زوو وەبیر خەڵکی بهێننەوە. ئەگەر کێشەی ئێوە لەگەڵ جنێوفرۆشانە، دەبوو سەنگەر لە ڕەفیق سابیر بگرن، ئاخر ئەو تەنیا لە دوا لاپەڕەی (ڕابوون)ی ژمارە (٢٤)دا، (٤٧) جنێوی دابوو. یان کەمال میراودەلی بکەنە نیشانە، کە مانگنامەی (هەتاو)ی بۆ جنێوبەخشینەوە تەرخان کردبوو.

بە لای ئەم (کۆمۆنیستانەوە) کە زێتر لە ئەهلی ئەشکەوت دەچن وەک لە ئەهلی قەڵەم، کە توانای نووسینی ناوی سەرچاوەیەکیان بە دروستی نییە، پاژنەی ئاخیلی من پشتکردنە بەڵگە هێنانەوەیە، ئەگەرچی خەسڵەتی هەرە دیاری توێژینەوەکانم، بە ددان پێدانانی دۆست و دوژمن، پشت بە دۆکۆمێنت و سەرچاوە، بەستنە.

زۆر گرنگە ئینسان بوێرێت ئەوانە بڵێت و بنووسێت کە هەستیان پێ دەکات و بیریان لێ دەکاتەوە. من یەکێکم لەوانەی بێ گوێدانە بەرژەوندی و بەربەست، هەست و بیری خۆیان لە وشەدا بەرجەستە دەکەن. نووسین بە لای منەوە ستراتیژە، دەنووسم و گوێ نادەمە دڵی کۆنەپارێزان، ڕادیکالان، ناسیۆنالیستان و خۆ بە کۆمۆنیست زانان. لە پێناوی نووسینی دێڕێکی

جواندا، ئەوی سڵی لێ ناکەمەوە، دوژمن پەیداکردنە؛ خۆ من نیازی ئەوەم نییە، خۆم بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی بکاندیدێنم. من وەک چۆن بۆ دژایەتیکردنی کۆنخوازان پێویستم بە پشتگیریی چەپی ساختە نەبووە، بۆ نابووتکردنی چەپی ساختەش، پێویستم بە چەپڵەی ڕاستڕەوان نابێت. پێش ئەوەی حککع سەری لە هێلکە جووقابێت، من نووسەر بووم و نەک حیزبۆکە، پێویستم بە پشتگیریی هیچ حیزبێکیش نەبووە و نابێت.

حیزبەکانی کوردستان هەر لە ینک و پدک و پەکەکەوە، تا حشع و حسک و کار، هەموویان بە ڕەخنەی من ڕاهاتوون، بەو هیوایەی هێدی هێدی ئێوەش ڕابێن و لە ئاوێنەی بۆچوونەکانمدا وێنەی ڕاستەقینەی خۆتان بە ڕوونی ببینن و ئاسایی و عەقڵانی ڕەخنەکانم وەربگرن. هیوادارم ئەو کاتەی بە وەڵامدانەوەی ئێوەم بەخشی، بە فیڕۆ نەچێت و بە ئەفسوونی کۆمەکی ئەم نووسینە، ددان بە هەڵە، ئاستنزمی، هەژارخەیاڵی، دەست و زارپیسی و پاشکۆیەتی خۆتاندا بنێن. هیچ وەختێک بۆ بەخۆدا چوونەوە درەنگ نییە.

بەوەندە لێتان دەگەڕێم و دەتانبەخشم بە کەسانێکی نێو حککع کە خۆشم دەوێن، بەو هیوایەی لە داهاتوودا بە ئاستێکەوە کە ڕووی نێو کۆمەڵی هەبێت و بە زمانێکەوە کە کەڵکی نووسینی پێوە بێت، بێنەوە نێو گۆڕەپانی وتووێژەوە و دەستبەرداری چەلەحانێ بن، ئاخر وەختی ئەو خەڵکە بەستەزمانە هێندە بێ بایەخ نییە، تا بۆ خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی ئەو قسە بێ کاکڵانەی ئێوەی تەرخان بکەن، بە تایبەتی کە بەو زمانە سەقەتە دەریان دەپەڕێنن.

2001. 11. 19

---

(١) ڕێبوار ئەحمەد، لە جەدەلی سیاسی دا جنێودان نیشانەی ئیفلاسی یە. ماڵپەڕی کوردستان نێت ٢٠٠١/١١/١١

(٢) شەماڵ عەلی، بانێک و دوو هەوا لە هەڵوێست بەرامبەر تیرۆریزمی ئیسلامی،



ماڵپەڕی کوردستان نێت ٢٠٠١/١١/١٠

(٣) ڕستەکانم بۆ ڕێبوار و شەماڵ ڕاست کردوونەوە.

(٤) لەبری مەتاهە: Labyrinth بەکارم هێناوە.

(٥) سەرنجی ژمارەکانی (ئوکتۆبەر) کە یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی حککع و خودی ڕێبوار سەرنووسەریێتی، بدەن.

(٦) ڕێبوار ئەحمەد، ئیسلامییەکان پەیامی کۆیلایەتی و ئیغتیسابی ژنان ڕادەگەیەنن. بۆ پێشەوە، ژ: (٢٢) ٢٧ی سێپتێمبەری ١٩٩٥ سلێمانی.

(٧) حەمەسەعید حەسەن، شیعر و تەور، ل ٦٧ و ل ١٠٢چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٨ ستۆکهۆڵم.

(٨) حەمەسەعید حەسەن، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان، گوتاری سروشت لە تەرازووی ژێریدا، ل٧٨ چاپخانەی عەلا ١٩٧٩ بەغدا. هەمان نووسین ١٩٧٧ لە هەفتەنامەی (بیری نوێ)دا بڵاو کراوەتەوە.

# تۆیچ لە من بووگی بە نووسەر!

کە کۆک بین، تەنیا لایەنە گەشەکانی یەکدی دەبینین،

کە ناکۆک بین، تەنیا لایەنە ڕەشەکانی یەکدی دەبینین.

دزێوترین جنێوم ئاڕاستە بکرێت و قسەم پێ نەبێت، شیاوی گوتن بێت، بێدەنگ دەبم. بیرم لای تۆڵەسەندنەوە نییە، ئەوەم بە لاوە گرنگە شتێکی جوان و نوێ بنووسم، شتێک خوێنەر چێژی لێ وەربگرێت. شێخ ڕەزا کە بەرهەمی بە نەمری ماوەتەوە، لەبەر ئەوە نییە کە لە ڕێی بەخشینەوەی جنێوەوە، سەرقاڵی تۆڵەسەندنەوە بووە، لە سۆنگەی ئەوەوەیە شیعری جوانی نووسیوە. شیعر لای ئەو ئامانج بووە، نەک تۆڵەسەندنەوە. بێرتراند ڕاسڵ دەڵێت: (تۆزێک شتی باش بکەیت، چاکترە لەوەی زۆر شتی خراپ بکەیت.) ئێوە دەتوانن دەیان لاپەڕە جنێوی پیس بە کوردییەکی پۆخڵ بنووسن، لێ توانای نووسینی ڕستەیەکی جوانتان، کە بکەوێتە خانەی ئەدەبەوە، نییە.

گاندی دەڵێت: (بە چەند دڵۆپێک ئاوی پیس، زەریا پیس نابێت.) ئێوە ئەگەر پاک بوونایە، دەمتان پیس نەدەبوو. من چونکە خوێنەرانم پشتگیریم لێ دەکەن، بڵند دەفڕم، ئێوە چونکە تاق و تەنیان، هەر بە خشۆکی دەمێننەوە. بەم ئاخری پیرییەوە بە هۆی جنێو دابەشکردنەوە، نێوبانگ پەیدا ناکەن، بەدناوی مسۆگەر دەکەن. نووسەری چاک ئەوەیە خوێنەری چاکی هەبێت، بە چاوپۆشین لە گوتەی هەندێک داخ لە دڵی بێسەواد. ئەبراهام لینکۆڵن دەبێژێت: (باشتر وایە کڕ بیت و خەڵکی وا زەن بکەن گێلیت، نەک بێیتە قسە و تەمی گومانیان بڕەوێنیتەوە.) زیرەکی سنووری هەیە، ئەوە گەوجێتییە کە مەرز ناناسێت، ئێوە بەو نووسینانەتان، هەموو سنوورێکتان بەزاند. هەر شتێک زادەی خۆشەویستی بێت، جوانە، ئێوە کە



ڕقێکی پۆخڵ دەتانبزوێنێت، شتی جوانتان پێ ناگوترێت.

(باشتر منداڵانی چاخی بەردین، گوێڕایەڵی دایک و باوکیان نەبوون، دەنا ئێستاش هەر لە چاخی بەردیندا دەژیاین.) من بە هۆشیارییەوە بتی ئەو دابونەریت و کولتوورەی ئەنگۆ دەیپەرستن، دەشکێنم و هەرگیز گوێ لە پێشنیار و مۆچیاریتان ناگرم. ئەوی بە منداڵی گەوجێتی نەنواندبێت، بە پیری دەینوێنێت، پێ دەچێت ئێوە تۆڵەی گوێڕایەڵی و ژێربیی سەردەمی منداڵیتان، لە من بکەنەوە. ئێوە ئەگەر ڕابردووپیس و ترسنۆک نین، کە ڕەخنە لە من دەگرن، بۆچی ناوی خۆتان ئاشکرا ناکەن؟ من بە ناوی خۆمەوە ڕەخنە لە ئیسلامی سیاسی، پارتی و یەکێتی دەگرم، کەچی ئێوە ناوێرن بە ناوی ڕاستەقینەی خۆتانەوە، ڕەخنە لە من کە چەکم تەنیا قەڵەمەکەمە، بگرن! من ململانێ لەگەڵ ترسنۆکاندا ناکەم. قەت هەڵۆتان دیوە، سەنگەری لە شەمشەمەکوێرە گرتبێت! بە تۆڕی جاڵجاڵۆکەوە، هاتوون نەهەنگی هەڵوێستی من ڕاو بکەن! هەموو ئەوانەی نزمن، دەتوانن جنێو بەم یان بەو ڕووناکبیر بدەن، لێ تەنیا ئەوانەی بەرزن، دەتوانن ڕەخنە لەم یان لەو ڕووناکبیر بگرن. شێخ ڕەزا گوتەنی، باشتان کرد، هەر چی لە زگتاندا بوو بە جارێک ڕۆتان کرد.

هەندێک لەو ڕەخنانەی لە پارتیم گرتوون، ڕێکخستنەکانی ینک هێندە پێیان سەرسام بوون، سەرلەنوێ بڵاویان کردوونەوە، پێ دەچێت ئێوە لەوان جەلالیتر بن. هەموو پارتییەک شانازیی بە (مەلایی)بوونی خۆیەوە دەکات، هیچ یەکێتییەک شانازیی بە (جەلالی)بوونی خۆیەوە ناکات. ئەم بێ سیمبۆلییە گرێیەکی دەروونی لای زۆربەی یەکێتییەکان دروست کردووە، هەر بۆیە بەردەوام جنێو بە بارزانی دەدەن. بە میلیۆنان کورد هەن، پارتی نین، وەلێ بارزانی بە سیمبۆلی نەتەوەی کورد و بە باوکی گیانی خۆیان دەزانن، کەس ناس دەکەن یەکێتی نەبێت و بە جەلال تاڵەبانی سەرسام بێت؟

بۆق بۆ ئەوەی گەورە بنوێنێت، فوو دەکاتە خۆی، بەڵام دەشێت بتەقێت.

ئێوە کە ڕاوی مێشوولەیەکتان پێ ناکرێت، هەق نییە خۆتان لێ ببێتە شێرکوژ. گەشترین لاپەڕە، لە ژیانی ئێوەدا، کە شیاوی ئەوە بێت شانازیی پێوە بکەن، ڕۆڵی لاوەکیتانە لە دامەزراندنی (ڕادیۆی دەنگی دواوە)دا، ئەم نقـە نقـەی ئێستاتان، درێژە پێدانی ئەو ڕابردووە ڕۆشنەتانە. ئێوە نووسیوتانە: (زۆر زەحمەتە ئەو دارەی خۆمان لە خۆمانمان بڕیبێت، بە ئاسانی و بێ نقە لە خۆمانی دەربهێنینەوە.) من دەپرسم: ئایا کەس هەیە پێستی ڕووی هێندە قایش بێت، بە سەرخۆشیش قسەی وا دزێو بکات؟

من ینک لە نزیکەوە دەناسم، ئەو لایەنە هەمیشە دوژمنێکی زانای لە دۆستێکی نەزان، پێ باشتر بووە. بۆیە با کەس بیری بۆ ئەوە نەڕوات، یەکێتی ئەو ئاستنزمانەی لە من هان دابێت. ینک هێندە (غەشیم) نییە، هانا بۆ هەموو (یاغنیش)ێک ببات. من لەو نووسەرانە نیم، حیزب لە بەرژەوندیی خۆی دەیانخاتە گەڕ، گەلێک حیزب هەوڵی کڕینی قەڵەمەکەمیان داوە، هیچیان لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئێوە هیچ حیزبێک هەوڵی کڕینی قەڵەمتانی نەداوە، ئاخر ئێوە خاوەنی قەڵەم نین، چیتان لێ بکڕن!

جارێکیان بارزانی سەردانی قانع دەکات و دەیەوێت هەزار دیناری بە دیاری بداتێ، هەوڵێکی زۆر دەدات، لێی وەرناگرێت، ئیدی پارەکەی بە نهێنی بۆ جێ دەهێڵێت و دەڕوات. ئەو سەروەختە قانع خاوەنی یەک دینار دەبێت، کە هەزار دینارە دەبینێت، خێرا پیاوێک بە نیو دینار بە کرێ دەگرێت و پارەکە بۆ بارزانی دەنێرێتەوە و بۆی دەنووسێت: (سەرۆکی بەڕێز جەنابی بارزانی، ئەوە چ کارێک بوو لەگەڵ قانعت کرد؟ دینارێکی هەبوو، ئەویشت کرد بە نیو.)(١) ئەوانەی ئەگەر کڕیاریان هەبێت، هەمیشە ئامادەی خۆفرۆشتنن، زەحمەتە، لەم نەفسبڵندییەی شاعیر تێبگەن. لەو کەمالانە وایە، پارە ئامانجی هەموو (کەمال)ێکە.(٢)

هاوینی ١٩٨٣ کە مام جەلالم بینی، ویستی دەمانچەکەی قەدی خۆیم



بداتێ، سوپاسم کرد و لێم وەرنەگرت. هەوڵی دا لە ڕووی داراییەوە یارمەتیم بدات، سوپاسم کرد و نەمویست. گوتی باشە لە شار یارمەتی خێزانەکەت دەدەین، سوپاسم کرد و نەمهێشت. دواتر بە سەری سووڕماوەوە بە (یوسف زۆزانی و ئەرسەلان بایز)ی گوتبوو: نووسەرێک هاتووەتە دەرەوە، نە چەکی دەوێت، نە پارە. ئەو کاتە من خاوەنی پێنج دینار بووم، کەچی ئێستا کە ڕەوشی داراییم بێ خەوشە، کەسانێکی بێویژدان، دەڵێن: حەمەسەعید حەسەن قەڵەمەکەی فرۆشتووە. ئەوانەی پارە ئامانجیان بێت و ئامادەی خۆفرۆشتن بن، وای بۆ دەچن، مەعدەنی هەموو کەس هەر تەنەکەی ژەنگنە. کە حەوجەم بە پارە بوو، خۆم چاوشۆڕی حیزب ناکەم، ژینی ئێوە دەکەم بە ساتیر و های لایف دەژیم.

فرانسیس بیکۆن دەڵێت: (سروشتی خۆپەرستان وایە، بۆ ئەوەی هێلکەوڕۆنێک بۆ خۆیان چێ بکەن، ئاگر لە ماڵێک بەر دەدەن.) ئێوە کە ڕەخنە لە پدک دەگرن، منی بۆ پێوە دەسووتێنن! کە ڕەخنەتان لە من هەیە، ئاگر لە مێژووی بارزانی بۆ بەر دەدەن! هەموو بەدکارێک ترسنۆکە، ئێوە ئەگەر ڕەوتارتان جوان با، دەتانوێرا ناوی ڕاستەقینەی خۆتان ئاشکرا بکەن. ئێوە هی ئەوە نین، دیالۆگ یان ململانێی فیکریتان لەگەڵدا بکەم، ئێوە بۆ شەڕەجرت باشن، لێ لەو بوارەدا دەست و پێ سپیم ئەز. ئەم وەڵامەشم بۆیە بۆ نووسیون، تا ئەو قسە نەستەقەتان بیر بهێنمەوە کە دەڵێت: بۆ مێشوولە وا باشترە، توخنی قوولەی قاف نەکەوێت.

نووسیوتانە: (ئیسلامەکانی تاران کچانیان پێش لە سێدارەدان، دەکرد بە ژن.) ئەو زانیارییەتان لە نووسینێکی منەوە هێناوە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ژێدەرەکەی بکەن! ئاخر لە (کتێبێکی بە خوێن نووسراو)دا، گوتوومە: (دەسەڵاتدارانی ئێران ژنانی نەیار، پێشەکی ئیغتیساب، ئینجا ئیعدام دەکەن.)(٣) ئێوە تۆزێک لە کۆمپیوتەر دەزانن و دەشێت لە کوردستان بکرێن بە تایپیست، (بە مەرجێک هەڵەچنێک لای کەم دوو جار، بە هەر دێڕێکدا کە تایپی دەکەن، بچێتەوە،) ئیدی بۆچی خۆتان لێ بووە بە

موتەرجیم و تەنانەت بە موحەڕیریش!(٤) ئەوە بۆچی کە ئەسپ ناڵ دەکرێت، بۆقیش لاق هەڵدەبڕێت! خەڵکی مافی خۆیانە، سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکان، داوای هەڵوێست لە نووسەران بکەن، لێ کەس ئێوەی بە نووسەر زانیوە، تا داوای هەڵوێستتان لێ بکات!

لە ماڵپەڕی کوردستانپرێسدا ناوبەناو هەواڵێکی دوو سێ دێڕیتان لە عەرەبییەوە، کە سەر و گوێلاکی دەشکێنن، دەکردە کوردییەکی بێفەڕ و لە ژێریدا ناوی سێقۆڵی خۆتان دەنووسی، ڕێ دەکەوت ناوەکەتان لە هەواڵەکە درێژتر دەبوو! ئێوە یەکەم (ڕۆژنامەنووس!) بوون، مۆری خۆتان لە هەواڵی وەرگێڕدراو بدەن، ئەگەرچی هەواڵ بە ئۆرگیناڵیش ناوی کەسی پێوە نییە! بەڵێن بێت، ئەگەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیم نووسییەوە، ئەو داهێنان و ڕچەشکاندنە، بە ناوی ئێوەوە تۆمار بکەم.

مادام دڵتان هێندە فراوانە، لە شێرکۆ بێکەس، گەر چی شیعری بۆ (بارزانی)ش گوتووە، خۆش بوون، دەستم داوێنتان لە منیش ببوورن، سەددام بەو دڕندەییەی خۆیەوە، ناو بە ناو لێبووردنی دەر دەکرد، بریا ئێوەش بە بۆنەی جەژنی لە دایکبوونتانەوە، کە یەکی حەوتە، کەشکی دڵتان دەخووسا و ئەمنستیتان بۆ نووسەران و ڕووناکبیران، ئەو گومڕێیانەیەی جنێو نابەخشنەوە، دەردەکرد.(٥)

ئەوە بۆچی قەت باسی ئەوە ناکەن کە لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٩٦دا هێزەکانی ینک بۆ لێدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە باشماخەوە تا کۆیە، کە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمەترە، پێش پاسداران کەوتن؟ ئایا سالآنی ١٩٦٦ ـ ١٩٧٠ باڵێکی بزووتنەوەی کوردایەتی، کە (ینک)ی لێ کەوتەوە، بۆ کاولکردنی کوردستان، پێش لەشکری عێراق نەدەکەوت؟ یان شەڕ دەفرۆشن و گەرەکتانە بتانکەم بە قارەمانی ساتیر و بەو جۆرە ناوبانگ و نەمریی مسۆگەر بکەن؟

دەبێت فێر بن قسەی لە قەوارەی خۆتان زلتر نەکەن، یەکەمین دەرسی



ژیان کە پێویستە فێری ببن، خۆناسینە؛ تەمەنتان لە خەزانی تێپەڕاندووە و هێشتا خۆتان نەناسیووە. ئێوە کە تا هەنووکە هیچتان نەکردووە بەهیچ، تازە درەنگە. بە داخەوە لە کن ئێوە درۆ نووسین لە پێناوی قازانجی تایبەتیدا، کارێکی ڕەوایە.

گەلێک جار نائومێد دەبم و بە خۆم دەڵێم، واز لە نووسین بهێنە! بۆ هێندە خۆت ماندوو دەکەیت؟ بەڵام کە دەبینم، نووسینم هێندە کاریگەرە، ستوونێکم کەسێک وا هەراسان دەکات، بەشێکی گرنگی ژیانی بۆ دژایەتیکردنی من تەرخان بکات، پاشگەز دەبمەوە و چالاکانەتر دەنووسم. ئەوی بە ڕستەیەکم باڵی لێ پەیدا دەبێت، پێویستە دەست هەڵبڕێت و جاری شکستی خۆی بدات، نەک وەک گایەکی هار شەڕەشۆق لەتەک چیادا بکات. هەندێک جار کە بەزەییم بە قوربانییەکانمدا دێتەوە و ویژدانم ئازارم دەدات، دڵخۆشی خۆم بەوە دەدەمەوە، هەمیشە ئەوان دەستپێشکەرییان کردووە و بە ناڕەوا پەلاماریان داوم.

هەولێر لە ژێر دەستی پارتیدا بێت، یان یەکێتی، داهاتی ئیبراهیم خەلیل وەک برا بەش بکەن، یان ئەمیان بەشی ئەویانی لێ نەدات، من نە لەنگەری خۆم تێک دەدەم، نە سەنگەری خۆم بەر دەدەم. جیهانی من لە جیهانی ینک و پدک بەرینترە. کە دەنووسم ڕاستی ڕەچاو دەکەم، بێ گوێدانە ئەوەی کامیانم زێتر لێ زیز دەبێت. ئێوە گەرەکتانە فیفتی فیفتی، هەر پەنجا گرام ڕەخنەم لە ینک گرت، خێرا هێندەش لە پدک بگرم!

چونکە درۆتان پێ هونەرە، دەنووسن: (بارزانی مەلا ئاوارەی شەهید کرد.) ئاخر مەلا ئاوارە لە گوندی (دیوالآن)ی ناوچەی (ئالان)ی سەردەشت، لە ماڵی (کوێخا ڕەسووڵ)دا، جەندرمە هاتنە سەری، دەستگیریان کرد و دواتر لە سێدارە درا. دوو برای ئەو شەهیدە هەنووکە لە ئەورووپان. مەلا محەمەدی شەڵماشی لە فینلاندە و مستەفا شەڵماشی لە هۆڵاند. بە درێژایی دەسەڵاتی بارزانی، لە ئەیلوولی ١٩٦١ەوە تا نسکۆی

١٩٧٥ پێنج شەش کوردێکی ئێرانی لە قەڵەمڕەوی (پدک)دا (مەلا ئاوارە یەکێک نەبوو لەوانە،) تیرۆر کراون، (لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ١٩٩٨ نزیکەی سەد و حەفتا کوردی ئێران، لە دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی (ینک)دا تیرۆر کراون.)(٦)

من بارزانی لە سەروو ڕەخنەوە نابینم و لە سەروەختی دەسەڵاتیدا شیعرم بە باڵایدا هەڵنەگوتووە، بەڵام پێم وایە بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی، کورد پیاوی لەو گەورەتری تێدا هەڵنەکەوتووە. دەستی هیچ کام لەو سەرکردانەی ئێوە هەنووکە زوڕنایان بۆ لێ دەدەن، ناگاتە داوێنی ئەو. ئێمە پێمان خۆش بێ، یان نا، ناوی بارزانی لەتەک ناوی (لینکۆڵن، گاندی، دیگۆڵ، مارتن لۆتەر کینگ، هۆشی مین، نیلسۆن ماندێللا، گیڤارا و ناسر)دا دێت. ئێوە بنێشتی نەوشیروان مستەفا دەجوونەوە و دەنووسن: بارزانی گوتوویەتی: (ئامادەم ببمە سەرۆکی سوزانییان، بەڵام نابمە سەرۆکی پارتی.) ئەمە زادەی گەورەیی بارزانییە، ئاخر نموونەی باڵای ئێوە، بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆک، تەپکەی خوێناوی دەنێتەوە، سەری یارانی دروێنە دەکات، تاقم دوای خۆی دەخات و حیزب کەرت دەکات، بەڵام ئەو چونکە لە حیزب مەزنترە، دەیکەن بە سەرۆک، نایکات. جارێکیان فەرەنسۆ هەریری گوتی: (مەسعوود بارزانی زۆر لەوە پایەبەرزترە، دابەزێتە ئاستی سەرۆکایەتیکردنی پەرلەمانەوە.) ینک چونکە هەندێک جار دەرەنگ لە ڕاستییەکان تێدەگات، زۆر بە توندی وەڵامی ئەو تێزەی دایەوە. بە پێچەوانەی بارزانییەوە، جەلال تاڵەبانی، خۆی گوتەنی: (ئەگەر سکرتێری ینک نەبێت، پارێزەرێکی ئاساییە و پۆلیسێک دەتوانێت ئۆفیسەکەی پێ دابخات و لە زیندانی توند بکات.) خۆتان بە جنێودان بە بارزانییەوە، ماندوو مەکەن، ئێوە با کۆمیتەی باڵای جنێوفرۆشانیش بن، لێ لەو بوارەدا، سەرتان ناگاتە قولەپێی فازیل بەراک و دەستتان ناگاتە ئەژنۆی نەوشیروان مستەفا. گەلێک کەس پێش ئەنگۆ تا گەروویان نووسا، جنێویان بە بارزانی دا، وەلێ ئاخرییەکەی سەری



کزیان لە کەناری پارتیدا لەنگەری گرتەوە. بڕۆن چاوێک بە بەڵگەنامەکانی دادگاییکردنی قازی محەمەددا بگێڕن، بزانن (پێشەوا) چەند بە بارزانی سەرسام بووە، ئێوە چین کە بە ناوی نهێنییەوە بارزانی دەخەنە ژێر پرسیارەوە؟

ینک عەبایەکی بە شانیدا داوە، زۆر فشوفۆڵە بە بەری، بانگەشە بۆ زۆر شت دەکات و یەکە یەکە لێیان پاشگەز دەبێتەوە. پارتی نە بەرز دەفڕێت، نە دەست دەداتە گاشەبەرد و نە شەیدای ڕستەی شۆڕشگێڕانەیە. لایەنێکە پێ هێندەی بەڕەکەی خۆی ڕادەکیشێت، هێندێک جار کەمتریش. هەر بۆیە ڕەخنەی کەمتر لە ینک لێ دەگیرێت. ئایاری ١٩٨٣ ینک شیوعییەکانی بۆیە بە دیلی دەکوشت، چونکە تەحریفی بوون، ئەو مارکسیستە توندڕۆیانە، هەنووکە گاڵتەیان بە شۆڕشی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیزم دێت و خەریکی جۆشدانی خزمانی یەناخی، کۆکۆیی، شەمێرانی و تاوەگۆزین!

وێڕای ئەمانە، من خەڵکی دەڤەری ژێر کۆنترۆڵی ینکم و ڕەخنە لە ینک گرتن، بواری شارەزاییمە و دەستم پێی ڕاهاتووە. ئێوەش تا شل دەبن، ڕەخنە لە پدک بگرن، خۆ دەستم نەگرتوون. من هەرگیز بە کەسم نەگوتووە: ئەوە بۆچی ڕەخنە لە پدک دەگریت و لە ئاستی تاوانەکانی (ینک)دا بێدەنگیت؟ من هەرگیز بە ڕستەیەکیش داکۆکیم لە پدک نەکردووە. من کەسێکی ئازادم، ئێوەش تازە لەوە پیرترن، لە مانای ئازادی تێبگەن، بێهێزترن لەوەی قەفەزی حیزب بشکێنن، بێ تواناترن لەوەی بە ئاوەزی خۆتان بیر بکەنەوە و بچووکترن لەوەی دەست لە بەرژەوەندیی خۆتان هەڵبگرن. ئێوە کە خوازیارن لایەک بە خولام ڕاتانبگرێت، قەت بڕوا ناکەن کەسێک هەبێت، سەر بۆ هیچ حیزبێک نەوی نەکات.

2001. 09. 24

(١) بارزانی نەمر و قانعی شاعیر، مەهاباد، ژ: ٣ ل١٤ جۆزەردانی ١٣٨٠

(٢) کەم پارە.

(٣) حەمەسەعید حەسەن، شیعر و تەور ل ٨٤ چاپخانەی ئاپێک ١٩٨٨ ستۆکهۆڵم.

(٤) وەرگێڕ و بنووس.

(٥) جارێکیان گۆڤاری سروە، تکای لە حەمەی مام ئەورەحمان کردبوو، (عەفووی عام)ێک بۆ نووسەران دەر بکات.

(٦) ماڵپەڕی حدکا/ دۆکومێنت/ لیستی ناوی تیرۆرکراوەکان.



## پڵنگێک لە پەشمەک

زۆربەی سەرانی کورد دەڵێن: ‹ئێمە شەڕخواز نین، دوژمن ناچاری کردووین پەنا بۆ شەڕ ببەین، ئێمە شەیدای خەباتی شەقامی بەرین و هۆڵی گەشی پەرلەمانین، دوژمن ناچاری خەباتی چەکداریی کردووین.› کەواتە دوژمن بکەرە و ئێمە بەرکار، خەباتی ئێمە کاردانەوەی کاری ئەوە! دوژمن شێواز، وەخت و شوێنی خەباتمان بۆ دیاری دەکات، کە دەبوو بە پێچەوانەوە بێت و بڕیار لە ویستی خۆمانەوە سەرچاوە بگرێت. جاران دوژمن ‹پەکەکە›ی ناچار کردبوو بە خەباتی پارتیزانی کوردستانی بەرین ڕزگار بکات، ئێستا ناچاری کردووە بە شێوازی هێندە نەرم و نیان، تا ڕادەی خۆ بە دەست دوژمنەوە دان، داوای دیموکراتی بۆ تورکیا بکات!

بە پێچەوانەی ئەو سەرکردانەوە، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە خۆی شێوازی خەبات هەڵدەبژێرێت، هەمیشە خۆی بکەرە و نەیارانی نەک هەر شێوازی تێکۆشانی بۆ دەستنیشان ناکەن، بەڵکوو پێشبینی هیچ هەنگاوێکی داهاتووشی ناکەن و هەردەم لە هەڵوێستی هێرشبەردندایە و هەرگیز لێ ناگەڕێت تۆپ لە گۆڕەپانیدا سەرخەو بشکێنێت. نهێنی لەوەدا چییە، ڕۆشنبیرێک دەتوانێت بکەر بێت و ئەو سەرکردانە ناتوانن؟ چونکە ئەم خەریکی خەباتە و ئەوان سەرقاڵی بازرگانین، چونکە ئەم لە دووی ڕاستی وێڵە و ئەوان لە دووی بەرژەوەندیی تایبەتی، چونکە ئەم بۆ خۆی ڕادەکات و ئەوان بۆ ڕاوچی.

ڕۆشنبیری بکەر ئامۆژگاری بازرگانان ناکات، کە ڕووی دەمیشیان تێ دەکات، هەمیشە مەبەستی لاقرتی پێ کردنیانە، کەچی هەندێک لەوانە قوتیلەی ئەقڵیان هێندە کزە، دەیانەوێت ڕێی خەباتی بۆ ڕوشن بکەنەوە! سەدان لاوی کورد بە زەردەخەنەوە پێشوازیی لە مردن دەکەن و ئۆجالانیش

هەر لە بالافڕەکەدا، سەر بۆ دوژمن نەوی دەکات و لە بیری دەچێتەوە کە سەرۆکی نەتەوەیی کوردە و دەبێژێت: دایکم تورکە و ئامادەم لە خزمەتی تورکیادا بم! بەزەییم بە ئیسماعیل بێشکچیدا دێتەوە، کە نەک هەر دایکی، باوکیشی تورکە و لەسەر ئێمە خۆی بەو دەردە برد.

ئۆجالان پێش ئەوەی بە بالای ئەتاتورکیشدا هەڵبڵێت، دەمزانی پیاوێکی خۆڕاگر نییە، لەبەر ئەوە نا کە داهاتوو دەخوێنمەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە، جەللاد کوڕی تەنگانە نییە. ئاخر ئەویش لەناو ڕێکخستنەکەی خۆیدا، جەللادێکی ڕاستەقینە بوو. هەموو ئەوانەی شێری ماڵەوەن، ڕێوی دەرەوەن. بەرامبەر پەکەکە و سەراپای ڕێکخستنەکانی دیکەی کوردستان، سەرۆکی نەتەوەیی، پڵنگی جەنگەڵ بوو، کەچی بەرامبەر داگیرکەر مەڕی پێغەمبەر بوو.

ئۆجالان کە ملی دانەواند و داوای لێبوردنی لە دوژمن کرد و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتکردنی داگیرکەر نیشان دا، بەوانە گەورەترین سووکایەتی بە خۆبەختکردووان و خەباتگێڕانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەی کرد. دەیان کەس بۆ پشتگیری کردن لەو، ئاگریان بەر دایە جەستەیان، کەچی ئەو تکای لە جەللادەکانی دەکرد، ئازاری نەدەن!

نیلسۆن ماندێلا کە دەستگیر کرا، هەر لە سەرەتاوە بە هاوڕێکانی گوت: بەڵێن بێت لەژێر باری دژوارترین گوشاریشدا، نە لاوازی نیشان بدەم و نە دەست لە هیچ داخوازییەکی گەلەکەم هەڵبگرم. ئەو گەورەپیاوە لە زینداندا بەرامبەر دوژمن ڕەق بوو وەکوو بەرد، بەڵام کە دەسەڵاتی گرتە دەست، بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەکردەوە و تا بڵێیت دڵفراوان بوو.

هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە بە درێژایی مێژوو، پێم شک نایە سەرکردەی هێندەی ئۆجالان لاواز، لە ناو هیچ میللەتێکی دیکەدا هەڵکەوتبێت. ئەو بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، چەندی زێدەڕۆیی لە خۆ بەدەستەوەداندا کردووە، ئەوەندەی تریش دەکات، تازە بە جۆرێک بەرەو



هەڵدێر خلۆر بووەتەوە، مەحاڵە خۆی بگرێتەوە.

باسی شۆڕشگێڕە مەزنەکان ناکەم، سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆی سەردەمی پاشایەتیی عێراق، کە پەتی سێدارەیان کردە ملی، بە جەللادەکانی گوت: ئێستاش پاژنەی کەوشەکانم لە تەپڵی سەرتان بڵندترە. بۆتۆ ئەگەر داوای بەخشینی کردبا، زیائولحەق نەیدەکوشت، بەڵام لە نێوان مردن و سەرشۆڕیدا، یەکەمیانی هەڵبژارد. میللەتێک سەرکردەی وەک ئۆجالانی تێدا هەڵبکەوێت، نووسەری وەک کەمال میراودەلیشی تێدا هەڵدەکەوێت، بیانوو بۆ لاوازییەکانی <ئاپۆ>ی ببینێتەوە.

***

لە حوزەیرانی ٦٧دا کە عەرەب تووشی نسکۆ هات، ناسر خۆی بە بەرپرسی یەکەمی ئەو شکانە لە قەڵەم دا و بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی دا. کە لە ئاداری ٧٥دا ئەسپەکەی بارزانی گلا، نکۆڵی لە نسکۆی بزووتنەوەکەی نەکرد و گۆڕەپانەکەی چۆڵ کرد، مەگەر دیکتاتۆرێکی وەک سەددام پێستی ڕووی هێندە زبر بێت، تێکشکانە ئابڕووبەرەکانی بە سەرکەوتنی مەزن بۆ خۆی تۆمار بکات. یان مەگەر دۆنکیخۆتەیەکی وەک ئۆجالان، لاوازییەکانی وەک ڕێبازێکی نوێ، بەسەر ئەم کوردە بەستەزمانەدا ساغ بکاتەوە، دەنا تەنانەت هیتلەریش شەرمی دەفامی، ئەگەر نا گڕی لە جەستەی خۆی بەر نەدەدا.

پڵنگەکانی زەکەریا تامیر نۆ ڕۆژ بەرگری دەکەن، لە ڕۆژی دەیەمدا دەست هەڵدەبڕن. پڵنگەکەی لەمەڕ ئێمە، هەر بە ئاسمانەوە کەوی دەبێت. ئێستا قسە لەسەر ئەوە نییە، کە ئاپۆ پڵنگێکی ماڵییە یان نا؟ سۆڵجەنستین گوتەنی پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن هێندە زوو گەیشتە بنی زەلکاوەکە؟ ئاخۆ چ هێزێکی کاریزمایی لە پشتی ئاپۆوەیە، وا دەتوانێت لە زەلکاویشەوە، درێژە بە فەرمان دەرکردن بدات؟ ئاخۆ کام بەنگ ئەوانەی سڕ کردووە، کە هێشتا ملکەچی فەرمانەکانی ئاپۆن؟

شێخ سەعید ‹کە لە پێناوی قوتارکردنی گیانیدا، لە کوردایەتی پاشگەز بووەوە،› ئەگەر لەسێدارە نەدرابا، دوور نەبوو هەنووکە وەک ڕووخاو ناوی هاتبا. قازی محەمەد ‹کە جاڕی کۆماری کوردستانی دا و دواتر بە پیر لەشکری داگیرکەرەوە چوو،› ئەگەر هەڵنەواسرابا، کێ دەڵێت ئێستا وەک بەزیو ناوی نەدەهات؟ ئۆجالان کە ئازاد بوو، بۆ گوشار خستنە سەر تورکیا، کارتێک بوو بە دەست دەوڵەتانەوە، ئێستا کە دیلە، کلیلێکە تورکیا دەیەوێت بە لە سێدارە نەدانی، دەرگای ماڵی ئەورووپای بە ڕووی خۆیدا پێ بکاتەوە.

ئای لە بەدبەختی ئۆجالان، تا زێتر بژی، قازانجی زێتر بە داگیرکەر دەگەیەنێت. ئەگەر تورکیا لە سێدارەی نەدا، ئەوا هەر کە باسی سەرکردەی لەبەردەم دوژمندا بە چۆکدا هاتوو، بێتە پێشەوە، ئاپۆ باشترین نموونە دەبێت. پێ ناچێت تورکیای ئێستا هێندە گێل بێت، لە داروپەردووی ڕووخاوێک، کۆشکی قارەمانێک ڕۆ بنێت. هەر ئەو ڕووداوەی کە چارەنووسی شێخ سەعیدی وەک تراژیدیا نەخشاند، ئەوەتا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان قارەمانی ڕووداو: ئاپۆیە و تراژیدیایش: گاڵتەجاڕی.

هەڵوێستی ئۆجالان هێندە لاوازە، پارێزەرەکەی ناچار بووە مێژووی کوردی بۆ بگێڕێتەوە. کە ئەمە باڵای ورەی سەرۆکی نەتەوەیی کورد بێت، ئیدی دوژمنانی کورد بۆچی قاقا پێنەکەنن؟ ئیدی کورد بۆچی خورخوڕ نەگری؟

مەزڵووم دۆغان کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پەکەکە بوو، لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ١٩٨٢دا، لە زینداندا گڕی لە جەستەی خۆی بەر دا. پێ دەچێت لای کەم، لەوساوە خۆسووتاندن نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی! پەکەکە بێت. مەگەر تەنیا خۆسووتاندن، کۆتایی بە خۆ بەدەستەوەدانە یەک لە دوای یەکەکانی ئاپۆ بهێنێت، بەڵام ئەوێ کە هەموو هەوڵی بۆ ڕزگارکردنی



خودی خۆی بێت، گەلێ لەوە ناسکترە، بیر لە خۆ ڕووشاندنیش بکاتەوە. شانی هیچ سەرێکی کورد لە بواری سووک سەرنجدانی ژندا، ناگاتە داوێنی ئۆجالان، بریا شانی ئەو سەرکردە دیلە، لە بواری خۆڕاگرتندا، دەگەیشتە داوێنی لەیلا زانا.

2000. 01. 14

# بۆ جەمالی عەلی فائیز

تۆ هاوڕێیەتی هەموو کەسێکت نەدەکرد، بەڵام کە دەتکرد، برایەتییەکت دەکرد، مەگەر لە ئەفسانە و داستاندا هەبێت. من زۆر لەوانەی خۆشم دەویستن، شەهید بوون، زۆریش لەوانەی خۆشم دەوێن هێشتا زیندوون، بەڵام نە هیچ کام لە شەهیدبووەکان و نە هیچ کام لەوانەی هێشتا ماون، وەک تۆ لەسەر شاچڵی دڵم خاوەنی هێلانەی هەمیشەیی نەبوون و نابن.

کەس داوای لێ نەکردووم، شتێکت لەسەر بنووسم، ئەگەر توانیبام هیچت لەسەر نەنووسم، نەمدەنووسی. هیچ تاوانی منی تێدا نەبوو، کە تۆ شەهید بوویت، کەچی هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە تۆ نەماویت و من ماوم، کە دڵی تۆ، بۆ گوللە بووە نیشانە و دڵی من بۆ تیری خەم. کە ئەکرەمی حەپسە شەهید بوو، شیعرێکم بۆ ئەویش نووسی، ئای کە ڕووزەردم، ئێوە شەهید دەبن و منیش دەنووسم. شیعر پیرۆزە وەک دایک، چی هەیە لە دایک پیرۆزتر بێت، بەڵام باڵای پیرۆزترین شیعر، ناگاتە داوێنی شەهیدێک.

زۆر جار هەواڵی مەرگی کەسانی وام بیستووە کە زۆرم خۆش ویستوون و بڕواشم کردووە. هیچ باوەڕ ناکەم بێمەوە سلێمانی و تۆ نەبینم. بێمەوە و گۆڕێکم نیشان بدەن و بڵێن: جەمال لێرەدا ڕاکشاوە. بێمەوە و چاوەڕێم نەبیت! بڕوا ناکەم. تۆ دەمریت و من دەژیم. ئای کە شەرمەزارم.

لە کوردستانیش ڕۆژانە هەواڵی ناخۆشم دەبیست، لەوێ چونکە لە ئامێزی گەلەکەمدا بووم، درەختێک بووم، ڕەگەکانی بە خاکی وڵاتەکەمدا ڕۆ چووبوو، هەوای خاوێنی کوردستانم هەڵدەمژی، هەواڵە ناخۆشەکان دەیانهەژاندم، فرمێسکیان پێ هەڵدەوەراندم، وەلێ وا بە سەختی کاریان لێ نەدەکردم، وا بە خوڕ نەیاندەگریاندم، وا لە بناغەوە نەیاندەڕووخاندم،



جەمال لەوێش بوومایە، هەواڵی کۆچی ناوەختی تۆ لە گرێژەنەوە دەری دەهێنام، لە ڕەگوڕیشەوە هەڵی دەکێشام، وەلێ ورەی پێ بەر نەدەدام، وەلێ گوندی هیوای خاپوور نەدەکردم، وەک لێرە کردی.

دووریم لە کوردستان ئازارێکە شەوانە ناخم دەخوات. من لە ترسی مردن نەبوو، هەڵاتم. لەوێ گەلێک جار بە پیری مەرگەوە چووم و چاوەڕێی مردن بووم، لە ترسی سووکایەتی پێ کردن هەڵاتم. بەرگەی هەموو شتێکم دەگرت، لەگەڵ هەموو دژوارییەکدا ڕادەهاتم، سووکایەتی پێ کردن نەبێت. نەمدەتوانی لە سایەی هەلومەرجێکدا بژیم، ڕۆژانە هەست بە مرۆڤایەتیی پێشێلکراوی خۆم بکەم. دەمتوانی ملی خۆم لە پەتدا ببینم، دەمتوانی ڕەوتی گوللە بەرەو ڕووی خۆم ببینم، نەمدەتوانی مرۆڤایەتیی خۆم لەژێر پۆستاڵدا ببینم. ئەوانەی لە سایەی بەعسدا دەژیان، بە پلەی یەکەم هەستکردن بە پێشێلکردنی مرۆڤایەتییان ڕایپەڕاندن و تەقاندنییەوە.

بەعس، چۆن باسی بەعس بکەم؟ بڵێم فاشیست؟ نازیست؟ جەللاد؟ دڕندە؟ ملهوڕ؟ ئەو کاڵایانە کورتن بە باڵای قووچی بەعسی. بەعسی! تەنیا ئەوانە بەعسی دەناسن کە لە زیندانی بەعسدا ژیاون. ئای لەو ڕژێمەی ئەو خەڵکە لە سایەیدا دەژین! یان ڕاستتر لە سایەیدا دەمرن. ڕژێمێکە کەس نەیتوانیوە پێناسەی بکات.

من نازانم کێ تۆی کوشت، بەڵام دڵنیام ئەوی تۆی کوشت، نەیدەناسیت، ئەگەر تۆی ناسیبا، دەستی تێت نەدەچوو. یان ئەوەتا ئەوی تۆی کوشت، ئینسان نەبوو، ئاخر تۆ هی ئەوە نەبووی، ئینسان دڵی بێت، ئازاریشت بدات، چ جای بتکوژێت. من نازانم کێ تۆی کوشت، بەڵام بێ گومانم بکوژی تۆ، سەر بە هەر نەتەوە و چین و بیرێک بووبێت، پێش هەموو شتێک بەعسی بووە.

من لێرە ناکوژرێم، یان هیچ نەبێت بەو ئاسانییەی هاوڕێکانم لە کوردستان دەکوژرێن، ناکوژرێم. مرۆڤ لە سایەی بەعسی و

بەعسیرەوتارەکاندا چۆلەکەیەکی باڵکراوە، کەی ویستیان، ملی هەڵدەکێشن. جەمال هەست بە شەرمەزاری دەکەم، ملی تۆیان پێش ملی من هەڵکێشا. چیم دەسەڵات بوو؟ نەمدەتوانی نێچیرەوان بم، نێچیرێک بووم، توانیم لە دەستی ڕاوچییەک هەڵبێم، کە چاوم لە لوولەی چەکەکەی بوو، ئاڕاستەی دڵمی کردبوو، هەستم دەکرد بە پاژنەی چەکمەکانی سەوزەگیای هەست و بیرم دەشێلێت، نێچیرێک بووم، لەبەر دەستی ڕاوچییەکی دڵڕەقەوە بۆ بەردەستی ڕاوچییەکی دڵنەرم هەڵاتم. جیهان جەنگەڵێکە، خەڵکی نێچیرگەلێکن، دەسەڵاتدارانیش کۆمەڵێک نێچیرەوان، جیاوازی نێوانیان تەنیا لە جۆری تفەنگەکانی شانیاندایە، جیاوازی نێوانمان تەنیا لە جۆری مردنەکەماندایە.

کەمتر لە نیو سەدە ژیایت، وەلێ زێتر لە نیوەی ژیانت، ڕۆژانە چاوەڕێی دەستی مردن بوویت، لە دەرگای ژیانت بدات. تۆش قوربانییەکی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو بوویت کە بە زمانی زەبروزەنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکردیت. زۆر جار مرۆڤ لەبەردەم دووڕیانێکدا ڕادەگیرێت، یان دەبێت ڕۆژانە چاوەڕێی مەرگ بکات، یان دەبێت ڕۆژانە مەرگ ببەخشێتەوە. تۆ لەمێژبوو چاوەڕێی میوانی ئێسکگرانی مردن بوویت، تۆ لە شارێکدا دەژیایت، تۆپبارانی لەسەر بوو، لەو شارەدا درەختێک بوویت، ڕەگت لە زەوی گیر کردبوو. نەدەتتوانی باڵات وەشێریت، نەدەتتوانی ڕەگەکانت هەڵبکێشیت و بیاندەیت بە کۆڵتدا و هەڵبێیت. کە ناچار بووم، کوردستان جێ بهێڵم، پێم گوتیت:

* کەس هێندەی تۆ مەترسی لەسەر نییە، با ڕێگەی نامۆییەکی دیکە بگرینە بەر.

** بە پێنج کچەوە بۆ کوێ بێم؟

ئێمە هەر لە لایەنێکەوە قوربانی نین، تەنیا هەر چەقۆیەک هەڕەشەمان لێ ناکات، تەنیا ڕێگەیەکمان لێ نەگیراوە، هەموو دەرگاکانیان بە ڕوودا



داخستووین. کە شەهید بوویت، شەش منداڵت هەبوو، لە یەکەم منداڵەوە بە هیوای کوڕ بوویت، لەو بوارەشدا بەخت یارت نەبوو، جەمال ئەمجارە کوڕتان بوو. ئەوە دەنگی مژدەیەک بوو، لەمێژبوو چاوەڕێ بوویت، بەر گوێت بکەوێت، بەڵام ئەفسووس پێش ئەوەی کوڕەکەت بێشکە جێ بهێڵێت، خۆت لە دارتەرمدا ڕاکشایت.

کە ڕێ دەکەوت، تۆ، من و چەند هاوڕێیەکی دیکە، لە جێیەک یەکمان دەگرت، لەناکاو پارچەکاغەزێکی قەدکراوت دەردەهێنا و هێدی هێدی دەتکردەوە و دەتخوێندەوە، زۆر لەو کاغەزە قەدکراوانە، شیعری منیان تێدا بوو، دەزانی هێشتا کەسم نەناسیوە، هێندەی تۆ عاشقی بەرهەمی ئەم قەڵەمە سەرەڕۆیەی من بوویێت؟ شیعرێکی نوێم نووسیوە، بەم زووانە ڕووناکی دەبینێت، بەڵام داخی گرانم، تۆی میوانی تاریکستانی گۆڕ، نایبینیت، نایخوێنیتەوە، لە ڕۆژنامەکەی ناکەیتەوە و گیرفانی سەرەوەی لای چەپتی بۆ ناکەیتە هێلانە. بمتوانیبا بژیم و نەنووسم، لەگەڵ بیستنی هەواڵی کۆچی سووری تۆدا، دەستم لە نووسین هەڵدەگرت.

تۆ لە ڕووی تیۆرییەوە لە ئێمەت کەمتر دەزانی، کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەت لە ئێمە کەمتر خوێندبووەوە، هێندەی ئێمە شارەزای مێژووی خەبات و قوربانیدانی چەوساوەکان نەبوویت، <سەرمایەت> نەخوێندبووەوە، وەک ئێمە گوتەکانی <مارکس>ت لەبەر نەبوو، کە ئێمە دەمانکرد بە مشتومڕێکی درێژخایەن، تۆ تەنیا گوێت دەگرت، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا و بە ڕەوتار، لە هەموومان کۆمۆنیستتر بوویت. کۆمۆنیست کەسێکە موڵکی بۆ خۆی نەوێت، خۆشیی خۆی بکاتە قوربانی خۆشیی کەسانی دیکە. تۆ لە هەموومان کۆمۆنیستتر بوویت، ئاخر لە هەموومان خۆبەختکەرتر و قوربانیدەرتر بوویت.

هاوڕێ، پیرۆزییەکی تایبەتیی هەیە، ئەو پیرۆزییە دەگمەنە، لە برا، برادەر، هەڤاڵ، هاوبیر و هاوخوێندا بەدی ناکەم. کە وشەی هاوڕێ دەبینم،

دەبیستم، یان دەنووسم، هەست دەکەم ئەو وشەیە تەنیا لە کەسانی وەک تۆدا بەرجەستە بووە، تۆ پڕ بە هەموو مانای وشەکە، هێندەی قووڵی و پیرۆزی وشەکە، هاوڕێ بوویت. بەوەدا کە پێش کۆچی دوایی تۆ، نەمزانیبوو، ئازاری لەدەستدانی هاوڕێییەک، هێندە سەختە، بەوەدا دەڵێم تا ئێستا هاوڕێیی لە تۆ خۆشەویستترم لە دەست نەداوە.

کۆتایی سێپتێمبەری ١٩٩١



## بۆ هونەرمەندێکی یاخی

〈سەبارەت بە گیان پرسیارت لێ دەکەن، بڵێ: ئەوەیان کاری خودایە.〉 ڕۆشنبیر بەم وەڵامە قایل نابێت و دەپرسێت و گومان دەکات. ڕۆشنبیر کەسێکە بوێر و چاونەترس، ڕەخنەی رووخێنەر لە دەسەڵات بە هەر شێوەیەک خۆی بنوێنێت، دەگرێت. یاسا و بیری سەردەم بەسەرچوو ناپەرستێت، هەوڵی جوانکردنەوەیان نادات، تێکیان دەشکێنێت.

ئەوانەی گۆرانی بۆ تەور دەڵێن، با بە رووکەش لە ڕۆشنبیریش بچن، بەڵام لە ناخەوە پۆلیسن، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگوێ خراوە و غەزەبی لێ گیراوە، چونکە فەرمان لە کەسەوە وەرناگرێت، دەرۆزە لە دیکتاتۆر ناکات، دەست ناخاتە ناو دەستی جەللادەوە، گوڵ لە بەرۆکی سوڵتان نادات، بەرژەوەندیی خۆی لەبەر چاو ناگرێت، هەمیشە سەنگەری بەرانبەری لە خاوەن دەسەڵات گرتووە، دژی نەریت و کولتووری باوە، هەمیشە ڕاستی دەبێژێت و دەزانێت هەر لە ڕاستیگوتن کەوت، گەڵای ژیانی دەوەرێت.

یوسف سائیغ تا تەمەنی لە نیو سەدەش تێدەپەڕێت هەر 〈کۆمۆنیستە،〉 لەناکاو دەبێت بە بەعسی. هەیە دوای چارەکە سەدەیەک عێراقچییەتی، چادری کوردستانیبوون هەڵدەدات. هەیە بە نووسین: هەڵگری بیری نەتەوەییە، بە کردەوە هەڵگری جانتای مەزنترین ناپاکە. ئایا ئەوانە ڕووناکبیرن؟ یان کە قیژە و هاواریان دنیا پڕ دەکات، تەنیا لەبەر ئەوەیە سەرکردەیەکی وڵاتفرۆش گوێی لە دەنگیان بێت و ئیشێکیان پێ بسپێرێت؟ ڕەهبەر جەلال لەوانە نەبوو، ئەو خەوی بە کوردستانێکی ئازادەوە دەبینی.

هەیە بە نووسین لەمێژە مۆدێرنیستەکانی جێ هێشتووە، کەچی دەست لە

سەرەکتێرەیەک پان دەکاتەوە، یان سەرزارەکی دژی تاڵانکردنی سامانی کوردستانە، کەچی بەو سامانە دزراوە گیرفانی گەرم دەبێتەوە. یان بە ئاشکرا خوڕخوڕ فرمێسک بۆ هەڵەبجە دەڕێژێت و هێندە بە گەرمی دەگری بە کەس ژێر ناکرێتەوە، کەچی بە نهێنی دەست لەگەڵ ئەوانەدا تێکەڵ دەکات کە لە ژێر تەمی تەڵخی گازی ژەهراویدا هەڵەبجەیان تاڵان کرد.

پەپوولەی شەیدا لە دەوری گڕ دەگەڕێت، گەردوونی شەیدا ‹برایانی سەفا گوتەنی› لە دەوری خودا دەگەڕێت، ڕەهبەریش پەپوولەیەک بوو شەیدا، مۆمی وی کوردستان بوو، بە ئەوینێکی خوداییەوە لە دەوری دەگەڕا. ئەو هونەرمەندێک بوو یەکڕوو، قسەی ناخی دڵی و سەر زاری یەک بوو. کوردستانی دەپەرست، هەمیشە لە پەرستگای ئەوینی نیشتماندا، خەریکی نوێژی خۆشەویستی بوو. لە تاریکستانی کوردستاندا ڕەهبەر گەشبین بوو، هەمیشە لە هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی دواڕۆژی کورددا بوو، لە ڕێی بەدیهێنانی تروسکەیەکی ئەو هیوایەدا، ژیانی مۆمێک بوو هێدی هێدی دەتوایەوە. لوتکەی ئاواتی ئەوە بوو، پێش مەرگی تۆزقاڵێک لە چارەنووسی گەلەکەی دڵنیا بێت.

ڕەهبەر گەرچی لە چل ساڵ زێتر ژیا، کەچی هەتا مرد هەر منداڵ بوو. بڕوام بەو هونەرمەندە نییە هەتا دەمرێت بە منداڵی نەمێنێتەوە، با سەد ساڵیش بژی. ڕەهبەر ترسی نەدەناسی، لەگەڵ ڕاستگۆییدا دۆست بوو، چی بە ڕاست زانیبا ئەوەی دەگوت، بە چاوپۆشین لە بەرژەوەندیی خۆی، بێ گوێدانە دڵی فلان سەرکردە یان فیسار حیزب. ڕەهبەر سپی بوو وەک بەفر، پاک بوو چەشنی تریفە، ڕوون بوو مینا کانیاوی چنارۆک. ئەو هەوێنی خاوێنی بوو.

کە دەهاتە گۆ، کە دەینووسی نەی دەویست پشتی کەس لە زەوی بدات، نیازی بە درۆخستنەوەی کەسی نەبوو، تەنیا خوازیاری ئەوە بوو، ئەو ڕاستییانە بڵێت کە دەیانزانێت. ڕقی لەوانە نەبوو کە دژیان دەوەستایەوە، مەرج نەبوو ئەوانەشی خۆش بوێت کە لایەنیان دەگرێت، ڕەهبەر قینی لە درۆ بوو، ڕاستی خۆش دەویست.

ڕەهبەر چی دەویست ئەوەی دەگوت، ئەوەی دەنووسی و وێنە دەکێشا، ئەو خەڵکەشی سەرپشک کردبوو، جنێو یان گوڵ بارانی دەکەن. ڕاستییەکان لە گیانەڵڵادا بوون، ئەو هەوڵی بە زیندوویی ڕاگرتنی دەدان، نەدەچوو درۆ بکات بۆ ئەوەی پێی بژی، ڕاستی دەگوت و دەیزانی دەشێت لەسەری بکوژرێت. دەیزانی وەک چۆن ئیسلام دەستی دز دەبڕێت، دەسەڵاتداری هاوچەرخیش لەسەر بیروڕای سەرکێش، سڵ لە بڕینی زمانی ڕووناکبیر ناکاتەوە. چونکە ڕۆحی ڕەهبەر هێلانەی مەلی بوێری بوو، تا هەرەسی وشکەکەڵەکی ژیانی، زمان، قەڵەم و فڵچەی، هەر ئاسمانی فڕینی کۆتری ڕاستگۆیی بوون.

بەرهەمەکانی لە سەرچاوەی دڵییەوە هەڵدەقوڵان، بۆیە خودی ڕەهبەر لە هەناویاندا بە زیندوویی دیار بوو. کەم نین ئەوانەی پێیان وایە، بەرهەمی هونەری شتێکە و ژیانی داهێنەرەکەی شتێکی دیکە، گرنگ بەرهەمە، بە چاوپۆشین لە هەڵسوکەوتی هونەرمەند، گرنگ بەرهەمی چاکە با خاوەنەکەشی خراپ بێت. بە لای ڕەهبەرەوە کەسایەتیی هونەرمەند و هونەرەکەی وەکوو چاو و بینین وابوون. وای بۆ دەچوو لە ئینجانەی دەروونێکی ڕەشدا، گوڵێکی گەش سەر هەڵنادات، بڕوای بە تەبایی نێوان گوتار و ڕەوتار هەبوو.

هونەرمەند دەبێت هەتا دەمرێت هەر یاخی بێت. ڕەهبەر بە هیچ دەسەڵاتێک کەوی نەکرا، لە ژێر دەواری تەنگەبەری ئەو لایەنانەدا کە هەر بە مەقاشی لە دایک ببوون، هەڵی نەدەکرد و ئاسمانی هەموو کوردستان جێگەی فڕینی بوو. هەتا ژیا هەر خۆڕسک بوو، وەک هاژەی ڕووبار، هەر یاخی بوو مینا شەپۆلی زەریا. ڕەهبەر ڕقی لە چوارچێوە و لە سنوور بوو، بە تایبەتی لە دوو سنوور، سنووری زۆردارکردی نێوان بەشەکانی کوردستان

و سنوور بۆ خۆشەویستی دانان. ئەو کوردستانی خۆش دەویست، خۆشەویستییەکی بێ سنوور، شەیدای گوتنی ڕاستی بوو، ڕاستگۆییەکی بێ سنوور. ڕەهبەریش نامۆ بوو، بەڵام نامۆیی وای لێ نەکردبوو پشت بکاتە ئەم ژیانە دژوارە و لێی هەڵێت، بەڵکوو بە کێوێک ورەوە بەرەو ڕووی کارەسات دەبووەوە و بە مۆمێکەوە بە گژ شەوەزەنگی جیهاندا دەچووەوە.

1998. 03. 14



## زمانحاڵی غەریبان

من بە ئەوین دەژیم، ئاخر شاعیر بێ ئەوین ناژی، ئەوە ئەوینی ئاوازی وشەی جوان و ئازادە، لێ ناگەڕێت، دڵم لە لێدان بسرەوێت. لەم غەریبییە، شتێک ئۆخژنێکم پێ ببەخشێت، سەمای وشەیە، وشە لە سەروەختی گۆرانیدا، سەرقاڵی جوانترین سەمایە. سوپاس بۆ ئەو گۆرانبێژانەی چریکەی وان نەبووایە، بەرگەی غەریبیم نەدەگرت.

خالید ڕەشید ساڵی ١٩٧٥ کە خوێندکاری ناوەندی دەبێت، بۆ یەکەمین جار لە فێستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانیدا، بۆ چڕینی گۆرانی دەچێتە سەر شانۆی قوتابخانەی خالدییە. ساڵی ١٩٧٧ لە تەلەڤیزیۆنی کەرکووکەوە یەکەمین پارچە موزیک پێشکەش دەکات و ئیدی وەک ژەنیار لە ڕێی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانییەوە، بەرەو دنیای هونەر بە ڕێ دەکەوێت و ئەوە چارەکە سەدەیەک زێترە، ژیانی بۆ موزیک و گۆرانی تەرخان کردووە.

خالید ڕەشید بە لێهاتوویەوە ئامێرەکانی پیانۆ، عوود، دەف، قانوون، کلارنێت، شمشاڵ، فلووت و باڵەبان دەژەنێت، ئاوازدانەرێکی داهێنەرە و کارەکانی لە ئاستێکی هونەری هێندە بەرزدان، لە لایەن تیپی نۆڤی ئۆپێرای مۆسکۆوە ژەندراون. بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی مامەڵە لەگەڵ باڵەباندا دەکات و وزەی نوێیی لەو ئامێرە دێرینەدا بینیوەتەوە.

خالید ڕەشید ١٩٩٣ لە سلێمانی، تیپی فۆلکلۆریی کوردستان دادەمەزرێنێت و چەند ساڵێک لە ڕێی ئەو کەناڵەوە خەریکی چالاکی نواندن دەبێت و چەپکێک گۆرانی بۆ هونەرمەندان بەهجەت یەحیا، دانا غەنی، دارا محەمەد عوسمان و عومەر خەزان ئامادە دەکات. لە سوێدیش

دەستی کۆمەک و هاوکاری بۆ هونەرمەندان: ناسر ڕەزازی، نەجمەی غولامی، میکایل، کاوە حەمەساڵح و ئەحمەد بەرزنجی درێژ دەکات.

١٩٩٥ لە ڕێی مەد تیڤی و بە هۆی گۆرانیی ‹ئەمان›ەوە، خالید ڕەشید بۆ یەکەمین جار خۆی وەک گۆرانیبێژ دەناسێنێت. ئەو بێجگە لەو گۆرانییە نوێیانەی خۆی ئاوازی بۆ داناون و دەیانچڕێت، گۆرانیی فۆلکلۆریشی دوای نۆژەنکردنەوە و دەستتێوەردانێکی مامۆستایانە، بە تێکستی تازەوە، گوتووەتەوە، لەوانە: هەرمێ، های لە دوور و هەناری گوڵ هەناری. لە بواری گۆرانیی زازایی و کرمانجیشدا کاری هێژای کردووە.

١٩٩٧ بە کۆششی قادر دیلان و خالید ڕەشید تیپی ئۆرکسترای نەتەوەیی دادەمەزرێت. ١٩٩٨ ‹دەزگای کولتوور›ی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی سوێد، لەسەر هەردوو سیدیی غوربەت و خەڵوەت ستیپێندیۆمێکی ١٤٠ هەزار کرۆنی بە خالید ڕەشید دەبەخشێت.(١)
بەرهەمەکانی بریتین لەم سی دی و کاسێتانە:

(١) غوربەت ١٩٩٦ گۆرانی و موزیک. کۆمپانیای ‹بودا›ی فەرەنسایی ١٩٩٧ بۆ جاری دووەم بڵاوی کردووەتەوە.

(٢) گۆرانی و موزیک ١٩٩٦ ئەکادیمیای کوردی/ ئەڵمانیا.

(٣) خەڵوەت ١٩٩٨ گۆرانی و موزیک

(٤) باڵەبان ١٩٩٧

(٥) تاراوگە، موزیکی کلاسیک بە بەشداری تیپی ‹نۆڤی ئۆپێرای مۆسکۆ› و ئامادەکردن و دابەشکردنی ڤیکتۆر ڕافایللۆ.

(٦) ئەشقنامە، گۆرانی.(٢)

خالید ڕەشید گۆرانی بۆ کورد، بۆ کوردستان و بۆ خۆشەویستی دەڵێت. بە ئاسمانی ئیشە ڕەسەنەکانییەوە، ئەستێرەی سۆزێکی سۆفییانە گەش



گەش دەدرەوشێتەوە. ئەو ڕاستگۆیییەی لە کارەکانی دەچۆڕێت، تیشکێکە بەربەست ناناسێت و ژووری ڕۆحمان ڕووناک دەکاتەوە. ئیشەکانی زادەی ڕەسەنایەتییەکن کە گوێت لە دەنگی دەبێت، مەلی خەیاڵ بۆ پەرستگایەکی زەردەشتیت دەباتەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە خودا خۆی لە بوونەوەرە جوانەکاندا دەنوێنێت و ئینسان دەتوانێت لە ئاوێنەی هەموو بوونەوەرێکی جواندا، ئیدی کانییەکی نیشتمان بێت، یان ژنێکی جوان، خودا ببینێت، دەکرێت زۆر لە گۆرانییەکانی لە خانەی هونەری سۆفیدا پۆلێن بکرێن.

ئەوی تاڵاوی غەریبی نۆشیبێت، تامەزرۆیانە گوێی بۆ ڕادەدێرێت، ئاخر زەحمەتە هیچ هونەرمەندێکی کورد هێندی وی ڕاستگۆیانە گیانی بە بەر غەریبیدا کردبێت. لە دەنگیدا سۆزێک بۆ دووری لە نیشتمان هەیە، مەگەر لە دەنگی باوکێکی جگەرگۆشە ئەنفالکراودا هەستی پێ بکرێت.

کوێتزێ دەڵێت: ئەدەب گەمەیە، نووسەری زیرەک گەمەکە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، نووسەری بلیمەت گۆڕانکاری لە ڕێساکانی گەمەکەدا دەکات. ئەم بۆچوونە بۆ هونەریش دەست دەدات، خالید ڕەشید توانیویەتی بڕێک لە ڕێساکانی گۆرانی و موزیک بگۆڕێت، بە تایبەتی کە هاتووە گۆرانیی نیشتمانیی بە شێوازێکی نوێ گوتووە و کارێکی کردووە، باڵەبانی لێو بە خەندە، خەمی لێ بچۆڕێت.

وەک چۆن ئاو خوڕسک لە سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت، کە گوێ لەم هونەرمەندەش دەگریت، وا هەست دەکەیت لە گەروویەوە نا، لە ناخی دەروونییەوە، کە هەواری ڕاستگۆییە، ئەوینێکی ڕاستەقینە و هەستێکی ناسک و سۆزێکی گەرم هەڵدەقوڵێت.

ئەوی ئەو دەیچڕێت، نە گۆرانییەکی میللییە، نە کلاسیکە، نە مۆدێرن، گۆرانییەکە هاوزەمان هەموو ڕەگەزە جوانەکانی ئەو سێ شێوازەی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە. ئەو لە قەفەزی شێوازێکی تایبەتیدا گیری نەخواردووە، بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە و لەگەڵ هەموو گۆرانییەکی نوێیدا، بەرەو

ڕووی شێوازێکی تازەمان دەکاتەوە، ئاخر ئەو تەنیا گەمەکەی کۆنترۆڵ نەکردووە، بەڵکوو هەمیشە لە هەوڵی گۆڕینی ڕێساکانیشیدایە. ‹بووکی ئێوارە›کەی یەکێکە لەو گۆرانییانەی کە پێشبینی ئەوە دەکەم لە قەفەزی زەمان دەرباز ببێت و بە نەمری بمێنێتەوە.

تاقە لایەنێک کە بەردەوام لە لای دووبارە دەبێتەوە، ئەوەیە، گوێگر گۆرانییەکانی دەناسێتەوە کە کوردین و خۆی لە ناویاندا دەبینێتەوە. ئەو ڕاستگۆترین زمانحاڵی ئاشقان و غەریبانە و کارەکانی جوانترین سیمای هونەری کوردین لە تاراوگە.

خالید ڕەشید یەکێکە لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی لە بواری خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلە بندەستەکەیدا، شمشێری موزیک و گۆرانیی بە ڕووی داگیرکاراندا هەڵکێشاوە. داگیرکاران ئەگەر وەک داگیرکارانی کوردستان هاوزەرمان ڕاسیستیش بن، لە هەوڵی ئەوەدان، نەک هەر کولتووری نەتەوەی بندەست تێک بشکێنن، بەڵکوو تەنانەت کار بۆ ئەوەش دەکەن، پێوەندییەکانی نێوان ئەندامانی یەک بە یەکی خێزانەکانی گەلی ژێر دەست بشێوێنن و هەر چی شتی هاوبەشی نێوانیان هەیە، کاڵ و کاڵتریان بکەنەوە و ئەو داوە ڕۆحییانە بپسێنن کە بە یەکتریانەوە دەبەستێتەوە. هونەری خالید ڕەشید چونکە لە سەرچاوەیەکی ڕوونی کوردییەوە ئاو دەخواتەوە و کۆششێکی سەرکەوتووە بۆ بەرز و زیندوو ڕاگرتنی لایەنە گەشەکانی کولتووری کوردەواری، بەربەستێکە لەبەردەم ئەو هەوڵە چەپەڵانەی داگیرکارانی کوردستاندا.

لەوساوە ئەو شیعرە ناسکەت بۆ گوتووم،

هەست دەکەم جوانتر بووم.

مرۆڤ لە چارەی نووسراوە، دەبێت لە هەموو هەلومەرجێکدا، خەریکی خەبات بێت. هونەری باڵا هەرگیز بێلایەن نییە، هەمیشە لایەنی شتە



گەشەکان دەگرێت، لە هەوڵی سڕینەوەی لایەنە دزێوەکاندایە و لە پێناوی جوانترکردنی ژیاندا، سەرقاڵی خەباتە. خالید ڕەشید لەمێژە دەرکی بەم ڕاستییە کردووە و بۆ گەیاندنی پەیامی پیرۆزی هونەر، ڕێبوارێکە دڵسۆز و شارەزا.

2003. 10. 05

---

(١) ستیپێندیۆم: کۆمەکێکە بە هونەرمەندان و نووسەرانی داهێنەر دەبەخشرێت.

(٢) تاراوگە و ئەشقنامە کە بەم زووانە بڵاو دەبنەوە، نووسەری ئەم دێڕانە گوێی لێ گرتوون.

# سوعاد حوسنی

زۆر لە دۆستانم وای بۆ دەچن، من گەلێک جار خۆم بە نووسینی بابەتی بێبایەخەوە خەریک دەکەم؛ بابەتی وا کە ئەوە ناهێنێت کەسێکی وەک من وەختی خۆی بۆ تەرخان بکات. ئێستا ئەو دۆستانەم کە ناونیشانی ئەم نووسینەم دەبینن، دڵنیام هەمدیسان هەمان گلەییم لێ دەکەن. بۆ ئەوەی لە کورتی بیبڕمەوە و بچمە سەر باسەکەم، بەو دۆستانەم دەبێژم، کۆچی دوایی تەحییە کاریۆکا، ئێدوارد سەعیدی وەها هەژاند، نووسینێکی درێژی بۆ تەرخان کرد.

١٩٨٤ سەردەمی وتووێژی نێوان ینک و ڕژێم، تازە لە شاخەوە بۆ شار هاتبوومەوە، شاعیری گەورە لەتیف هەڵمەت، شیعرێکی بڵاو کردبووەوە، تێیدا هێندەی لە بیرم مابێت، دەیگوت:

(کە دێمەوە لە سەربازیم
کچێ نییە ماچێکم باتێ،
کچێ نایە بۆ پێشوازیم.)

ئەو کاتە منیش گوتم: (ئەو کە لە عەسکەری هاتووەتەوە داوای ماچێک دەکا، دیارە من کە لە پێشمەرگایەتی هاتوومەوە، دەبێ داخوازیم زێتر بێت.)

کە لە کۆتایی ئەپریلی ٢٠٠١دا ئەنیستیتووتی کورد لە بەرلین فێستیڤاڵێکی بۆ ئەدەبی کوردی ساز کرد، منیشیان بانگهێشت کرد و بلیتی بالافڕیان بۆ ناردم. ئەوە بوو چووم لەوێ باسی شیعر و ڕەخنەی ئەدەبیم کرد. هاشمی ئەحمەدزادە، کە خوێندکاری خوێندنی باڵایە لە



زانکۆی ئوپسالا /سوید، هەوڵێکی زۆری دا ئەویش داوەت بکرێت، تەنانەت ئامادە بوو لەسەر ئەرکی خۆی بگاتە بەرلین بە مەرجێک بواری بدرێت، چارەکێک باسی چیرۆک بکات، وەلێ درەختی ڕەنج و تەقەلای بەری نەگرت.

ئیدی هاشم ڕاپۆرتێک دژی سەرۆکی ئەنیستیتووتی کورد بۆ سەرۆکایەتیی ئەورووپای پەکەکە دەنووسێت و تێیدا ئەو گوتارانەی من بە ناوی ئاشکرای خۆمەوە، دەربارەی ملکەچکردنی ئۆجالانم نووسیون، بە دەستپاکییەوە دەکات بە تورکییەکی ڕەوان و بەم تێبینییە کۆتایی بە کارە زانستییەکەی دەهێنێت: (سەرۆکی ئەنیستیتووتی سەر بە پەکەکە، ئەم دوژمنە سەرسەختەی سەرۆک ئاپۆ بەسەر دەکاتەوە، وەلێ منی کۆیلەی دڵسۆزتان پشتگوێ دەخات!) ئەگەر چی چاوەڕێی ئەوەم لە هاشم نەدەکرد، ئەو تورکییە جوانەی دەیزانێت بۆ مەبەستی ناشیرین بیخاتە گەڕ، بەڵام چونکە یەکەم کەسە بەرهەمی خامەی من بکات بە تورکی، نەک هەر لێی زویر نەبووم، بەڵکوو (تەلەفۆنەسوپاس)ێکیشم بۆ کرد.

وەختی خۆی کە حەکیم کاکەوەیس بە ناڕەوا سەنگەری لێ گرتم، هاتم بە ساتیرەڕەخنەیە، وەڵامم دایەوە. وەک خۆی نکۆڵیی لێ ناکات، ئەو نووسەرێکی گومناو بوو، بە هۆی ئەو وەڵامەی منەوە، ناوبانگی پەیدا کرد. لەوساوە هەر کۆلکەنووسەرێک هەوڵی دابێت، لە ڕێی پەلاماردانی منەوە بناسرێت، لێی نەهاتوومە دەنگ. هەنووکە وا دیسان کەستەکی بەزەبیم تلیساوەتەوە و بەخشندانە ڕەوتارم لەتەک هاشمدا کردووە، بەڵکوو ئەم ئاوڕدانەوەیەم لێی، ببێت بە تاقگەی ڕووناکی و بەسەریدا بڕژێت.

جارێکیان شێخ شەعراوی کە بێجگە لە ئامۆژگاریکردنی موسڵمانان، هیچ هونەرێکی دیکەی نەبوو، بە سوعاد حوسنی دەڵێت: (ئەو پارەیەی تۆ پەیدای دەکەیت حەرامە.)* جێی سەرنجە یەکێک لە سەرچاوەکانی بژێویی شێخی ناوبراو، باجی سەر داهاتی هونەرمەندان بوو.

سوعاد حوسنی دە ساڵ بوو ناساغ بوو. لەو ماوەیەدا گەلێک جار میرانی عەرەب ویستیان ئەرکی چارەسەرکردنی بگرنە ئەستۆیان، وەلێ هەرگیز دەستی بۆ کۆمەکی کەسیان پان نەکردەوە. کە ئەو هونەرمەندە خوێنهەنگوینە کۆچی دوایی کرد، من لە میسر بووم؛ ئەو دڵبڵندییەی وی بۆ من هێندە جێگەی ڕێز بوو، ناچار بووم، چەپکەگوڵی ئەم نووسینە بخەمە سەر گڵکۆکەی. گەشت یەکێکە لە سەرچاوەکانی زانیاری، لەو گەشتەمدا بۆ میسر ئەوە فێر بووم کە (سیاسەتمەدار: پیاوێکە دەتوانێت سەعاتێک باسی مەسەلەیەک بکات، بێ ئەوەی هیچی لێ بزانێت.)**

کە ئەم نووسینە ناکەوێتە ژێر دەواری هیچ ژانرێکی ئەدەبییەوە، کە یەکێتیی بابەتی تێدا ڕەچاو نەکراوە، کە زێتر لە گەمەکردنەوە نزیکە، کە خەریکی کاولکارییە نەک ئاوەدانکردنەوە، کە دەشێت بە هەڵە لێک بدرێتەوە، کە ڕوون نییە کام پەرەگرافی ڕاستییە و کامیان فانتازیا، ئەوانە زادەی سەرلێشێواوی نین، ڕەنگدانەوەی خەباتێکی درێژ و دژوارن، لە پێناوی نووسینی دەقێکدا کە سەر بە قۆناغی پۆستمۆدێرنیزم بێت.

2001. 07. 01

* حكاية سعاد حسني مع الشيخ الشعراوي، سعيد ابو العينين، اخر ساعة، ص١٢ القاهرة ٢٠٠١/٦/٢٧

** ئەنیس مەنسوور.



# Bush و بن لادن

شەڕی ناوخۆ کە نزیکەی هەمیشە ینک هەڵگیرسێنی بووە، کارێکی کرد یەکێتی بۆ سەر بە پدک نەویکردن، دەروازەی کوردستان بە ڕووی ئێراندا بخاتە سەر پشت و چاو لە کەڵەگایی ئیسلامی سیاسی بپۆشێت. ئیسلامی سیاسی، لە ئەنجامی گەلێک فاکتەرەوە، کە دەشێت کاریگەرترینیان، شەڕی ناوخۆ بێت، دەمێکە بەشێکی گرنگی لە قەڵەمڕەوەی ینک بۆ خۆی جوێ کردووەتەوە. ئێران کە کەوتبێتە نێوانەوە، هەمیشە پێشمەرجەکانی خۆی لە قازانجی ئیسلامی سیاسی، بەسەر ‹ینک›دا سەپاندووە. ئەم شەڕەی هەنووکە ینک دەیکات و لای کەم هێندەی دژایەتیکردنی بەعس ڕەوایە، دەبوو زۆر بەر لە ئێستا بیکات.

ماو، کە مام یەکێکە لە قوتابییەکانی، دەڵێت: یەک پەنجە بقرتێنیت، باشترە لەوەی پێنج پەنجە بریندار بکەیت. بریا یەکێتی، جوندی ئیسلامی لە ڕەگەوە هەڵدەکێشا و لەژێر هیچ گوشارێکدا، کۆتایی بەم هێرشە نەدەهێنا و سازشی نەدەکرد. لە ئەنجامی کەرت و پەرتبوونی بزووتنەوەوە، پەنجەکان بریندارن، تا زووتر، یەک یەک هەوڵی قرتاندنیان بدرێت، کارەکە ئاسانتر ئەنجام دەدرێت. وێنەی مام جەلالم دیوە، لە دوای مەلا عەلییەوە هەڵدەنوێژێت. جوندی ئیسلام لەو بزووتنەوەیە کە مەلای نێوبراو ڕێبەریەتی، کەوتووەتەوە. ینک دژی ئیسلامی سیاسی نییە، تەنیا دژی ئەو ئیسلامییانەیە، هەرەشە لە دەسەڵاتی دەکەن، ئەگەر نا دۆستی ئێران نەدەبوو.

ڕۆژی ١١ی ئەیلوول القاعیدە ئەمریکای (ڕەیپ)* کرد و شەوی ٢٤/ ٢٣ی ئەیلوول (سەربازانی ئیسلام)یش (ینک)یان ئەتک کرد. یەکێتی کە بە درێژایی مێژووی، تووشی غافڵگیریی لەم جۆرە نەهاتووە، دەزانێت کێ

بوون ئەوانەی بۆسەیان بۆ فەرەنسۆ هەریری نایەوە، کەچی خۆی لەو بۆسەیە ناپارێزێت کە هەمان تاقم بۆیان ناوەتەوە! سەربڕینی پێشمەرگە و شێواندنی تەرمی نەیار، ڕەوتارێکی تەواو ئیسلامییانەیە. ئیسلامی سیاسی و تیرۆر دوو ڕووخساری یەک دراون. هەموو ئیسلامییەک، (نەک موسڵمانێک) تیرۆریستە، وەلێ هەموو تیرۆریستێک، ئیسلامی نییە. دڕندەترین تیرۆریست بە بەراورد لەگەڵ دلۆڤانترین ئیسلامیدا، ئینساندۆستە.

ڕێگەیەکی پۆخڵ نامانباتە سەر ئامانجێکی خاوێن. لە عەرددانی شکۆی ئەمریکا، ئامانجێکی خاوێنە، یاریکردن بە ژیانی خەڵکانی بێتاوان، ڕێگایەکی پۆخڵە. خەمگین نیم بۆ کوژراوانی پێنتاگۆن و دەستڕۆیشتووانی نێو ئەو دوو باڵەخانەیەی شەڕەشۆقیان لەتەک هەوردا دەکرد. تیرۆریستانی ڕاستەقینە، (ئەوانەی لەشکری قوربانییەکانی دەستیان لە ژمارە نایە، جا چ بە کوشتنی ڕاستەوخۆ بێت، وەک لە هێرۆشیما و ناکازاکی، یان بە برسیکردنی بەشێکی گرنگی خەڵکی دنیا بێت،) دەسەڵات و دراودارانی ئەمریکان، کە شوێنی کاریان پێنتاگۆن و بنکەی بازرگانیی جیهانییە. هەر ژنێک ناچار ببێت، لەشی بفرۆشێت، بەدخۆراکی هەر منداڵێک بکوژێت، دراودارانی ئەمریکا، بەرپرسیارن. خەمگین نیم کە (بن) لادن، شازادەی شکۆی ئەمریکای بێ (بن) کرد. خەمگینم کە کەسانێکی بێتاوان گیانیان لە دەست دا.

هەنووکە بەشی زۆری خەڵکی ئەمریکا دژی ئیسلامن، چونکە بۆ ماوەی سەعاتێک، دەستی تیرۆری ئیسلامیان گەییشتێ. ئێمە سەدان ساڵە لە سایەی تیرۆری دەسەڵاتی ئیسلامدا دەژین و هەر بە شان و باڵیشیدا هەڵدەڵێین! سوپاس بۆ بن لادن، کە هاوزەمان (بن)ی ئەمریکای پژاند و کرۆکی ڕاستەقینەی ئیسلامیشی پیشانی دنیا دا.

بە هۆی (بەڵام)ەوە دەتوانین پێچەوانەی ئەو پەیڤانە بڵێین، کە پێشتر



گوتوومانن. بن لادن تیرۆریستە بەڵام ئاخۆ ئەو گەنجانەی وا بێ پەروایانە بەرەو مەرگ دەچن، خاوەنی هیچ مەسەلەیەک نین؟ ئەو فڕۆکەفڕێنانە، نەفام نەبوون، تا فریویان خواردبێت، هەژار نەبوون، تا هیچیان لە کیس نەچێت. من گەر چی دژی تیرۆرم بەڵام ناتوانم بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی ئەوانە نەدەم، کە لە تۆڵەی مرۆڤایەتیی پێشێلکراویاندا، سڵ لە مردن ناکەنەوە. ئەنگڵس جوانی گوتووە: (مەحاڵە گەلێکی سووکایەتی پێکراو، نەرم و نیان ڕەوتار بکات.) ئیسلامییەکی کورد بوومایە، لەوانەی تێزاب بە ژناندا دەکەن، تی ئێن تی لە چایخانەدا دەتەقێننەوە و پەلاماری نووسەران و هونەرمەندان دەدەن، دوای هێرشەکەی سەر پێنتاگۆن، لە شەرمەزاریدا دەمردم.

ئەمریکا خۆی بە بێ تاوان دەزانێت، بیری لای تۆڵەیە و ناپرسێت چی وای کرد ببێتە نیشانە بۆ تیری تیرۆر. من بۆیە هێرشەکانی یازدەی ئەیلوول بە تیرۆر دەزانم، چونکە کەسانێکی بێتاوان گیانیان لە دەست دا. ئەمریکا هەرگیز ناتوانێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە و ژیانی بێتاوانان پارێزراو بێت.

ئایا بن لادن تازەکی بووە بە تیرۆریست، ئەدی ئەو سەروەختانەی بە پشتگیریی ئەمریکا دژی سۆڤییەت دەجەنگا، مرۆڤدۆست بوو؟ لە ڕوانگەی (بوش)ەوە هەرچی دژی بەرژەوندیی باڵای ئەمریکا بێت، با وەک ئەلێندی لە ڕێی هەڵبژادنێکی دیموکراتیشەوە دەستی لە دەسەڵات گیر بووبێت، تیرۆریستە. ئەویشی داکۆکی لە قازانجی باڵای ئەمریکا بکات، با دیکتاتۆرێکی لە بابەتی (پینۆشێت)یش بێت و لە ڕێی کوودەتایەکی خوێناویشەوە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتبێت، ئینساندۆستە!

***

لەو وتووێژانەدا کە ٢٠٠١/١٠/١٧ لە پەرلەمانی سویددا سەبارەت بە هەڵوێست لە جەنگ دژی ئەفغانستان کران، گودڕوون شیمان (سەرۆکی حیزبی چەپ) بۆ تیری حیزبە بۆرژواکان بوو بە نیشانە. بوو لوندگرێن

(سەرۆکی حیزبی مۆدێرات) گوتی: شیمان ڕەخنە لە ئەمریکا زێتر دەگرێت وەک لە تالیبان کە ژنان بەردباران دەکەن. ئاڵف سڤێنسن (سەرۆکی مەسیحییە دیموکراتەکان) گوتی: ئایا دژایەتیکردنی هیتلەر یان ستالین لە ڕێی دیپلۆماتییەوە هیچ ئەنجامێکی چاکی دەبوو؟ لارس لەیۆنبوری (سەرۆکی حیزبی گەل) گوتی: ئەو سیاسەتەی شیمان بانگەشەی بۆ دەکات، ڕەچاو کرابا، هەنووکەش کوەێت لەژێر دەستی سەددامدا دەبوو. ئێستاش میلۆسێڤیچ سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا دەبوو. سەرۆکی سۆسیال دیموکراتەکان (یۆران پێرسۆن) کە هاوپەیمانی پارتی چەپە! لە بۆرژواکان شێلگیرانەتر داکۆکی لە هەڵوێستی ئەمریکا دەکرد و دەیگوت: شیمان ئەوە چ دەبێژێت؟ بیر بکەوە!

گودڕوون شیمان دەیگوت:

* یووئێن دەبێت لە ڕاژەی چەسپاندنی ئاشتیدا بێت، نەک لایەنی جەنگ بگرێت.

* بۆردوومانکردنی ئەفغانستان، دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی تیرۆر نەک کۆتایی پێهێنانی.

* کە ڕووسیا دژی تیرۆری چێچانییەکان هانا بۆ زەبروزەنگ دەبات، ئێوە بەردەوام بە توندی ڕەخنەی لێ دەگرن، کەچی کە ئەمریکا دژی بن لادن و تالیبان پەنا بۆ جەنگ دەبات، لایەنی دەگرن!

* ئەمریکا لە پێناوی زێتر سەپاندنی هێزی خۆیدا شەڕ دەکات، نەک لە دژی تیرۆر.

* دەبێت لە ڕێگەی کۆمەکی ئینسانی، ئابووری، کولتووری و هەوڵی سیاسی و دیپلۆماتییەوە بە گژ تیرۆردا بچینەوە، نەک لە ڕێی جەنگەوە، ئاخر هیچ جیاوازییەک لە نێوان تیرۆر و جەنگدا نییە.

بۆرژوواکان شەرم ناکەن و دەبێژن:



خراپەکاری بە چاکە چارەسەر ناکرێت؛ چ قەیدی با لە ئەفغانستانیش سیڤیل بکوژرێن، خۆ ئەوانەی لە مانهاتان کوژران، سەرباز نەبوون. بەس نییە ئەمریکای دلۆڤان جاڕی جەنگی داوە و خەڵکی بێلایەن دەتوانن، هەڵێن و خۆ حەشار بدەن، خۆ بن لادن لەناکاو پەلاماری پێنتاگۆنی دا.

شیمان دەڵێت:

* شەرمە بۆ ئەمریکا کە بەهێزترین وڵاتی دنیایە، بە مودێرنترین چەکی کوشندەوە پەلاماری ئەفغانستان کە هەژارترین وڵاتی جیهانە، دەدا.

* تا دادی کۆمەڵایەتی سەراپای جیهان نەگرێتەوە، ئاشتی ناچەسپێت.

* تۆڵەسەندنەوە کارێکی ناڕەوایە و ڕەچاوکردنی ڕێسای (چاو لەجێی چاو،) جیهانێکی نابینای لێ دەکەوێتەوە.

لەو وتووێژانەدا سەوز و چەپ لە سەنگەری چەوساوەکاندا بوون و سۆسیال دیموکراتی هاوپەیمانیان، وەک حیزبە بۆرژواکان، لە سەنگەری ئەمریکادا بوو. جیاوازیی نێوان گوتاری چەپ و گوتاری دژەچەپ، ئاسمان و ڕێسمان بوو.

***

لە مێژ بوو بیستبووم کە مەنسوور حیکمەت، پێوەندیی گومانلێکراوی هەیە، بڕوام نەکردبوو، بەڵام کە بۆچوونەکانی ویم دژ بە تیرۆر خوێندەوە و هەستم بە هیچ جیاوازییەکی ڕیشەیی لە نێوان گوتاری ئەو سەرکردە پرۆلیتارییە و تێزەکانی سەرۆکی ئەمریکادا نەکرد، سووکە گومانێکم پەیدا کرد و ئەوەشم بیر کەوتەوە کە حیزبی کۆمۆنیست! پێش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، بە پشتگیریی و کۆمەکی فاشیزم لە عێراق، دەیویست تەلاری سۆسیالیزم لە ئێران، ڕۆ بنێت. هەڵوێستی (حککع)یشم لەمەڕ ئەو قەسابخانەیەی سەربازانی ڕاستەقینەی ئیسلام لە ئاوایی خێڵی حەمە بۆ چەکدارانی مام جەلالیان ساز کرد، وەک ماستاو بۆ ینک سارد کردنەوە هاتە بەر چاو. بریا کۆمۆنیستە پاشکەوتووەکان لە گودڕوون

شیمانەوە، فێری گوتاری شیوعییانە دەبوون.

کەسێک کە بە ڕاستی کۆمۆنیست بێت، ددان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت و هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدا؛ کەسێک کە بۆ فریودانی پرۆلیتاریا پۆشاکی شیوعییانەی پۆشیبێت، ناو و ناتۆرە دەخاتە دووی ئەوانەی بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی هەڵسوکەوتی دەدەن.

2001. 10. 19

---

* rape : ئیغتیساب.



# کۆتر و پڵنگ

نووسەری ناودار ئاگاسا کریستی (١٨٩٠ ـ ١٩٧٦) کە خۆی ژنی پیاوێکی ئەرکیۆلۆگ بوو، دەڵێت: (ئەرکیۆلۆگ باشترین پیاوە کە ژن هەیبێت، ئاخر ژن تا پیرتر ببێت، زێتر سەرنجی ئەرکیۆلۆگ ڕادەکێشێت.) پێ دەچێت ئەندامانی دوو زلحیزبەکەی کوردستان، لە ئاستی عێراقدا، هەموویان هەر ئەرکیۆلۆگ بن، ئەگەر نا، ئەوە چییە وای کردووە، تا عێراق بە قووڵایی ساڵاندا ڕۆ بچێت، ئەوان زێتر شەیدای دەبن؟ ئەگەر نا، چی ئەوانی وا توندوتۆڵ بە کەلاوەکانی عێراقەوە گرێ داوە؟

ساڵی ١٩١٧ کە سەربازانی ئینگلیز گەیشتنە بەسرە، بە خەڵکی شارەکەیان گوت: ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین بەسەرتاندا سەربکەوین، بۆ ئەوە هاتووین، ئازادتان بکەین. ئازادکردنەکەی ئەو سەروەختە بە دامەزراندنی عێراقێک کۆتایی هات، کە کورد چونکە تێیدا کۆیلە بووە، هەرگیز بە نیشتمانی خۆی نەزانیوە. ساڵی ١٩٢١ کوردستانی باشوور دژی خواستی کورد بە عێراقەوە لکێندرا، ئێستا ئیدی وەختی ئەوەیە کورد بەو ئەزموونە تاڵەدا نەچێتەوە، دەست بۆ ئەو پشکۆیە نەباتەوە، کە پێشتر چزەی لە پەنجەی ڕۆحی هەڵساندووە.

ئەوی مل بۆ واقیعی زاڵم کەچ بکات و بیر لە داهاتووی گەشتر نەکاتەوە، هەر چییەک بێت، شۆڕشگێڕ نییە. پاساوی ئەوانەی پێیان وایە، هەلومەرجەکە بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان لەبار نییە، تەنیا ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەب و دراوسێ دڵیان زیز دەبێت. ئایا ئەوە جێی خۆیەتی کورد لەبەر ڕاگرتنی دڵی عەرەب، لە مافی ڕەوای خۆی خۆش ببێت؟ ئایا لە داهاتوویەکی نزیک یان دووردا، ئومێدی ئەوە هەیە، وڵاتانی دراوسێی باشووری کوردستان، کۆچ بکەن و وڵاتانی دیکەی

ناعەرەب و ناداگیرکەر جێیان بگرنەوە؟ ئەگەر ئا، ئەوا با چاوەڕێی ئەو ڕۆژە لەبارە بین و ئەوسا باس لە کوردستانی سەربەخۆ بکەین. سویسرا وڵاتێکی فیدرالییە، ئایا گەرەنتیی ئەوە هەیە بە دوو سەدەی تریش، سەری عێراق، بگاتە داوێنی ئێستای سویسرا؟ ئەگەر نا، بۆچی کوردستان بە دۆزەخی عێراق بسپێرین؟

ئەو کوردانەی دەنگ بۆ عێراقێکی فیدرال دەدەن، بزانن یان نا، گەورەترین غەدر لە نەوەکانی داهاتوو دەکەن. تاوانی نەوەکانی داهاتوو چییە، تا کۆتری چارەنووسیان فڕێ بدرێتە بەردەم پڵنگی عێراق؟ ئەوان بۆچی باجی هەڵەی ئێمە بدەن؟ زۆربەی ئەوانەی کە سەربەخۆییخوازن، گلەیی ئەوەیان لە سەرانی کورد هەیە، چونکە ژمارەی کورد لە پێنجیەکی دانیشتووانی عێراق زێترە، نەدەبوو لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەواییدا، بە پێنجیەک قایل ببین، یان دەبوو کورد مافی ڤیتۆی هەبێت، یان عێراقێکی فیدرال لەسەر ئەم بناغەیە نەبێت و لەسەر ئەوی دیکەیان بێت. نازانم ئەو هێژایانە چۆن دەرکیان بەوە نەکردووە، سەربەخۆییخوازی و جوانکردنی سیمای دزێوی عێراقێکی فیدرال، هیچ کۆیان ناکاتەوە.

کورد، مارینز بە فریادڕەس دەزانێت، عەرەب بە داگیرکەریان تێدەگات. کورد پێی خۆشە مارینز نیو سەدەی دیش میوانی بن، عەرەب خوازیارە نیو سەعاتی دیکە عێراق چۆڵ بکەن. کورد مارینز گوڵباران دەکات، عەرەب بەرقیان پێوە دەنێت. کورد شەیدای سیستەمێکی عەلمانییە، عەرەب لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتدا، دەستوور دەنووسێتەوە. کورد بیر لە ڕۆنانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکاتەوە، بە دەگمەن عەرەب هەیە، ڕستەیەکی لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنییەوە ژنەوتبێت. کورد خوازیارە یاسا سەروەر بێت، عەرەب ملکەچی حەوزەی نەجەف یان قومە. لای کورد مانگی تیرەگەری ڕوو لە ئاوابوونە، لای عەرەب تازە خەرمانەی داوە. عەرەب خوازیارن، عێراق بە کورد و باشووری کوردستانەوە، بەشێک بێت لە نەتەوەی عەرەب و یەکێک بێت لە ئەندامانی یەکیەتیی دەوڵەتە عەرەبییەکان، کورد خەو بە



کوردستانێکی گەورەوە دەبینن. هەشتا و دوو ساڵە لە عێراقدا کورد نەتەوەی بندەستە و عەرەب نەتەوەی سەردەست. لە سزای کام تاواندا، کورد داهاتووی خۆی بە تفەنگە بەکرێگیراوەکانی فەلووجەوە گرێ بدات؟ نیو سەدە زێترە عەرەب باس لە یەکێتی دەکەن و هێشتا دوو دەوڵەتیان یەکیان نەگرتووە، لەبەرچی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا یەک بگرێت؟ بە ڕاست کورد و عەرەب چی کۆیان دەکاتەوە؟

ئەوە نسکۆیەکی گەورە بوو بۆ کورد کە ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی، بە زۆربەی دەنگ، عێراقێکی فیدرالیان پەسەند کرد، بریا دژی بە فیدرالکردنی عێراق بوونایە. بەو هیوایەی کە ڕاپرسی بۆ دەستووری نوێی عێراق کرا، کورد و عەرەب و تورکمان، لە دژی بە فیدرالکردنی عێراق، دەستووری پێشنیارکراو پەسەند نەکەن، بەڵکوو ئەوسا دوو زلحیزبەکە، ناچار بین، داوای سەربەخۆیی بکەن! ئاخر ئەوان تا ناچار نەکرێن، هیچ گاڤێک ناهاوێژن. ئەوان ناچار کران، شۆڕشی نوێ هەڵبگیرسێنن. ناچار کران سەددام و عەلی کیمیاوی ڕابمووسن. ناچار کران دەست بە شەڕی براکوژی بکەن. ناچار کران پێش لەشکری داگیرکەرانی کوردستان بکەون. ناچار کران ئاشت ببنەوە. ناچار کران ئاڵای کوردستان بڵند بکەنەوە. ئەوان چونکە هەرگیز سەری ڕێزیان بۆ گوشاری میللەت نەوی نەکردووە، مەگەر بە هیوای ئەوە بین، مارینز ناچاریان بکات، جاڕی سەربەخۆیی بدەن.

ئەگەر سەرانی کورد دەستبەجێ جاڕی سەربەخۆیی نەدەن، بەر غەزەبی نەوەکانی داهاتوو دەکەون. بریا بۆش و بلێر وەک عێراقیان لە دەست بەعس ڕزگار کرد، کوردستانشیان لە دەست عێراق ڕزگار کردبا، ئەگەر نا، هیچ گومانم لەوە نییە، دیسانەوە لەسەر گاشەبەردی یەکپارچەیی خاکی عێراق و برایەتیی کورد و عەرەب، گۆزەی مافی برابچووک وردوخاش دەبێتەوە. ئەوە تەنیا بەریتانیا بوو، لە سێ ویلایەت عێراقی پێک هێنا، ئیدی بۆچی پێمان وا بێت، بە بەریتانیا و ئەمریکا، عێراق دوولەت

ناکرێت؟ بوش، خۆی گوتەنی، ئەگەر ‹بلێر›یش بە دەنگییەوە نەهاتبا، هەر عێراقی (ئازاد) دەکرد، ئیدی بۆچی پێمان وابێت، نە لە توانایدا هەیە و نە دەخوازێت، دوولەتی بکات؟

2003. 08. 10



# زەبری ڕەخنە

بەو خوێنەرە هێژایەم کە بۆی نووسیوم:

خوازیارم بسووتێم تا لەبەر ڕۆشناییمدا بنووسیت،

پێشکەشە.

عەرەفات هەوڵێکی زۆری دا، مەحموود دەرویش، ببێتە وەزیری ڕۆشنبیری، کە نەیکرد، پێی گوت: ـ ئەدی ئەندریە مالرۆ لە کن دیگۆڵ وەزیر نەبوو؟ (دەرویش)یش بەوی گوت: ـ نە ئەم بستۆکە زەوییەی بندەستمان فەرەنسایە، نە تۆ دیگۆڵی نە منیش مالرۆ. فەلەستین بگاتە ئاستی فەرەنسا، تۆ دیگۆڵ و منیش مالرۆ، ئەوساش وەزیریی ناکەم، ڕۆڵی سارتەر دەبینم، کە دەسەڵاتی ڕەت دەکردەوە. ئاخۆ خێڵی خشۆکی بەستەزمان، ئەوانەی تا دەمرن، بە هیوان، دەسەڵاتێک ئاوڕێکی خێریان لێ بداتەوە، لەم بڵندفڕینەی شاعیر تێدەگەن؟

***

ڕێ دەکەوێت دۆکتۆرێک دوای چەندان ساڵی خوێندن و ئەزموونی کار، هێشتا لە دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشییەدا کە بە دەستییەوە دەناڵێنین، (گەرچی لە نزیکەوە دەیان پرسیارمان لێ دەکات، جەستەمان دەپشکنێت، خوێن و شتی دیکەشمان بۆ ئەزموونگە دەنێرێت و لەشمان دەداتە بەر تیشک،) بکەوێتە هەڵەوە، لێ من گەلێک جار بە هۆی ڕستەیەک یان پەرەگرافێک نووسینی ئەفسووناوییەوە، کەسانێکم کە فریان بەسەر خوێندن و کاری پزیشکییەوە نەبووە، کردووە بەو جۆرە دۆکتۆرانەی بێ ئەوەی نەخۆشیان دیتبێت، یان تەنانەت پرسیارێکیان لێ کردبێت، دەردەکەیان ڕاست و دروست، دەستنیشان کردووە! تێناگەم چۆن تا هەنووکە هیچ کۆلێژێکی پزیشکی گوڵی دۆکتۆرای شانازیی لە بەرۆکم نەداوە! من

خۆم تا هەنووکە هیچم سەبارەت بە سایکۆلۆژیا نەخوێندووە، کەچی دەیان دەروونناسم پێگەیاندووە! جێی سەرنجە هەموو ئەو (فرۆید) و (یۆنگ) و (لاکان)انە، تا بە ڕستەڕەخنەیەکم باڵیان لێ پەیدا نەبووبێت، ئەو بەهرەیەی خۆیان ئاشکرا نەکردووە.

***

دۆکتۆر مافی ئەوەی نییە، نهێنییەکانی نەخۆشەکانی بدرکێنێت؛ ئەمە بە ئینگلیزی: professinol secresy و بە سویدی: tystnadsplikt ی پێ دەڵێن. جێی داخە هەندێک لەو دەروونناسانەی دەرچووی قوتابخانەی باڵای نووسینەکانی منن، ئەم یاسایە ڕەچاو ناکەن. ئینسانی ئاسایی ئەگەر هەستی کرد، کەسێک نەخۆشە، درۆی بۆ هەڵنابەستێت، جنێوی پێ نادات، بەڵکوو هێندەی بۆی بکرێت، لە ئازاری کەم دەکاتەوە و دەشێت بۆ نەخۆشخانەی ببات و تەنانەت خوێنیشی پێ ببەخشێت. دەڵێن جارێکیان سەرسەرییەک تفێکی کردووەتە ڕووخساری مامۆستا گۆران. کە جنێوم پێ دەدەن و درۆم بۆ هەڵدەبەستن، بەسەرهاتەکەی مامۆستا گۆران و ئەو سەرسەرییە قەلەندەرەم بیر دەکەوێتەوە.

***

من وێڕای پێگەیاندنی کۆمەڵێک (دەروونناس،) چونکە نووسینم بەردیش دێنێتە قسە، چەندان (نووسەر)یشم پێگەیاندووە. زۆرن ئەوانەی بۆ یەکەم جار لە دژی من، دەستیان بۆ قەڵەم بردووە. کەم نین ئەوانەی یەکەم نامیلکە، یان کتێبیان، لە دژی من نووسیوە. هەندێکیش تەنیا یەک جار بارگیرەشەلی خۆیان لە بواری نووسیندا تاو داوە، ئەویش لە دژی من. (والكاظمين الغيظ.) خودا سوێند بەو کەسانە دەخوا کە پیش دەخۆنەوە. گەلێ کەس لێیان پرسیوم: هۆی چییە، هەر گەنج دەبیتەوە؟ - چونکە هەر چیم بوێت، دەیلێیم، چونکە قەت پیش ناخۆمەوە.

***



تاڵەبانی دەڵێت: (جوندی ئیسلام وەک سەگی گڕوێ وەتاق کەوتوونە.)(١) ینک چونکە ڕەخنە لە نەیارانی ناگرێت، بەڵکوو هەر جنێویان پێ دەدات، بۆیە ڕەخنە بە هاوواتای جنێو دەزانێت و ئەوی ڕەخنەی لێ بگرێت، پێی وایە جنێوی پێ داوە. ئەوەتا مام جەلال دەڵێت: (حککع لە بەیانییەوە تا ئێوارە جنێویان پێ دەدایـن.)(٢) واتا: ڕەخنەیان لێ دەگرتن.

***

کارەسات ئەوەیە دوژمنی بەدکار بتوانێت بۆ ئەو زەلکاوەی تێیدا دەژی، کێشت بکات و تۆش هانا بەو ئەو چەکە پۆخڵە ببەیت کە ئەوی مایەپووچ، هانای بۆ بردووە. من وەک ئەهلی قەڵەم، لە فیردۆسییەوە فێر بووم، شەڕ بە چەکی پۆخڵ نەکەم و هانا بۆ درۆ و جنێو نەبەم. منداڵ لە بێدەسەڵاتییەوە، دەشێت جنێو بدات و ترسیش ناچاری بکات، هانا بۆ درۆ ببات. جنێوفرۆشان، درۆزنان و ترسنۆکان، بەو منداڵە بەستەزمانانە دەزانم و پڕ بە دڵ بەزەییم پێیاندا دێتەوە.

***

ئەو دیوەی شاخی گوێژە کە بەسەر سلێمانیدا دەڕوانێت، ڕووتەنە، ئەوی لەو شارە بژی، ئەمە دەزانێت، گرنگ ئەوەیە ئەو دیوەکەی تری گوێژەت نەدیبێت و بزانیت چلۆنە. ئەویش هەر ڕووتەنە، یان تژییە لە کانی و درەخت؟ لە نووسینێکمدا پێشبینی ئەوەم کردبوو: ینک لەژێر گوشاری ئێراندا، مل بۆ ئیسلامییەکان کەچ دەکاتەوە. وەک هەنووکە لە کەس نهێنی نییە، پێش ئەوەی چلەی قوربانییەکانی ئاوایی خێڵی حەمە بچێت، پێش ئەوەی تۆڵەی تاقە یەکێک لەو سەرپەڕێندراوانە بکاتەوە، ینک دەستی تەوقەی بۆ سەری مارەکە درێژ کردەوە و گەڕایەوە سەر بەندەکانی پەیمانی ١٩٩٧ی تاران. لافاوی خوێنی ئاوایی خێڵی حەمە بەفیڕۆ چوو، دیسان ملی هەڵەبجە کەوتەوە ژێر شمشێری ئیسلام؛ جا ینک ئەو شەڕەی

نەکردبا و ئەو گۆڵە مێژوویی و کوشندەیەی ٢٣ی سێپتێمبەریشی لێ نەکرابا، چاکتر نەبوو؟ جا ینک هێندەی مل بۆ ئیسلامی سیاسی کەچ دەکات، نیو هێندەی بۆ پدک کەچ کردبا، ئێستا کوردستان ڕووناکتر نەبوو؟

2001. 10. 20

---

(١) و (٢) کوردستانی نوێ ٢٠٠١/١٠/٢٠



# پرۆژەی ئاوی فینک

هەمیشە بە دەوری نووسیندا دەخولێمەوە، وەک سووڕانەوەی تاوانبار بە دەوری شوێنی تاوانەکەیدا. خەو بەوەوە دەبینم، نووسینم لە شەوی نووتەکی هەژاراندا، ڕۆڵی ئەستێرەیەکی گەش، یان هیچ نەبێ کز ببینێت. ئامۆژگاریی حیزب ناکەم، لە هەوڵی ئارایشتکردنی ڕووخساری حیزبدا نیم، سەرقاڵی نیشاندانی سیمای ڕاستەقینەی حیزبم.

ئاسۆ(١) گیان تۆ دڵت سپی بوو وەک لۆکە، توونی گەرماوی حیزب ڕەشی کرد. حیزب دڵی پڕ کردیت لە ترس، قژی پڕ کردیت لە تاڵی سپی، گەرووی پڕ کردیت لە هەنسک، جامی پڕ کردیت لە ڕۆندک، سنگی پڕ کردیت لە کۆکە، شەوی پڕ کردیت لە بێداری، خەونی پڕ کردیت لە مۆتەکە. حیزب توانای بیرکردنەوە، هێزی نووسین، حەوسەڵەی گوێگرتن، تاقەتی دیالۆگ، باڵی فڕین، خاوێنیی منداڵی و تامەزرۆیی بۆ نیشتمانی لێ زەوت کردیت.

حیزب لە بری چەکی ڕاستەقینە، شمشێرێکی دارینەی پێ بەخشیت. هێندە لە حیزب دەترسیت، دەستت دەلەرزێت، ئەوی دەستی بلەرزێت، نیشانە ناپێکێت. حیزب ئازادیی لێ زەوت کردیت و لە زیندانێکی تاکەکەسیدا بەندی کردیت، ئەوەتا ئاگات لە هاوزیندانەکانیشت نییە. حیزب هەر تێکشکانێک و میدالیایەکی پێ بەخشیت. حیزب هیچ نەبوو، دروشم نەبێت. حیزب گۆشتی بردیت و ئێسکی بۆ جێ هێشتیت. حیزب هەموو شتێکی بۆ خۆی برد و ڕزگارکردنی هەموو دنیاشی بە تۆ سپارد. لە بیابانی ژیانی تۆدا، حیزب بوو بە سەراب. هەر خەریکی بەرپەچدانەوەی ڕەخنەکانی نەیارانی حیزبیت! هەر خەریکی خاوێنکردنەوەی فایلی ناوبانگی زڕاوی حیزبیت!

موسڵمان پێی وایە بێجگە لە خوا، هەمووان، بە پەیامبەرانیشەوە، دەشێت هەڵە بکەن، مەنسوور حیکمەت خوای تۆیە و هەرگیز ناکەوێتە گۆمی هەڵەوە. حیزب زەڕنەقووتەیە، تۆ تووکی لەشی و پەڕی باڵی بە! تۆ شاعیریت، چاوەڕێ بووم ڕاستگۆیی تاقە خەوشت بێت. ئینسان ئەگەر ڕاستگۆ نەبێت، ناتوانێت شتی جوان بنووسێت. جێی داخە تۆ هەندێک جار وەک سیاسەتبازەکان ڕاهاتوون، پەنات بۆ ناڕاستی بردووە.

نووسیوتە لە ڕوانگەی حەمەسەعیدەوە: (تالیبانەکان نوێنەری بزووتنەوەی چەوساوەکانی دنیان.) یان: (حەمەسەعید شەڕ دژی تیرۆر بە کێشەی نێوان چەوساوەکان و ئیمپریالیزم لێک دەداتەوە.) یان: (حەمەسەعید دەڵێت: ئەوی وەک من بیر نەکاتەوە، پێوەندیی گومان لێکراوی هەیە.) یان: (حەمەسەعید ڕەخنەی ئەوەی لە شێرکۆ هەیە کە شیعری بۆ بارزانی گوتووە، بەڵام خۆشی هەر هەمان کار دەکات.) یان: (حەمەسەعید قسەکانی قەڵەم بە دەستانی کوردستانی نوێ دەنووسێتەوە.)

دەشێت بە هانابردن بۆ ئەو شێوازە هەرزانە، هەندێک خوێنەر فریو بدەیت، وەلێ خەمی گەورەی من ئەوەیە: ویژدانت چۆن ڕێگەی پێ داویت ئەو قسانە کە دڵنیای ڕاست نین و لە هەڵبەستراوەکانی خۆتن، بنووسیت! من کە درۆ نانووسم، بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەیە شەرم لە خودی خۆم دەکەم، ئاخر ئەوی درۆ لەگەڵ خودی خۆیدا بکات، لەگەڵ هەموو دنیاشیدا دەکات. هەموو هەڵبەستراوەکانت بە سنگێکی فراوانەوە لێ وەردەگرم و لێت دەپرسم: ئاخۆ هیچ نەبێت لە خودی خۆت تووڕە نابیت؟ قسەیەکی زبر بە خۆت ناڵێیت؟ ئایا ئەو ڕەوتارە شوێنپێکەوتنی ستالین نییە؟ من هەڵوێستێکی وا بنوێنم، قێز لە خۆم دەکەمەوە.

حیزب شتێکی پیسە، گەر بە تەنگ پاراستنی خاوێنیی خۆمانەوە بین، دەبێت لێی دوور بین. حیزب دەتکات بە دوژمنی ئازیزترین کەست. حیزب



تەنیاییت پێ دەبەخشێت. دەترسم بمریت و بە هۆی بۆنی تەرمەکەتەوە حیزب هەواڵی مەرگت بزانێت. حیزب چەند وەفای بۆ ئەبوبەکر عەلی هەبوو، هەر هێندەشی بۆ تۆ دەبێت. سبەی ئەگەر لەسەر ناکۆکی فیکریی دەستبەرداری حیزب ببیت، هاوڕێکانت، ئەوانەی هەنووکە هێندە شێلگیرانە داکۆکییان لێ دەکەیت، ئەگەر زۆر ڕێزت لێ بگرن، دەڵێن: پارەی حیزبی دزیبوو، دەرکرا.

سەرنجی ئەم جنێوانە بدە کە دەروێشانی مەنسوور حیکمەت لە ماڵپەڕی (روزنە)ی سەر بە (حککا)وە، بە هاوڕێیانی دێرینی خۆیانی دەدەن. محەمەد فەتاحی دەڵێت: (وازمان لێ نەهێنان، تا پێمان خستە سەر کلکیان.) یان: (ئاواتە خوازم کاتێک بە شەق لەو (خوێڕی)یانە هەڵدەدرێت، بە کامیرا دیمەنەکە وێنە بگیرێت.) کۆرشی مودەریسی بە کۆمەڵە دەڵێت: (ڕێکخراوی چەقۆکێشان) و بە ڕێبەرەکانیشیان دەڵێت: ڕەزیل، (خوێڕی) کەسیف، (چەپەڵ) سەخیف (پڕوپووچ.) عەبدوڵڵا سەید موڕادی، بە هاوڕێ دێرینەکانی دەڵێت: (تف لە ڕووتان، سەرخۆشانی چەقۆکێش.) ئایا ئەم جنێوفرۆشانە دەستیان بڕوا، لە ستالین دڕندەتر نابن؟ حەمید تەقوایی لە نووسینێکدا بە نێوی: (بمرێت حیزب، بژی خۆم /١٩٩٩ ٧/١١) بە ئیرەج ئازەرین و ڕەزا موقەدەم، (هەردووکیان لە دامەزرێنەرانی کۆمۆنیزمی کارگەری بوون و لێی جیابوونەوە،) دەڵێت: (نازانم ئێوە چ جیاوازییەکتان لەگەڵ (حزب الله)دا هەیە، مەبەستم لەم قسەیە بەرزکردنەوەی ئێوەیە، نەک شکاندنتان.)

دروشمەکانی حیزب زۆر جوانن، ئەگەر دروشم ڕۆڵی کاربڕی گێڕابا، هەنووکە سوودان لە هەموو بوارێکدا پێشی سوێدی دابووەوە. ئاخر ئەو دروشمانەی لەوێ بلند کراونەتەوە، گەلێک لەو دروشمانە جوانترن، کە لە سوێد بەرز دەکرێنەوە. جەنەڕاڵ دیگۆل فەرەنسای ڕزگار کرد، جەنەڕاڵ (جیاب)یش ڤێتنام، دەشێت جەنەڕاڵ پاییز(٢) کوردستان ڕزگار بکات، وەلێ جەنەڕاڵ مەنسوور، بستێک لە خاکی ئێرانی پێ ئازاد ناکرێت، ئیللا

مەگەر دەست بە داوێنی (جەنەڕاڵ مۆتۆرز)ەوە بگرێت!(٣)

ئیرەج ئازەرین دەڵێت: (مەنسوور حیکمەت لە نووسینێکیدا خۆی بە پاڵەوان نێوزەد کردووە، ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن پاڵەوان، فشەپاڵەوانن. فشەپاڵەوان کەسێکی گاڵتەجارە لە ڕێی لاساییکردنەوەی پاڵەوانانەوە، لە مەیدانێکدا خەڵکی دەهێنێتە پێکەنین. ئەو فشەپاڵەوانە چ داماوە کە خۆی لێ گۆڕابێت و پێی وابێت، پاڵەوانێکی ڕاستەقینەیە.)(٤) ئاسۆ بە قسەم بکە، دێرە، شەقێک لە حیزب هەڵبدە، سەرت بە شەقی شیعر بسپێرە!

هەر وەک چۆن موسڵمان لەژێر ئەفسوونی ئەفیوونی بەڵێنەکانی محەمەددا بەنگ دەبێ و چاو دەبڕێتە بەهەشتێکی وەهمی، پەیمانەکانی مەنسووریش بە هەمان شێوە تۆیان بەنگ کردووە. لینین کە شۆڕشی ئوکتۆبەری هەڵگیرساند، ڕێبەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و پێشەوای پرۆلیتاریای ڕووسیا بوو، ئەندامانی حیزبەکەی هیچی وای لە چارەکە میلیۆنێک کۆمۆنیست کەمتر نەبوو. پێم ناڵێیت جەنەڕاڵە بێ لەشکرەکەی تۆ، بە کام هێزەوە (کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڕووخێنێت؟) بەنگ بەرت بدات و قسەی وات لێ ببیستم، بە ورێنەی سەرەمەرگی تێدەگەم. کە خومەینی مرد، یازدە میلیۆن کەس دوای تەرمەکەی کەوتن، تۆ بڵێیت مەنسوور لە تاراندا یازدە دۆستی هەبێت! بڕوا ناکەم سەرقاڵی لەخشتەبردنی خەڵکی بیت، ئەوەیان زێتر ڕێی تێ دەچێت، بەنگ کرابیت، خوازیارم پرژەی ئاوی فێنک و نەرمەزللەی دۆستانەی ئەم نووسینە ڕاتبچڵەکێنن. جێی داخە حیزبەکەت کارگەی بەرهەمهێنانی ئینسانی گوێڕایەڵە، ئینسانێک توانای پرسیار کردن و گومان وورووژاندنی لێ زەوت کرابێت.

من گوتبووم: (لە ئەورووپای هەواری دیموکراتی و مرۆڤایەتیدا، مامۆستایانی پرۆلیتاریا، شاسوارانی بواری قەڵاچۆکردنی ئینسان بوون،



ئاخۆ ئەگەر کەسێکی وەک مەنسوور حیکمەتی پەروەردەی ئاسیای مەڵبەندی دڕندایەتی، دەستی لە دەوڵەت گیر ببێت، ڕووخساری چاوچیسکۆ سپی ناکاتەوە؟)(٥)

هاوڕێیەکت کە ڕەخنەی لەو (کوفر)ەم گرتبوو،(٦) ئەگەر چی تەنانەت لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە، نەقڵی کوفر، کوفر نییە، وەلێ بەستەزمانە کە ئەو پەرەگرافەی نووسیبووەوە، بازی بەسەر ناوی ڕێبەری پیرۆز: مەنسوور حیکمەتدا دابوو، وای بۆ چووبوو، ئەگەر ناوەکەی لەو ڕستانەدا بنووسێتەوە، با خۆی خاوەنی قسەکانیش نەبێت، هەر پێی کافر دەبێت!

زمان مەرجی هەبوونی فیکرە، ئاخر بیر ناتوانێت لە دەرەوەی زماندا هەبێت(٧) و ئەگەر زمان نەبوایە، فیکریش نەدەبوو، بۆیە کەسی خاوەن فیکر ناچارە بایەخ بە زمان بدات و پوخت بنووسێت. ملنەدان لە بواری زماندا، ڕەنگدانەوەی نەزانییە و تاکە دەسەڵاتێکی فاشستە کە دەبێت هەموومان بە ڕێزەوە سەری بۆ نەوی بکەین، زمانە. بەوەی باشە زمان توانای خۆ خاوێنکردنەوەی هەیە، دەنا لە ئەنجامی هەوڵی ناپیرۆزی زمانسەقەتانەوە، هەنووکە گۆلی ڕوونی زمانی کوردی، زەلکاوێکی لێڵ دەبوو. زمان بەردەوام گەشە دەکات و جوانتر دەبێت و ئەوە زمانی جوانیشە بەرگەی زەمان دەگرێت.

ئێستا بۆ شێوەزاری کرمانجی خواروو ستاندارد پەیدا بووە و دەبێت ڕەچاو بکرێت. لە باخی زمانی کوردیدا، نووسینی ئێوە گیاکەڵەیە، دەبێت بژار بکرێت. وەختم کەمە، دەنا بە تاوانی پیسکردنی ژینگەی زمانی کوردی، داوام لەسەر تۆمار دەکردن. ئێوە بە زمانێک دەنووسن، کە بێ ئەوەی مەبەستتان بێت، سەربەقوڕ دەهێننە قاقای پێکەنین. نووسینتان پڕە لە وشەی (جالیب) لە بابەتی: (بوحران، جونبوش، جەرەیان، خەفەقان، دەخالەت، سوننەتی، گەرایش، موشەخەس، مەترەح، مەراسیم و نەزەر.) زمان کە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە، لە کۆڕی ئێوە بترازێت، لە هیچ

گوندێکی دنیادا کەس بەو زمانە عەنتیکەیە ناپەیڤێت. ئێوە کە دێنە ئەورووپاش لە بری ئینگلیزی، یان ئەڵمانی، فێری فارسی دەبن!

ئاسۆ گیان: من بە هاوڕێکانتم گوت: کە مانای وشەیەک نازانن، مەیخەنە ڕستەوە، کەچی تۆش هەمان هەڵەت کردووە، ئاخر کە نازانی مەبەست لە پاژنەی ئاخیل چییە، خۆ زۆریان لێ نەکردووی، مەیخە ڕستەوە! ڕێز لە خوێنەر دەگرم و چیرۆکی ئاخیل و پاژنەی تەڕنەبوویت بۆ ناگێڕمەوە، تەنیا ئەوەندەت پێ دەڵێم: پاژنەی ئاخیل بە مانای لایەنی لاواز دێت، نەک لایەنی بەهێز، وەک تۆ بەد لێی حاڵی بوویت. کاکە تۆ مانای (شیعار)یشت خراپ لێک داوەتەوە. دروشم پێوەندیی بە تاکتیکەوە هەیە، شیعاری ستراتیژی تەنیا لە خەیاڵی تۆدا هەیە، ئاخر کە مەسەلەکە بوو بە ستراتیژ، ئەوە ئامانجی دوورە، نەک دروشم. کارەسات ئەوەیە ئەم تێنەگەیشتنەی خۆت، بە درشتبینی بۆ من لە قەڵەم دەدەیت!

ڕەخنە لە مەنسوور حیکمەت و ڕێبوار ئەحمەد گرتن، ڕەخنە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری گرتن نییە، ئاخر ئەوان لە ڕوانگەی منەوە، هێندەی پێیان کرابێت، خوێنی کۆمۆنیزمیان تاڵ و ئێسکی کرێکارانیان گران کردووە. من گەلێک ڕەخنەی ڕاستەقینەم لە ئێوە گرتبوو، تۆ توخنی وەڵامدانەوەی هیچ سەرنجێکم نەکەوتبوویت. وەختی خۆشی کە بە نامیلکەیەک ڕەخنەت لە شیعرەکانم گرتبوو، بە تاقە ڕستەیەکیش باسی شیعرت نەکردبوو. ئەوی ئاوڕت لێ نەدابووەوە، هونەری شیعر بوو! ناونیشانی باسەکەت (ناسیۆنالیزم لە بەرگی کۆمۆنیزمدا!) و سەرچاوەکانیشت بڵاوکراوە سیاسییەکان بوون! لە (کوانەڕەشەی ڕۆشنبیری) یشدا، ئەوە بۆ من جێی سەرنج بوو، لە نووسینێکی درێژی شاعیرێکدا، ڕستەیەک نەبێت، لە بەرهەمی خامەی شاعیر بچێت، نەخاسمە ئەگەر وەڵامی کەسێکیشی دابێتەوە، ژیانی بە ئەدەب بەخشی بێت! کاکە ئاسۆ گیان: (سەرئەنجامی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ڕاست، مەرج نییە هەمیشە هەر سەرکەوتن بێت، وەلێ داهاتووی ڕەچاوکردنی



سیاسەتێکی چەوت، هەمیشە هەر ژێرکەوتنە.) ئەمە قسەی ئایزنهاوەرە، وەلێ ڕاستە. مەرج نییە هەرچی لە سەنگەری ئێمەدا نەبوو، هیچی ڕاستی پێ نەبێت.

2001/12/12

---

(١) مەبەست لە بەکر ئەحمەدە، کە بە (کوانەڕەشەی ڕۆشنبیری) وەڵامی (کوانەڕەشە)ی دامەوە.

(٢) شیعرێکی جوانی محەمەد عومەر عوسمانە.

(٣) محمد الماغوط، سیاف الزهور، دار المدي ٢٠٠١ دمشق. لە گەلێ جێگەی دیکەشدا سوودم لەو کتێبەی ماغووت وەرگرتووە.

(٤) ایرج اذرین، در دفاع از مارکسیسم ١٩٩٩ انتشارات رودبار.

(٥) حەمەسەعید حەسەن، نامەی ئەعمالی مامۆستایانی پرۆلیتاریا، پەیام ژمارە ٢٩ و ٣٠ لەندەن دێسەمبەری ٢٠٠٠

(٦) مەریوان ڕەووف، لە دووی ڕاستی گەڕان یان شێواندنی چەمکە زانستییەکان؟ پەیام ژمارە ٣٢ ل٣٤ مارسی ٢٠٠١

(٧) کاترین بیلسي، الممارسة النقدیة، ترجمة: سعید الغانمي، دار المدي ٢٠٠١ دمشق.

# پرسیار و گومان

(هەرگیز پێشبینی مەکە، ئەگەر نیشانەت ئەنگاوت، کەس ستایشت ناکات، ئەگەر نەتپێکا، لێت دەکەن بە قاو.)

ژمارەی قوربانییەکانی بەعس:

بە کوژراوانی سەردەمی ‹ئاشتی› و جەنگەکانەوە،

بە ئەتککراوانی نێــــو زیندانان و بە ئەندامی لەش زایەبووانی شەڕگەکانەوە،

بە دیلەکانی جەنگ و چارەنووس بزرەکانەوە،

بە نێچیرانی گورگی ئەنفال و ژاربارانەوە،

بە لە نیشتمان هەڵاتووان و ئاوارەکانی دەستی چەپەڵی ڕاگوێزانەوە،

نزیکەی سێیەکی خەڵکی عێراق دەبێت. ئاخۆ ئەگەر ئەمریکا هەوڵی ڕووخاندنی بەعس بدات، بە لە بەرچاوگرتنی زیانەکانی جەنگەوە، هەر بە قازانجی گەلانی عێراق ناشکێتەوە؟ بەڵام کەنگێ ئەمریکا قازانجی خەڵکی عێراقی مەبەست بووە! بەهاری ١٩٩١ سەروەختی ڕابوونی جەماوەری باشووری عێراق، ئەگەر ئەمریکا بێلایەن بووایە، ڕاپەڕیوان کە لووتی شکۆی بەعسیان شکاندبوو، دەشیانڕووخاند، لێ ئەمریکا ڕاپەڕیوانی چەک کرد و ڕێی بە عێراق دا بە هۆی هالیکۆپتەرە جەنگییەکانییەوە ڕاپەڕین دامرکێنێتەوە. ئەگەر مانەوەی بەعس لە بەرژەوەندیی ئەمریکادا نەبووایە، لەمێژ بوو، ڕووخاندبووی.

سەددام ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت، هیچ بە کورد نادا، ئەگەر دەسەڵاتیشی لە کیس بچێت، ئەوا هیچی نابێت، تا بە کوردی بدات، ئیدی بۆچی کورد



هەمیشە دۆستی دوژمنانی سەددام نەبێت؟ ئایا سیناریۆی ڕێگاچارەی ئەفغانی بۆ عێراق، ئەگەر بە مەرگی دەسەڵاتی بەعس تەواو ببێت، لە بەرژەوەندیی کورددا نییە؟ ئایا بەعس لە تالیبان و قاعیدە فاشستتر نییە؟ ئایا سەددام لە مەلا عومەر و بن لادن تیرۆریستتر نییە؟ ئایا ڕژێمی لە بەعس دڕندەتر هەیە، یان دەبێت، تا هەر لە ئێستاوە بۆ داهاتووی نادیاری عێراق، ترسمان لێ بنیشێت؟

هیچ ناسیۆنالیستێکی عەرەب، هێندەی هەندێک لە ڕێبەرانی کورد بە تەنگ یەکپارچەیی عێراقەوە نییە. ئەگەر لەتوپەتبوونی عێراق، کوردستانێکی ئازادی لێ بکەوێتەوە، بۆچی لەگەڵ فرەپارچەیی عێراقدا نەبین؟ ئەگەر یەکپارچەیی عێراق، بە بندەستیی کوردستانەوە بەند بێت، بۆچی خوازیاری پەرتپەرتبوونی نەبین؟

یەکێک لە لایەنە هاوبەشەکانی نێوان مەنسوور حیکمەت و سەددام حسێن ئەوەیە، هەردووکیان تێکشکانەکانیان بە نرخی سەرکەوتن بە دەروێشانیان دەفرۆشن. ئاخۆ میم حیکمەت وەک چۆن لە تالیبان دانی شەرمەزار نەکرد، لە بەعس دانیش (مەحکووم) ناکات؟ یان سەرقاڵی دانەوەی ئەو نانانە دەبێت کە بە قەرز وەری گرتوون؟ تۆ بڵێیت بەعس بە دوژمنێکی سەرسەختی ئیمپریالیزم نێوزەد بکات و دژی لێدانی بێت؟

بە ڕاست ئێمە لە ژێردەستی زیاتر، چ خێرێکمان لە عێراقێکی یەکگرتوو دیوە؟ لەشکری ترسنۆکی لە ژمارە نەهاتووی عێراق، ئەوی بە بەر چاوی دنیاوە، چەکمەی سەربازی ئەمریکایی ڕادەمووسی، هەمیشە لە ئاستی سیڤیلی کورددا، خۆی وەک شێر نیشان نەداوە؟ ئەوەندە ڕقم لە تاپۆی جەنگە، وەختێک شک نابەم بۆ پەرستنی پەیکەری ئاشتی، وەلێ ئەگەر جەنگ لەتلەتبوونی عێراق و تەفروتوونابوونی دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی بەعسی لێ بکەوێتەوە، با بێت، بە خێر بێت. کێ دەڵێت ڕزگاربوونی کوردستانیشی بە دوادا نایەت و ئەرکی ئەو ڕێفراندۆمەشمان

لە کۆڵ نابێتەوە، کە حککع بانگەشەی بۆ دەکات؟

***

گەلێک جار لە سەروەختی جەنگدا یان بە کۆتایی هاتنی، ڕووداوی زۆر گرنگ دەقەومێت. ئاخۆ ئەگەر جەنگی جیهانی یەکەم ڕووی نەدابا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەڵدەگیرسا؟ ئاخۆ ئەگەر جەنگی جیهانی دووەم نەقەومابا، بلۆکی سۆسیالیست دادەمەزرا؟ کورد کە لە سەدەی ڕابردوودا سێ جار دەستی لە دەسەڵات گیر بووە، هەر سێ کەرەتەکە لە ئەنجامی جەنگەوە بووە. مەملەکەتەکەی شێخ مەحموود، زادەی یەکەمین جەنگی جیهانی بوو، کۆمارەکەی قازی محەمەد، سەرئەنجامی دووەمین جەنگی جیهانی بوو، ڕژێمی هەنووکەی هەرێمی کوردستانیش دووەمین جەنگی کەنداو، یان جوانتر، گەردەلوولی بیابان لەگەڵ خۆی هێنا.

ئێستا کە (١٠) ساڵ بەسەر جاڕدانی فیدرالدا گوزەری کردووە و عێراق بەرەو ڕووی ئەگەری جەنگێکی نوێ دەبێتەوە و سەربەخۆییش ئامانجی کوردە، نەک عێراقێکی فیدرال، جێی خۆیەتی لەگەڵ یەکەمین بڵێسەی ئەو جەنگە نوێیەدا کە خوازیارم چی زووتر بقەومێت، کورد جاڕی جیابوونەوەی تەواوی ئەو بەشەی کوردستان لە عێراق بدات و ئاڵای سەربەخۆیی هەڵبکات.

پدک و ینک ئەگەر چی گۆرانی بۆ باڵای یەکپارچەیی عێراق دەچڕن، کەچی لە ڕوانگەی بڵند ئەجەویدەوە ئەو بەشەی کوردستان لە وڵاتێکی سەربەخۆ دەچێت. کەواتە عێراقێکی فیدرالمان بوێت یان سەربەخۆیی، تورک هەر هەمان پەرچەکرداری دەبێت. ئێمە ساڵی ١٩٨٨ بە کەمترین مافیش قایل دەبووین، کەچی ڕژێمی عێراق بە بای مەرگ و ئەنفال وەڵامی داینەوە. ئاخۆ ئەگەر کورد جاڕی سەربەخۆیی بدات، چارەنووس لە ئەنفال دژوارتر هەیە تا تووشی ببێت؟

ئەگەر ئێمە هێندەی بە تەنگ یەکیەتیی خاکی عێراقەوەین، نیو هێندە



یەکپارچەیی کوردستانمان مەبەست بووایە، هەنووکە هیچ نەبێت، باشوورێکی یەکگرتوومان دەبوو. ئەوە چییە وای کردووە هەولێر هێندە پیرۆز بێت، شەڕی تێ نەکەوێت؟ سەروەختی براکوژی نەوشیروان مستەفا ئەو پرسیارەی وروژاند؛ هەنووکە من هەمان پرسیار بە جۆرێکی دیکە لە قازانجی کورد دەورووژێنم. ئەوە چییە وای کردووە خاکی عێراق هێندە پیرۆز بێت، کەس مافی ئەوەی نەبێت، خەو بە لەتبوونییەوە ببینێت؟ ئەدی تورکیا لە شەو و ڕۆژێکدا قوبروسی دوو کەرت نەکرد؟ ئەدی چیکوسلۆفاکیا نەبوو بە دوو لەتەوە؟ ئەدی یۆگۆسلافیا نەبوو بە ئاردی نێو درک؟ بە ڕاست عێراق لەو وڵاتانە نازدارترە؟ یان کورد لەو نەتەوانە کەمترە!

نازانم لە سۆنگەی چییەوە بەشێکی زۆر لە سەرانی کورد، شانازی بە عێراقیبوونی خۆیانەوە دەکەن! عێراق لە کاولکردنی کوردستان و قەلاچۆکردنی خەڵکەکەی بترازێت، چی بە کورد بەخشیوە؟ هیوادارم لە ئەنجامی ئەو شەڕەی کە بەڕێوەیە، نەخشەی عێراق بە جۆرێک هەڵبوەشێتەوە، هیچ مامۆستایەکی جوگرافیا نەیناسێتەوە.

2002. 07. 26

# بۆ ئەوەی خوێنەر چەواشە نەبێت

(١)

کە سەددام حسێن بەهاری **١٩٨٣** سەردانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەکات و بۆ نووسەرانی کوردی بەغدانشین دەپەیڤێت، سەلاح شوان هێندە جێی متمانەی سەرۆک دەبێت، لە نێو ئەو هەموو بەعسی و قەڵەمفرۆشانەی پایتەختدا، ئەو و موسڵیح جەلالی لە تەنیشت خۆیەوە دادەنێت.(١)

جارێک بەرپرسی شوعبەیەکی بەعس، بە حزووری سەددام دەست دەبات قەڵەمەکەی لە گیرفانی دەربهێنێت، پاسەوانێک گومانی لێ دەکات، پێش ئەوەی قەڵەمەکەی دەربهێنێت، بە دەستڕێژێک ڕۆحی دەردەهێنێت. ئەو ڕووداوەم بۆیە گێڕایەوە، تا خوێنەر بزانێت سەلاح کە لەسەر هەمان مێز لەگەڵ دیکتاتۆردا دانیشتووە، چەند جێی متمانەی سەرسەختترین دوژمنی گەلەکەمان بووە.

هاوینی ١٩٨٣ دوای هێرشێکی ئێران بۆ ناوچەی حاجی هۆمەران، بەعس لە ئۆردووگای قوشتەپە هەشت هەزار بارزانیی سیڤیل دەگرێت و سەددام گوتەنی ڕەوانەی دۆزەخیان دەکات. سەلاح لە ئۆرگانی بەعس و لە ٣١ی تەمموزدا کە ڕەشترین ڕۆژە لە مێژووی کورددا، ئاخر بەعس لەو ڕۆژەدا دەسەڵاتی خۆی سەپاند، قەلاچۆکردنی بارزانییەکان بەرز دەنرخێنێت و پدک بە تاقمێکی بەکرێگیراوی نەفرەتلێکراو لە قەڵەم دەدات و بە ناوی ڕۆشنبیرانی کوردەوە پیرۆزبایی لە سەرۆکی عێراق دەکات.(٢)



کە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتا سەلاح شوان بە هاوکاریی عەبدوڵڵا عەباس و عەبدولوەهاب تاڵەبانی، هەفتەنامەی (ئاسۆ)یان لەسەر خواستی موخابەرات لە بەغدا دەر دەکرد، ئەو وەختە ئاسۆ بە ‹کۆسرەت ڕەسووڵ›ی دەگوت: عەبە چاوچنۆک، کەچی هەنووکە سەلاح خۆی بە هەواداری ینک دەناسێنێت!

ئاسۆ ساتیرەشیعرێکی منی کە تێیدا ڕەخنەم لە سەرانی ینک گرتبوو، گوایە بۆم ناردووە، بڵاو کردبووەوە، نازانم چۆن ئەو شیعرەی من گەییشتبووە ئەوێ، لێ من هەرگیز لە بڵاوکراوەی ڕووزەردی سەر بە دوژمنی داگیرکەردا، ڕەخنەم لە لایەنە کوردییەکان نەگرتووە؛ ئەمە بێجگە لەوەی چەندان ساڵ پێش نووسینی ئەو هۆنراوەیە، ناوم لە لیستی ڕەشی ڕژێمدا بوو.

سەلاح چونکە ڕەفیق حیزبییەکی دێرین و بە توانا بوو، پێی وابوو، ‹هەقیشی بوو،› دەبێت لەو بڕە پارەیەی موخابەرات بۆ ئاسۆی تەرخان کردبوو، بەشی شێری پێ ببڕێت و وەهاب و عەبدوڵڵاش دەیانویست وەک برا بەش بکرێت، بۆیە نێوانیان تێکچوو.

سەردەمی بای مەرگ و ئەنفال سەلاح شوان سەرۆکی ئەو یەکێتییە کارتۆنییەی ئەدیبان و نووسەران بوو، کە ڕژێم کوردە بەعسی و قەڵەمفرۆشەکانی تێدا کۆ کردبووەوە. ئەو هیچ بۆنەیەکی لە کیس خۆی نەدەدا و بەردەوام بروسکەی پیرۆزبایی بۆ جەللادی گەلەکەمان دەنارد و سەرسەختانە قەڵەمەکەی لە خزمەتی ئەنفالکردنی کولتووری کوردیدا خستبووە گەڕ. کە ئەنجوومەنی هاوکاریی عەرەبی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩دا لە نێوان عێراق، میسر، ئەردەن و یەمەنی باکووردا پێک دێت، سەلاح بە ناوی ئەدیبان و نووسەرانی کوردەوە! پیرۆزبایی بۆ ‹خۆی گوتەنی› سەرۆکی تێکۆشەر و لێهاتوو دەنێرێت و دڵخۆشی خۆی بە بۆنەی

پتەوبوونی باسکی عێراقەوە دەردەبڕێت و ئاوات دەخوازێت بازووی بەعس پتەوتریش ببێت.(٣) بەعس لە شەڕی ئێران ڕزگاری دەبێت، کوردستان خاپوور و کوردیش کیمیاباران و ئەنفال دەکات، کەچی سەلاح بە هێندەش قایل نابێت و خەون بە بەهێزتربوونی ڕژێمی داگیرکەرەوە دەبینێت.

ینک و پدک دوای ڕاپەڕین، بۆ خڕکردنەوەی زۆرترین دەنگ، دەرگای ئامێزیان بە ڕووی بەعسییە کوردەکاندا دەکەنەوە. چونکە لە جیهانی بۆگەنی گەڕان بە دوای بەرژەوەندییە تەسکە حیزبییەکاندا، هیچ هێڵێکی سوور نییە، ئەو کارەی ئەو دوو نەیارەش شتێکی سەیر نییە، ئەوە سەیرە ئەو بەعسییە کوردانە پێیان وابێت، تەنیا بەوەی فڵان لایەن ئاوڕێکی خێری لێ داونەتەوە، ئیدی ڕابردووی تاریکیان، ڕۆشن بووەتەوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە سەباح ڕەنجدەر، بۆ ‹دەوڵەمەندکردنی!› باسەکەی هانا بۆ شیعری بەعسییەکی ناسراوی وەک سەلاح شوان دەبات!(٤)

ڕۆژنامە چۆن دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، کە بەشێکی گرنگ لەوانەی تێیدا بنووسن، هەر ئەوانە بن، کە چالاکانە بەشدارییان لە ئەنفالکردنی ئەدەب و کولتووری گەلەکەماندا کردبێت! قەڵەمفرۆشان چۆن بتوانن هێزێکی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی پێک بهێنن و بەشداری لە بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکەن، کە ئاواتی بەرزیان ئەوەبێت، بە گۆڕانی هەڵگوتن بە باڵای دەسەڵاتدارانی نوێدا، ڕابردووی ڕەشیان سپی بکەنەوە!

شێرکۆ بێکەسی شاعیر کە یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیریی ڕژێمی هەرێمی کوردستان دەبێت؛ چونکە وەزارەتەکەی تژی دەبێت لە بەعسی، زێتر لە پەنجا نووسەری ڕابردووخاوێنی سلێمانی، بە یادداشتنامەیەک داوای پاکسازیی لێ دەکەن،(٥) وەلێ سەرچاوەی ئاوەکە هێندە لێڵ دەبێت، ڕۆشنکردنەوەی لەسەروو توانای وەزیری شاعیرەوە دەبێت.



ئەوانەیماڵیان لە شووشە بێت، شەڕە بەرد ناکەن، کە ڕابردووپۆخڵێک شەڕەبەرد دەست پێ دەکات، دەشێت بە زەبری پیری، تیغی بیری کول بووبێت و ڕابردووی بێ تروسکەی خۆی لە یاد چووبێتەوە.

2002. 04. 28

---

(١) ژمارە ٨٦ی گۆڤاری (بەیان) ئایاری ١٩٨٣ بەغدا

(٢) ڕۆژنامەی (الثورة) ئۆرگانی بەعس، یەکشەممە ٣١ی تەمووزی ١٩٨٣ ژمارە: ٤٨٢٢

(٣) ڕۆژنامەی العراق ١٩٨٩/٢/٢٦

(٤) بە ماناکردنی سرووش لە شیعردا، سەباح ڕەنجدەر، ڕامان ژمارە ٦٩ ل ٥٧ ئاداری ٢٠٠٢ دەزگای گوڵان، هەولێر.

(٥) پاکسازیی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی، خەرمانە، ژمارە (٩ و ١٠) ل ١١ سوید ١٩٩٣

## (٢)

ئەمە جاری دووەمە عبدالله عباس جنێوم پێ دەدات و تۆمەتم بۆ هەڵدەبەستێت. سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ لە گۆڤاری (ڕەنگین)دا و هەنووکەش لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا، کە دوو زۆڕنای بەعسن. ئەوی ئەو کابرایە ناناسێت، با کۆتایی هەموو ئەپریلێک سەروەختی جەژنی لەدایکبوونی سەددام حسێن، سەرنجی ڕۆژنامە عەرەبییە ڕووزەردەکانی بەغداد بدات؛ ئاخر ئەوە بیست ساڵی ڕەبەقە، عەبدوڵڵا عەباس بەو بۆنەیەوە شیعر بە باڵای ئەو سەرۆکەدا هەڵدەڵێت کە ئێمەی کیمیاباران و ئەنفال کردووە!

ئایا یەکێک ناپاکی لە نەتەوەیەک کردبێت، بۆ ئەوە دەشێت، لە کەسێک بپێچێتەوە کە گوایە ناپاکی لە تاقە خێزانێک کردووە؟ ئایا یەکێک بە ددانپێدانانی خۆی پتر لە چارەکە سەدەیەک بێت، بەعسی بێت، مافی ئەوەی هەیە، لافی نیشتمانپەروەریی بەسەر کەسێکی دیکەدا لێ بدات و تۆمەتی ساڵێک چەک بۆ ڕژێم هەڵگرتنی بداتە پاڵ! ئەو گەلێک جنێوی بە من داوە و گەلێک تۆمەتی بۆ هەڵبەستووم، من شۆڕ نابمەوە بۆ ئەو زەلکاوە، گرنگ ئەوەیە نەیتوانیوە پێم بڵێت: بەعسی، کە ئەوە کوشندەترین جنێوە بە کوردێک بدرێت. ئەم بەعسیبوونەی لای ئێمە هێندە مایەی شەرمەزارییە، لای وی جێگەی شانازی و ئەوپەڕی نیشتمانپەروەرییە! ئەگەر بەعس ڕووخا و عبدالله عباس لە سەنگەری داکۆکیکردن لە ڕژێمدا گیانی خۆی بەخت نەکردبوو، دەشێت بە تاوانی ناپاکیی مەزن بە دادگا بدرێت.

عەبدوڵڵا عەباس بە ڕێژنەی جنێوەکانیدا و بە لیستی ئەو تۆمەتانەدا کە بێ بەڵگە وەپاڵ منی داون، زەق زەق دیارە، لە چ بارێکی دەروونی دژواردا



دەژی. ئاخر کەسێکی هێمنی ویژدانئاسوودەی خاوەن هەق، هەرگیز ناچار نابێت، هانا بۆ جنێودان و تۆمەت بەخشینەوە ببات. من پڕ بە دڵ بەزەییم پێیدا دێتەوە و هیوادارم چی زووترە وەک هەزاران کوردی دیکە کە پەیوەست بوون بە بەعسەوە، ئەویش نەفرەت لە ڕابردووی بکات و بگەڕێتەوە ناو میللەتەکەی خۆی. بەمە گەرچی ناتوانێت ڕابردووی لێڵی ڕۆشن بکاتەوە، بەڵام هیچ نەبێت دەشێت لە ڕووی دەروونییەوە هەندێک هێور ببێتەوە. من نەک هەر بە خۆی، بەزەییم بە منداڵەکانیشیدا دێتەوە، ئاخر ئەو کەساسانە شانازیی بە کام لاپەڕەی پرشنگداری دیرۆکی ژیانی باوکیانەوە بکەن؟

ساڵی ١٩٨٠ لە هاوکاری دا عبدالله عباس نووسیبووی، (چوار ئەفسەرەکە لە وەسێتنامەکەیاندا داوایان لێ کردووین، دوای جەهالەت نەکەوین، ئەو یاخیبوونە تازەیە، ‹مەبەستی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو،› جەهالەتە، با کەس دوای نەکەوێت.) لەسەر ئەو نووسینەی بە ئاگاداری مەحموود زامدار، سەروەختی میهرەجانە ڕۆشنبیرییەکەی هەولێر ‹بەهاری ١٩٨٠› کە پێم گوت: تۆ وەک بەعسی دەنووسیت، کەوتە پاساو هێنانەوە، باش بوو مەحموود زامدار بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە پێی گوت: عەبدوڵڵا من و تۆ لە هەمان دەزگادا کار دەکەین و من سوور دەزانم تۆ بەعسیت، ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت. هەر لەو فێستیڤاڵەدا کە عەبدولوەهاب تاڵەبانی خۆی هەڵبڕی، شێرکۆ بێکەس ماچ بکات، کراسەکەی بڵند بووەوە و دەمانچەکەی کە بۆ من شتێکی نوێ بوو، دەرکەوت.

بە داخەوە من هەنووکە سەرقاڵی ڕوونکردنەوەی شتێکم، کە خۆی هێندەی چاوی قرژانگ ڕوونە. من دەمەوێت بیسەلمێنم کە عەبدوڵڵا عەباس بەعسی بووە و بەعسیشە، ئەویش خۆی نکوولی لەوە ناکات. ئەوەتا دەڵێت: (من بە شانازییەوە شیعری پیاهەڵدانم بۆ سەرکردە سەددام حسێن نووسیوە، ئەوانەی بەم هەڵوێستەی من پەست دەبن، لەگەڵ

حەقـارەتی ئەمـریکا و بزووتنەوەی زایۆنیـدا یەک دەگـرنەوە.)(١) یان دەبێژێت: (پیاهەڵدانی دەسەڵاتدارێتیی نیشتمانیی ئێستای عێراق، بۆ نووسەری شەریف و بە هەق مونتەمی بۆ گەل و نیشتمانەکەی، جێی شانازییە.)(٢) لە ڕوانگەی ئەم نیشتمانپەروەرەوە شەریفەوە! سەلاح شوان (چونکە سەر بە حکومەتی مەرکەزییە، لە سەنگەری نیشتمانیدایە.)(٣)

یەکێکی دیکە لە درۆ زۆروزەبەندەکانی عبدالله عباس ئەوەیە، گوایە ئەو کاتەی سەلاح شوان سەرۆکی نووسەرە کوردە قەڵەمفرۆشەکان بووە، نووسەری ئەم دێرانەش، ئەندامی هەمان نووسەران بووە. ڕاستییەکەی من ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٨٢ نوێنەری لقی سلێمانی بووم لە مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد و سەرۆکیش دۆکتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ و جێگرەکەشی مامۆستای هێژا محەمەدی مەلا کەریم و مەزنەپیاوێکی وەک شوکور مستەفاش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بوو. ئەو کاتە کە یەکێتیی نووسەران کوردی بوو، نەک بەعسی، کە من لەگەڵ ئەو کەڵەنووسەرانەدا دادەنیشتم، سەلاح شوانی سەر بە ڕژێم، زۆر لەوە گچکەتر بوو، ڕێی بکەوێتە کۆڕی ئەو پیاوانە. لە ئاداری ساڵی ١٩٨٣یش بە دواوە من ڕووم کردە شاخ و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ یشدا بارگە و بنەم لە سوێد خست. دوای هەڵاتنی من ڕژێم نووسەرانی هەڵوەشاندەوە و یەکێتییەکی بۆ قەڵەمفرۆشەکان پێکەوە نا و ساڵی ١٩٨٨ کە سەلاح شوان بوو بە سەرۆکی ئەو نووسەرە قەڵەمفرۆشانە، من لە سوێد بووم.

کە سەلاح شوان کۆتایی تەمووزی ١٩٨٣ بە بۆنەی ئەنفالکردنی بارزانییەکانی قوشتەپەوە، بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی فەرماندە لێ دەدا، من لە شاخ بووم، بەرنامەی ئەدەبی بەرگری و سەردانێک بۆ گوندە ڕاگوێزراوەکانم بۆ ئێزگەی شۆڕش دەنووسی. کە سەلاح شوان بە بۆنەی ئەنفالەکانەوە دەستخۆشی لە لەشکری عێراق دەکرد، من خەریکی خوێندنی زمانی سوێدی بووم، ئیدی چۆن ئەندامی ئەو نووسەرانە بووم، کە ئەو قەڵەمفرۆشە سەرۆکی بوو! من بۆیە فەرمانی گرتنم دەرچوو، چونکە دژی



بەعساندنی یەکێتی نووسەرانی کورد وەستامەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی سەرخۆشی لە هێژایان شێرکۆ بێکەس و فازیل جاف بکەم، ئاخر لەم دواییەدا سەلاح شوانی بەعسی لە هەفتەنامەی ‹الاتحاد›دا ستایشی کردبوون.(٤) مایەی شانازیمە بیست ساڵە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم و چوارده ساڵە کوردستانم بەجێ هێشتووە و کەچی هێشتا بەعسییەکان گا لە گۆڤاری ڕەنگینەوە و گا لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گا لە شرەماڵپەڕێکەوە، پێم دەگەفن.

من هەرگیز چەکم دژی گەلەکەم هەڵنەگرتووە، ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمدا هەڵگیرسایەوە، ڕاستە من ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراق بووم، وەلێ لە شاری سلێمانی لە کۆمیتەی ڕۆشنبیراندا کە زۆربەی ئەندامەکانی مامۆستای زانکۆ بوون، کارم دەکرد و لە قوتابخانەی شێخ سەلام مامۆستا بووم. هەر لە دژی ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان حشع و بەعسیش چارەکە سەدەیەک بەر لە ئێستا وازم لە حشع هێنا؛ ئەمە ڕاستییەکە لای کەم شیوعییەکان دەیزانن.

من هەرگیز لەبەردەم نووسەرە بەعسییەکانی لە بابەتی سەلاح شوان و عەبدوڵڵا عەبباسدا لاواز نەبووم و وەک دۆکتۆر فلان ماست و هەنگوینم بۆ نەبردوون و داوەتم نەکردوون، تا بەرهەمم بڵاو بکەنەوە، ئەوان خوا خوایان بوو، من شەڕیان ( دیارە شەڕێکی زۆر ڕەوا بوو،) لێ لادەم. ئاخر خۆیان چاک دەناسی، کە لە سەنگەری بەعسدان و منیشیان چاک ناس دەکرد کە لە مەتەرێزی بەرەنگاربوونەوەدام.

من دەنووسم سەلاح شوان و عبدالله عباس بەعسین و بە بۆنەی قەلاچۆکردنی کوردەوە بروسکەی پیروزباییان بۆ سەددام و لەشکری عێراق لێ داوە، قسەکانیشم لەسەر بناخەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دەکەم، ئەوانیش بێ بەڵگە تۆمەت دەدەنە پاڵم. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئێوە بەعسین یان نا، ئەگەر نا بڕۆن ڕۆژنامەی (الثورە)ی ئۆرگانی بەعس

(ژمارە ٤٨٢٢ی ڕۆژی یەکشەممە ١٩٨٣/٧/٣١) بە درۆ بخەنەوە. ئەگەر ڕاستگۆن، فەرموون، بڵێن، ناپاکیم لە کام خێزان کردووە؟ من هەر کە زانیم بەعس لە دووم دەگەڕێت، یەکسەر ڕووم کردە شاخ، لە ماڵی هیچ برادەرێکم خۆم حەشار نەدا. ئەوە بەعسییەکانن دەستدرێژیی دەکەنە سەر (ناموس)ی یەکتری، ئەو ڕەوتارە لە خەڵکانێک کە لە سەنگەری دژ بە بەعسدا بووبێتن و گیانیان لەسەر دەستیان بووبێت، ناوەشێتەوە. ئایا بەوەی جنێو بە من بدەن و تۆمەتم بۆ بهۆننەوە، دیرۆکی پۆخڵتان، خاوێن دەبێتەوە.

کە سێ مانگ بەر لە ئێستا باسی بەعسیبوونی سەلاح شوانم کرد، ئەوسا ئاگاداری ئەوە نەبووم، سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ حەسەن جاف لە ڕۆژنامەی ‹هەرێم›ی کوردستاندا کە وەزارەتی ڕۆشنبیری سەروەختێک کە مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیری بوو، دەری دەکرد، ڕابردووی سەلاح شوانی بەسەر کردووەتەوە، بۆیە داوای بەخشین لەو هێژایە دەکەم، کە سەرنجی خوێنەرم بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی ڕانەکێشابوو. بەو دوو نامەیەدا کە خودی سەلاح شوان بۆ عادل مورادی سەرنووسەری ئەوسای کوردستانی نوێی ناردوون و هەنووکە لەبەردەستی مندان، دەردەکەوێت، کە بەڕێزان جەمال عەبدول و عادل موراد گومانیان لە بەعسیبوونی سەلاح شوان نەبووە،(٥) بۆیە بواریان نەداوە خوێنەر چەواشە بکا.

2002. 08. 02

---

(١) عبدالله عباس، ئەو درۆزنانەی حەقیقەت ئاوەژوو دەکەن، ڕەنگین، ل ١٥ ژمارە(١٢٠) کانوونی دووەم ١٩٩٩ دەزگای بەغداد.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) حەمەساڵح قەرەداغی (کە هەر خودی عبدالله عباسی سەرنووسەری هاوکارییە.) نامەیەکی تایبەت بۆ کورتە بالآیەکی بێ بەخت، هاوکاری، ژمارە ٣٧٣٩ی ٢٠٠٢/٦/٣ ل ٣ بەغداد.



(٤) صلاح شوان، من يمثل الثقافة الكردية في الخارج، الاتحاد (٢٠٠٢/٦/١٤) عدد ٤٧٧ ص ٧ السليمانية.

(٥) نامەکانی سەلاح شوان بە زمانی عەرەبی نووسراون و وا دەست پێ دەکەن: الاستاذ كاكە عادل مراد الورد.

# تورکیای هاوسێ و (وەفیق)ی هاوڕێ

بە لای منەوە دەستنیشانکردنی لیوا ڕوکن وەفیق سامەڕائی بەرپرسی پێشووی ئیستیخباراتی عێراق، وەکوو ئەندامی کۆمیتەی بەدواداچوون، یەکێکە لە لایەنە هەرە تاریکەکانی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق کە

١٦/١٢/٢٠٠٢ لە لەندەن کۆتایی بە کارەکانی هێنا. پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات، کەسێک لە سوپای بەعسدا، ئەو سوپایەی هێشتا کۆتایی بە جەنگێک نەهێنابوو، یەکێکی دیکەی هەڵدەگیرساند، دەیان عێراقی نەکوشتبێت و سەدانی بە کوشت نەدابێت، ناگاتە پلە و پایەی لیوا ڕوکن. کەسێک زێدەڕۆیی لە کوشتنی خەڵکانی نەیاردا نەکردبێت، نابێتە جێی متمانەی خوێنڕێژی عێراق و ناکرێتە بەرپرسی دەزگایەکی گرنگی وەک ئیستیخبارات.

من پێم وابوو ئەندامانی کۆنگرە، هیچ نەبێت، ئەوانەی خاوەنی ڕابردوویەکی خاوێنن و بیر لە داهاتوویەکی جوان بۆ کوردستان و عێراق دەکەنەوە، پێیان شەرم دەبێت سێ چوار ڕۆژ لەگەڵ وەفیقدا، لە ژێر هەمان بنمیچدا کۆ ببنەوە و لە یەکەمین دانیشتنی کۆنگرەکەدا داوای دادگاییکردنی دەکەن، کەچی نەک هەر وایان نەکرد، بەڵکوو چارەنووسی خەڵکی کوردستان و عێراقیان بەو سپارد!

وەک لە بەیاننامەی کۆنگرەکەدا هاتووە: (ئیسلام ئایینی ڕەسمیی دەوڵەتە و سەرچاوەیەکی گرنگی یاسادانانیشە.) ئەمەش لایەنێکی ڕەشی دیکەی کۆنگرەکەیە. ئاخر دانیشتووانی عێراق تەنیا هەر موسڵمان نین، تا ئیسلام بکرێتە ئایینی دەوڵەت! ئەمە جگە لەوەی بە ڕەسمی ناساندنی ئایینی ئیسلام، لەگەڵ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتدا ناتەبایە. ئایینی ئیسلام چ لایەنێکی تێدایە کە لەگەڵ هەلومەرج و داخوازییەکانی ئێستای



ژیاندا بگونجێت، تا بتوانین بیکەینە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دانانی یاسا؟ ڕەشبینم بەرامبەر داهاتووی کوردستان و عێراق، ئاخر هەست بە هیچ جیاوازییەک لە نێوان (وەفیق)ی سامەڕائی و (عەلی)ی کیمیاویدا ناکەم. ئاخر بەعسیش بۆ دارشتنی یاسا، هانای بۆ ئایینی ئیسلام دەبرد.

***

ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی ئینسان زۆر لەوە نیگەرانە کە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی هەمئاهەنگی و بەدوادا چوون، سەرۆکی پێشووی دەزگای ئیستیخباراتی سەربازیی عێراق وەفیق سامەڕائییە. لە ڕوانگەی ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی ئینسانەوە، چونکە ئەو دەزگا بەدناوە بەرپرسە بەرانبەر گەلێک پێشێلکاریی مەزن کە بە پلان و نەخشە دژی مافەکانی ئینسان لە عێراقدا ئەنجام دراون، بۆیە وەفیقی سەرۆکی پێشووی ئەو دەزگا سەرکوتگەرە، دەبێت دادگایی بکرێت، تا بزانرێت تا چ ئاستێک دەستی لە تاوانەکانی ئەو دەزگایەدا هەبووە.*

***

ئەڵمانیا و فەرەنسا کە هەنووکە دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هەڵوێست دەنوێنن، لە مرۆڤدۆستییانەوە نییە، ئاخر ئەو گازە ژاراوییانەی هەڵەبجەیان خنکاند لە ئەڵمانیاوە هاتبوون و ئەو فڕۆکانەی بۆمبی کیمیاوییان بەسەر هەڵەبجەدا باراند، میراجی فەرەنسایی بوون. ئەڵمانیا کە کەرەسە و تەکنیکی چێکردنی گازی ژاراوی بە عێراق دەفرۆشت، هیچ گومانی لەوە نەبوو کە بەعس نیازی قەلاچۆکردنی ئینسانی هەیە، نەک مێشوولە و ئەو نەخۆشییانەی دووچاری ڕووەک دەبن. فەرەنسا کە بالافڕی میراجی بە عێراق دەفرۆشت، دڵنیا بوو لەوەی، بەعس نیازی قەلاچۆکردنی کوردی هەیە، نەک ئازادکردنی فەلەستین.

هەنری کیسنگەر بەهاری ١٩٧٥ دەستی کوردی لە بنەوە بڕییەوە، کێ دەڵێت کۆڵن پاوڵ کورد لە نێو قەدەوە نابڕێتەوە؟ ساویلکەن ئەوانەی پێیان

وایە ئەمریکا دراوی سەخت و خوێنی سەربازی خۆی، بە قوربانی چەسپاندنی دیموکراتی لە عێراقدا دەکات. ئەرێ هانس بلیکس لە دووی چی وێڵە؟ چەکی کۆکوژ! کۆکوژترین چەک، خودی سەددامە. ئەو سەددامەی فەرەنسا و ئەڵمانیا بازوویان بەهێز کرد و ئەمریکا لێ نەگەڕا بەهاری ١٩٩١ خەڵکی عێراق لە نێوی بەرن.

(ئێمە لەگەڵ تورکیای دراوسێدا، سەبارەت بە هەموو مەسەلە گرنگەکانی تایبەت بە داهاتووی عێراق هاوبیر و ڕاین و تورکیا بەڵێنی داوە لە هەموو بوارێکدا هاوکاریمان بکات.) ئەوانە گوتەی جەلال تاڵەبانین، کە دوای دانیشتنەکەی نێوان کورد و تورک لە سلوپی، دوو سێ هەفتە لەمەو بەر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە سلێمانی فەرمووبوونی و (کوردستانی نوێ)ش دایبەزاندن، کەچی لە ناکاو تورکیا باس لە داگیرکردنی کوردستان و داماڵینی چەکی شانی کورد دەکات!

تورک هەرگیز نیازی خراپی خۆی نەشاردووەتەوە، ئەوە (ڕێبەرانی) کورد بوون، دەیانویست کڵاو لەسەری کورد بنێن و تورکیای وەک دۆست نیشان بدەن. جێی سەرنجە هەموو جارێک کە جەلال تاڵەبانی لە تورکیا دەگەڕایەوە، میدیای ینک دەیگوت: بەڕێز مام جەلال دوای گەشتێکی دیپلۆماسیی (سەرکەوتوو!) بۆ خاکی نیشتمان گەڕایەوە! کە گەشتە دیپلۆماسییەکان هەموویان سەرکەوتوو بوون، کە تورکیا هاوبیروڕای کورد بوو، ئەدی لەناکاو بۆچی هەموو شتێک گۆڕا؟ خەڵکی ساکار دۆست و دوژمنی خۆیان دەناسن، ئەگەر (ڕێبەرەکان) بە هەڵەیاندا نەبەن.

تورکیا هەمیشە هەر دراوسێیەکی ئێسکگرانی ئێمە دەبێت، بە ڕاست تا کەی ئێمە لەبەر ڕاگرتنی دڵی ئەو، هەر بە ژێردەستی بمێنینەوە! ئایا چاوەڕێ بکەین تا دەگوێزێتەوە، ئەوسا داوای مافی ڕەوای خۆمان بکەین! ئێمە جوگرافیامان هەڵنەبژاردووە، بەڵام دەتوانین مێژوویەکی گەش بنووسینەوە.

***



کەرەسە و قوربانیانی (شۆڕشی نوێی گەلەکەمان) خەڵکانێکی چەپ بوون. دواتر ینک لایەنێکی هێندە (کوردستانی) لێ دەرچوو، خوێنی هەموو ئەوانەی حەڵاڵ دەکرد، کە مۆری عێراچێتی پێوە دەنان؛ کەچی هەنووکە لە بواری عێراقیبووندا، شانی هیچ عەرەبێکی نەتەوەیی ناگاتە داوێنی تاڵەبانی. ینک و پدک لە کاتێکدا بانگەشە بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆری عێراق دەکەن، نابێت متمانە بە کەسانی وەک وەفیق سامەڕائی بکەن!

2003. 03. 01

* بەیاننامەی ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی ئینسان ٢٠٠٢/١٢/١٧ لەندەن.

# دۆشاو بە بیرت

کاک ‹تاهیر حەسەن›ی سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

سڵاو

لە ٢٠٠٣/٤/٢٠ دا نامەیەکت بۆ (کووفی عەنان)ی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەناردبوو، تێیدا داوات لێ کردبوو، چی زووترە، بە هانای ئەو عەرەبە (سەلار)انەوە بێت کە بیست ساڵ زێترە، خانوو و بەرە و ماڵ و موڵکی کوردیان بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە، دوور لە ویستی خۆیان، بەدەر لە نیازی عەرەباندن و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان، داگیر کردووە و دوای هەرەسی ڕژێمی بەعس، کەوتوونە بەر لێزمەی هەڕەشەی ئەو کوردە (لاسار)انەوە، کە تازەکی دوای دەیان ساڵ دەربەدەری، هاتوون داوای مافی خۆیان دەکەن. بە عەنانت گوتبوو، ئەو کوردە ئاوارەکراوانە فێری ژیانی ژێر نایلۆنەکەپر و خانووەپەڕێنە بوون و تازە هیچ پێویستیان بەوە نییە، بۆ کۆنەهەوار و زێدی باب و باپیریان بگەڕێنەوە و لانە لەو عەرەبانە کە چەندان ساڵە هەر براگەورەی کورد بوون، تێک بدەن.

بە داخەوە کاک تایەر، (عەنان) هیچ (مەعنی) نەبوو، بەو ئەمرە، بۆیە پێشنیار دەکەم نامەیەکی دیکە بە هەمان ناوەڕۆک، وەلێ هەندێک توندتر بۆ (عەمر) موسای سکرتێری کۆبەندی وڵاتە عەرەبییەکان، ڕەوانە بکەیت و تێیدا داوای لێ بکەیت، (ئەمر) بکات، بە زەبری هێزی (لەشکرەها)ی ڕژێمانی عەرەب، هەموو ئەو کوردانەی لە دوای نۆی ئەپریلەوە، بۆ کەرکووک گەڕاونەتەوە و هەستی ناسکی ئەو عەرەبانەی پلانی پاکی بەعسیان جێبەجێ کردبوو، کەمێک ڕووشاندووە، ئاودیوی بان مەقان



بکرێن و ئیدی ڕێیان پێ نەدرێت، ببرای ببڕ خەویش بە زێدی شیرینیانەوە ببینن. کاک تایەر خۆ کوردستان وڵاتێکی بەرین و دەوڵەمەندیشە، تۆ کە هەر ئەرکی ناردنی نامەکە دەکێشیت، یەکجاری بۆچی داوا لە عەمر موسا ناکەیت، هەموو ئەو فەلەستینییانەش کە لە نیو سەدەی ڕابردوودا، ئاوارە بوون و تا ئێستاش بە ئومێدی گەڕانەوە بۆ خاکی خۆیان، بە تەواوی نیشتەجێ نەبوون و لە شام و لوبنان لە خانووی سەفەریدا دەژین، ڕەوانەی کەرکووک بکات!

جەمالی عەلیی فائیز یادی بە خێر، دەیگوت: دایکم کە جنێوم پێ دەدات، دەبێژێت: (هیچوپووچ، شیوعی.) جەمال شانازیی بە شیوعیبوونی خۆیەوە دەکرد و زۆری پێ سەیر بوو، شیوعی، لە کن دایکی جنێوە. دوو سێ ساڵێک بەر لە ئێستا، لە ستۆکهۆڵم، ژنێک بە یۆران پێرسۆنی سەرەکوەزیرانی سوێدی گوتبوو: تۆ هەر بیر لە قازانجی دەوڵەمەندان دەکەیەوە و هەژارانت فەرامۆش کردووە. پێرسۆنیش بە ژنەی گوتبوو: تۆ کۆمۆنیستیت. لە ئەورووپا چونکە کۆمۆنیست، کەسانی وەک ستالین و چاوچیسکۆ، بیر خەڵکی دەهێنێتەوە، کۆمۆنیست وەک جنێوێکی پیس سەرنج دەدرێت، بۆیە ژنەی سوێدی، سەرەکوەزیرانی ناچار کرد، داوای بەخشینی لێ بکات. هێشتا لە ئاسیا، یان لای کەم لە کوردستان، کۆمۆنیست، جنێو نییە، بە داخەوە کاک تایەر، تۆ و هاوڕێکانت کارێک دەکەن، خەڵکی لای ئێمەش کۆمۆنیست، وەک ڕاسیست، نازیست و فاشیست، بە جنێو بقەبڵێنن.

کاک تایەر ئەوە ئاسانە هەر کە ڕەخنەیەکتان لێ گیرا، ڕەخنەگر بە هەواداری ڕژێمی ئێران، یان بە ناسیۆنالیست و دۆستی ینک تاوانبار بکەن، ئەوە دژوارە ددان بەوەدا بنێن کە دەشێت ئێوە وەک لایەنێک لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا، هیچ نەبێت، تاقە هەڵەیەکتان کردبێت. کۆمۆنیست کەسێکە لە پێناوی بەرژەوەندی چەوساوەکاندا، ڕەخنەگرانە سەرنجی ڕەوتاری خۆی بدات و ددان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و هەوڵی

ڕاستکردنەوەی بدات، نەک ئەوی پێی وابێت، نە هەڵەی کردووە و نە دەیکات.

(ئەی کرێکارانی جیهان و ئەی گەلانی چەوساوە یەک بگرن!) تۆ بڵێیت لە ڕوانگەی حیزبی کۆمۆنیستی(کرێکاری)یەوە، گەلی کورد، بەعسی چەوساندبێتەوە! گەورەترین خزمەتێک، کرێکارانی هەر نەتەوەیەک، بە چەوساوەکانی نەتەوەکانی دیکەی بکەن، ڕۆنانی تەلاری سۆسیالیزمە لە وڵاتەکەی خۆیاندا، نەک بەخشینی بەشێک لە خاکی وڵاتی خۆیان، بە چاوەساوەکانی وڵاتێکی دیکە. ئاخۆ سەرانی حککع لە بستێک زەویی موڵکی خودی خۆیان، خۆش دەبن، وا داوا لە کورد دەکەن، لە خاکی خۆی خۆش ببێت؟ من پێم خۆشە دەرگای کوردستان، بە ڕووی هەموو ئینسانێکدا، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام نەتەوە یان ئایینە، واز بێت، وەلێ خوازیارم دوا عاگوڵی عەرەباندن، لە ڕەگوڕیشەوە هەڵبکێشرێت.

عەلی کیمیاوی دەڵێت: (بە چەکی کیمیاوی لە تێکدەران دەدەم و دەیانبەزێنم و تا ئێران لە دوویان نابمەوە و ئەوجا بە موجاهیدینی خەڵق دەڵێم لەوێش هێرشیان بکەنە سەر.)(١) حککع لە ٢٠٠٣/٤/١٧ دا، بە بەیاننامەیەک داکۆکی لەو موجاهیدینانە کرد، کە باسکی درێژی عەلی کیمیاوی بوون! ئایا ئەو هەڵوێستەی حککع هەر لەو هەڵوێستەی ینک ناچێت، کە داڵدەی جەعفەر بەرزنجی داوە؟(٢) ئەو شێخەی بە ددانپێدانانی عەلی کیمیاوی، لە نێو هەموو کورددا، کەس هێندەی وی دڵسۆزی بەعس نەبووە.(٣)

لە کن موسڵمانان تەنیا خودا هەڵە ناکات، دەنا پێیان وایە دەشێت پەیامبەریش بکەوێتە هەڵەوە. کاک تایەر ئەگەر پێت وایە، ئەوە کوردە، عەرەب دەچەوسێنێتەوە، موجاهیدین بەشێک نەبوون لە بەعس، هەر یەکێ لە ئێوە خوداوەندێکە و لە سەروو ڕەخنەیەوە، ئەوا دۆشاو بە بیرت.

لای من موجاهیدینی خەڵق ڕێکخراوێک نییە سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی



ئێران بێت، بەڵکوو بەشێک بووە لە لەشکری عێراق. دیارە بەشێکی ئاسایی نا، بەڵکوو بەشێکی تایبەتی وەک گاردی کۆماری، هەر بۆیەش ڕژێمی بەعس گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدا. کە لە بەهاری ١٩٩١دا خەڵکی عێراق ڕا بوون، موجاهیدین بە کردەوە سەلماندیان شیاوی ئەو بایەخە بوون کە بەعس پێی دەدان، ئاخر ئەوان لە گاردی کۆماری شێلگیرانەتر، پەلاماری خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراقیان، بە کورد و عەرەبەوە، دەدا و ڕۆڵێکی گرنگیان لە تێکشکاندنی ڕاپەڕینی گەلانی عێراقدا وازی کرد.

موجاهیدین کۆمەڵێک تفەنگی بە گران بەکرێگیراو بوون و بەو پەڕی لێهاتووییەوە ڕۆڵی خۆیان وەک بکوژی پرۆفیشیۆناڵ دەبینی. موجاهیدین لایەنێکی تیرۆریستە، لەبەر ئەوە نا، ئەمریکا لە لیستی تیرۆریستاندا نێوزەدی کردووە، لەبەر ئەوەی ڕەوتاری تیرۆریستانەیە، ئەوە نەبوو دە ساڵێک زێتر لەمەو بەر، لە ستۆکهۆڵم ئاگریان لە ماڵ و منداڵی سەفیری ئێران بەردا؟

من بەش بە حاڵی خۆم، دژی ڕژێمی ئێرانم و بە داگیرکەری بەشێکی گرنگی کوردستانی دەزانم و خەو بە هەرەسییەوە دەبینم، وەلێ ئەگەر هیچ چاری دیکەم نەبێت، لە نێوان موجاهیدین و ڕژێمی ئێراندا، دووەمیان هەڵدەبژێرم. ڕاستە ڕێکخراوی موجاهیدین نەیاری ڕژێمی ئێرانە، بەڵام مەرج نییە نەیاری دوژمنمان، هەمیشە دۆستمان بێت. بەعسیش دوژمنی ڕژێمی ئێران بوو، بەڵام ئایا دۆستی چەوساوەکانی ئێران بوو؟ سەرسەختترین دوژمنی گەلەکەم، بەعس بوو؛ موجاهیدین دڵسۆزترین دۆستی بەعس بوو. ئەوە موجاهیدین بوون، ڕاپەڕیوانی کەرکوکیان سەرکوت کرد. گەلی کورد ناوی خۆی لە یاد بچێتەوە، ئەو هەڵوێستەی موجاهیدینی لە بیر ناچێتەوە.

٢٠٠٣/٤/١٦ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە دژی ئەوەی موجاهیدین بەر

پەلاماری ئەمریکا، ئێران و هێزە کوردستانییەکان، کەوتوون، بە توندی نارەزایی دەردەبڕێت. ٢٠٠٣/٤/١٧ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش وەک ڕاهاتووە، شوێن پێی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکەوێت و بەیاننامەیەک بە هەمان ناوەڕۆک بڵاو دەکاتەوە. دەرگای دوا کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە ڕووی ئەوی خواستبای ئامادەی کۆنگرەکە ببێت، کراوە بوو، لەو بوارەشدا حککع هەر لاسایی حیزبی (دایک)ی کردەوە! بەوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کۆپیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە و یەکەمیان هەرچی بکات، دووەم لاسایی دەکاتەوە، باشتر نییە هەردوو لایان ببنە حیزبێک و ناوی خۆیان بنێن: حیزبی کۆمۆنیستی عێران! شیاوی گوتنە جاران بە سوریا و لوبنان، یەک حیزبی کۆمۆنیستیان هەبوو.

پێ دەچێت شێوەنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، تەنیا بۆ چارەنووسی نادیاری موجاهیدین نەبێت، پێم وایە ئەو کۆمۆنیستانە! زێتر نیگەرانی لەنێوچوونی بەعس بن، ئاخر ساڵانێک بەعس مەسرەفی خەباتی دەکێشان! بریا حککع خۆی لە زەلکاوی داکۆکی لە موجاهیدین کردن، بە دوور گرتبا. تکا لەو جووتە حیزبە دەکەم، با ئیدی هەڵوێستی وا نەنوێنن، کە گوێگر بە بیستنی وشەی کۆمۆنیست، هێڵنج بدات.

2003. 05. 11

(١) عەلی کیمیاوی دەدوێ، ڕێگای کوردستان، ل٥، ژمارە (٣١٦) ڕۆژی ١٩٩٨/ ٩/٢

(٢) هەفتەنامەی هاوڵاتی، لاپەڕە(١) ژمارە (١٢٢)ی ٢٠٠٣/٥/٧

(٣) سەرچاوەی یەکەم * عێران: کورتەی (عێراق و ئێران)ە.



## لە شارێکی بێ ژندا

لەمێژە زەنگی دەرگام خامۆشە،
لەمێژە زەنگی تەلەفۆنەکەم بێ زایەڵەیە،
هاکا بەزەبری دەردی تەنیایی
زەنگی دڵیشم لە لێدان سرەوت.(١)

بە سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر بەعسدا، سەنگی کورد قورستر و هی داگیرکەرانی کوردستان سووکتر بوو. تورکیا چونکە هیچ بەشدارییەکی لە (ئازادکردنی) عێراقدا نەکرد، ئیدی هەرگیز ئەمریکا ئەو گرنگییەی جارانی پێ نادات، ئەمە جگە لەوەی عێراقی داهاتوو، دەبێتە دۆستێکی جێی متمانەی ئەمریکا و ئیدی ئەو زلهێزە بێ وێنەیە، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لەو ناوچە گرنگەدا، ئەو پێویستییەی جارانی بە تورکیا نامێنێت.

ئێران و سوریاش هەنووکە لە ترسی ئەوەی نەک دوای عێراق، سەرەی (ئازادکردن)یان بێت، بە بەراورد لەگەڵ پێش ٩ی ئەپریلدا، گەلێک سەلار و بێوەین. کەواتە کورد پێشتر، نە داگیرکەرانی هێندە لاواز بوون و نە هەلی زێرینی واشی بۆ هەڵکەوتووە، بۆیە وەختێتی جاڕی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بدرێت؛

***

قورئان گرنگترین سەرچاوەی زمانی عەرەبییە، کورد (قورئان)ی نییە، بیکات بە پێوانە بۆ زمانەکەی، (گۆران)ی هەیە. مامۆستا گۆران، چونکە ئەو شاعیرە زمانپاراوەیە کە فێری زمانی خاوێنی کوردیی کردووین،

پێویستە بەوپەڕی ڕێزەوە سەرنجی شیعرە باڵاکانی بدەین و جۆری مامەڵەکردنمان لەگەڵ دیوانەکەیدا، وەک مامەڵەکردنی عەرەب بێت لەتەک قورئاندا.

(لە سەرەمەرگی هیوادا،) یەکێکە لە دەقە پیرۆزەکانی شیعری گۆران، بەهرۆزی تەوەکولی کە ئەو شیعرە باڵایەی کردووە بە بناغەی گوتنەوەی بەستەی (ئەی وەی زارا)ی حەسەن زیرەکی نەمر، هاوزەمان سووکایەتی بە ئەدەب و هونەری کوردی کردووە، هاوزەمان سووک سەرنجی شیعری گۆران و گۆرانیی حەسەنی زیرەکی داوە.

ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
ئەستێرەگەشەی بەری بەیانم
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
هیوا ڕۆڵە ڕۆ، کۆرپەم ڕۆڵە ڕۆ
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
ئەو کولمە ئاڵ و نەرمونۆڵە ڕۆ
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا

گۆران خوڕخوڕ دەگری و (شین) بۆ (هیوا)ی کوڕی دەگێڕێت؛ بەهرۆزیش سەرقاڵی (شایی)یە و بەستە بۆ (زارا)ی یاری دەچڕێت! من دژی ئەوە بووم کە لە لوبنان مارسیل خەلیفە بە (تاوان)ی ئەوەی شیعرێکی لەژێر کاریگەرێتی قورئاندا نووسراوی مەحمود دەرویشی بە گۆرانی گوتبوو، بە دادگا درا، وەلێ لەگەڵ ئەوەدام، تەوەکولی بە تاوانی سووکایەتی بە هەستی گۆران و بەستەی حەسەن زیرەک کردن، دادگایی بکرێت.

***

(نە لە ئەزڤێستادا، پراڤدا هەیە و نە لە پراڤدادا، ئەزڤێستا.)(٢) نە لە (کوردستانی نوێ)دا، تاڵە (نوور)ێک دەخرێتە سەر (خەبات)ی کوردی



بەشەکانی دیکەی کوردستان و نە لە (خەبات)دا باسێک لە کوردستانێکی نوێ هەیە. لە (کوردستانی نوێ) و (خەبات)دا، (نوور) تەنیا لەسەر (برایەتی) کورد و عەرەبی (عێراق)ە.(٣)

***

تەنانەت لە ئێرانیشدا کە شمشێری ئیسلام فەرمانڕەوایە، ژن لە ژیانی سیاسیدا ڕۆڵی گرنگ وازی دەکات، وەلێ لە کوردستاندا ژن هێندە لە ناوەندی بڕیارەوە دوورە، لە وڵاتێکی بێ ژن دەچێت، کەچی بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێت، مۆدێلی فەرمانڕەوایی تێیدا هێندە دیموکراتی و پێشکەوتووە، بافتی ئەوەیە نەک هەر لە عێراقدا پێڕەو بکرێت، بەڵکوو ببێتە نموونەیەکی باڵا بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە.

لەو سێ سەد کەسەی وەک نوێنەرانی پارێزگای کەرکووک دەستنیشان کرابوون و ئەرکی هەڵبژاردنی پارێزگاریان بە دوو قۆناغ پێ سپێردرابوو، تاقە یەکێکیشیان ژن نەبوون. تەنانەت لەو لۆکاڵەدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوە دەچوو، ژن وەک تەماشاچییش، بوونی نەبوو! تۆ بڵێیت کەرکووک ناوچەیەکی بێ ژن بێت؟

***

ئەو خەڵکە بە عێراق بێگانەیەی دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر بەعس، ڕژانە سەر شەقامەکان، دەشێت بەشێکیان کەسانی ئاشتیخواز و ئینساندۆست بووبێتن و نەیانزانی بێت، عێراقی بن دەستی بەعس، وڵاتێکە لە کۆقەبر. ئەوە سەیر بوو کەسانێک کە خەڵکی وڵاتەکە بوون و سوور دەیانزانی بەعس عێراقی کردووە بە گۆڕستانێکی فراوان، کەچی بە بیانووی داکۆکی لە ئینسان کردنەوە، دژی پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر سەددام دەوەستانەوە!

کارێک کە سەددام بە خەڵکی نێوانی دوو زێی کرد، بە درێژایی مێژوو هیچ دەسەڵاتێکی خۆجێیی، یان هیچ داگیرکەرێکی دراوسێ و لە دوورەوە

هاتوو، پێی نەکردووە، ئیدی هەر لە حەجاج و هۆلاکۆ و جەنگیز خان و تەیموری لەنگەوە، تا جەنەراڵ مود و تۆمی فرانکس. دەست خۆش بوش کە دژی هەموو (دنیا) وەستایتەوە و بەعست ڕووخاند. دەست خۆش بلێر کە لایەنی ئەمریکات گرت. ئەگەر هەڵوێستی بوێرانەی ئەو دوو پیاوە نەبووایە، لەوانە بوو عێراق ٣٥ ساڵی دیکەش هەر لەژێر دەستی ئاسنینی بە خوێن سووری بەعسدا ناڵاندبای. بۆ من ئەوە گرنگ نییە بوش و بلێر لە دووی کام دەستکەوت وێڵن؟ ئەوەم بۆ گرنگە بەعسیان ڕووخاند، بۆیە هەق وایە پەیکەریان سەنتەری هەموو شارێکی عێراق برازێنێتەوە. ئەمریکا بە هەموو خەوشەکانییەوە کە لێیان بێ ئاگا نیم، ئەو فریادڕەسە بوو، گەورەترین خەونی خەڵکی عێراقی هێنیایە دی.

ڕەفسەنجانی دەڵێت: (ئەمریکا نەوتی عێراق دەدزێت. ئەوی دەستدرێژی بکاتە سەر ئێران، دەستی دەبڕینەوە.)*

بریا بەعسیش هەر نەوتی عێراقی دزیبا، ئاخر سەددام دەیدزی و دەیدا بە چەک و نەک تەنیا خەڵکی عێراق، بەڵکوو دراوسێکانی عێراقیشی پێ قەلاچۆ دەکرد. ئەدی ئاغای ڕەفسەنجانی دەستی سەددامی بۆچی نەدەبڕییەوە، کە هەشت ساڵی ڕەبەق لە بەربینی ئێرانی گیر کردبوو؟

***

چونکە کورد چواریەکی خەڵکی عێراق پێک دەهێنێت، نە بە شەڕ دەتوانێت مافەکانی خۆی دابین بکات، نە بە ئاشتی. ئاخر لە سەروەختی ئاشتی و برایەتی و ریفراندۆم و هەڵبژاردنی دیموکراتیشدا، ژمارەی دەنگ بڕیار دەدات و کورد هەر بە چواریەکی دەمێنێتەوە و زۆربە هەر دەکەونەوە سەنگەری عێراقێکەوە کە بەشێک دەبێت لە نەتەوەی عەرەب! بۆیە تاقە ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەی کورد، جیابوونەوەیە و کورد هەرگیز هەلی لە ئێستا گونجاوتری بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی، بۆ نەڕەخساوە.

2003. 05. 31



(١) بە دەستکارییەوە، لە شیعرێکی (یوسف سائیغ)ەوە وەرگیراوە.

(٢) ئەزڤێستا: هەواڵ. پراڤدا: ڕاستی.

(٣) کوردستانی نوێ، خەبات، برایەتی، نوور (النور) و عێراق، کۆمەڵێ ڕۆژنامەی تازە و دێرین.

* (٢٠٠٣/٥/٣٠ نوێژی هەینی/تاران)

# ئیسلام و عورووبە

چەندان میلیۆن خەڵک لە ئەورووپا و گەلێ جێی دیکەی دنیا، دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەو خەڵکە دۆستی بەعس نەبوون، ئاشتیخواز و دژ بە جەنگ بوون، بەڵام شێوەنی عەرەبە نەتەوەپەرستەکان و موسڵمانە توندڕۆکان بۆ ئەوە بوو، دەیانزانی بە مردنی مانگای بەعس، ئیدی هیچیان لە دۆی داهاتی عێراق پێ نابڕێت.

لە کوەێتی دراوسێی عێراق، ژن مافی دەنگدانی نییە، لە ئەمریکای داگیرکەری عێراق، تاوانبار مافی دەنگدانی نییە. نازانم کێ بوو، دوای نۆی ئەپریل گوتبووی، ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، بەعس دەیباتەوە؟ بۆ ئەوەی بەعس نەیباتەوە، پێویستە بەعسی مافی دەنگدانی نەبێت، ئاخر هەموو بەعسییەک تاوانبارێکی ترسناکە، ئاخر تاوانباری ئاسایی لە چاو بەعسیدا، پەپوولەیە.

مارتین لۆتەر کینگ دەیگوت: گەڕان لە دووی بەرژەوندیی ئابووری، جەنگ و جەنگیش ڕاسیسزمی لێ دەکەوێتەوە. بەعس بە سامانی کوردستان کە دەستی بەسەردا گرتبوو، ڕەگەزپەرستانەترین جەنگی بەسەر کورددا سەپاندبوو، بۆیە ئەوی پاساو بۆ بە بەعسیبوون دەبینێتەوە، ئەگەر کۆنە ڕەفیق حیزبی نەبێت، ئەوا بە هۆشیارییەوە سووکایەتی بە قوربانییەکانی دەستی بەعس دەکات.

(شەوەزەنگ سەر لە ئێوارە دیارە.) بەوەدا ئەنجوومەنی حوکم، ڕۆژی ژنانی لە هەشتی ئادارەوە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی فاتیمەی کچی پێغەمبەری ئیسلام گۆڕی و لە بواری بەخشینی ڕەگەزنامەی عێراقیشدا، عەرەبی بە چاکترین ئوممەتی سەر زەوی لە قەڵەم دا، لە گومان بەدەرە، دەستووری داهاتوو هێندە توند هەردوو دەستی ئیسلام و عورووبە لە بەربینی خەڵکی



عێراق گیر دەکات، تا نەیتاسێنێت، بەری نادات.

ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان هەر لە خاچی سوورەوە، تا پزیشکانی سنوور نەناس، ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانەیە کە ئەمریکا کاولیان دەکات. هەر چی ئەمریکا بیدڕێنێت، لایەنێکی خێرخواز پەیدا دەبێت، پینەی بکات. دەزانم ئەمریکا چی بە ژاپۆن و ڤێتنام و چیلی کرد، وەلێ بریا وەک بەعسی ڕووخاند، ئەرکی نووسینەوەی دەستووری داهاتووی عێراقیشی لە ئەستۆ گرتبا، چونکە مۆدێلی ئەمریکایی بە هەموو خەوشەکانیشیەوە، هێشتا زۆر لە شێوازی ئیسلامی و عەرەبی، ئینساندۆستترە. پێش نۆی ئەپریل باشووری کوردستان هەر بە دەست عورووبەوە دەیناڵاند، ئەگەر جاڕی سەربەخۆیی نەدەین، لەمەو دوا عورووبە تێمان هەڵدەدات و ئیسلامیش بۆی دەسەنێتەوە. ئیسلام و عورووبە، میللەت نییە، بەرگەی حوکمی یەکێکیان بگرێت، تۆ بڵێیت کورد، هێندە شێر بێت، شان بداتە ژێر باری دژواری هەردووکیان!

***

چونکە ڕاستی دەڵێم، پێویستم بەوە نییە، بە دوای وشە و دەربڕیندا بگەڕێم. کە خوێنەرەکانم بە نووسەرێکی ئازام دەزانن، تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوەیە، هیچ فێڵ لە هەست و بیری خۆم ناکەم و خۆم وەها نیشان دەدەم، کە هەم، نەک وەک ئەوەی دەسەڵاتداران دەخوازن. هەمیشە وەختم هەیە بۆ ئەو شتانەی خوازیارم بیانڵێم و قەت لێ ناگەڕێم هیچ لە دەروونمدا پەنگ بخواتەوە.

بیست ساڵێک لەمەو بەر، ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکمدا، لە کەناری ڕێی بەکرەجۆ دانیشتبووین. بۆنێکی ناخۆش دەهات، بێ ئەوەی بزانین بۆنی چییە. من لەوم پرسی: بە ڕاست ئەوە بۆگەنی چییە؟ خۆش هاتە وەڵام و گوتی: بۆگەنی نیزامەکەیە. وەک باوە، ڕژێمە نادیموکراتەکان، دوای چەند ساڵێک لە فەرمانڕەوایی بۆگەن دەکەن، کەچی بۆگەنی ئەنجوومەنی

حوکم، پاش یەک دوو هەفتە لە سەرهەڵدانی، باشووری کوردستان و عێراقی گرتەوە.

ئەنجوومەنێک بەڵێنی دابێت، شەریعەت بکاتە بەردی بناغەی ڕۆنانی دەستووری داهاتوو، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت، ڕۆژی لەدایکبوونی ‹فاتە گوڵێ›ی کچی پەیامبەری ئیسلام، بکاتە ڕۆژی ژنانی عێراق. لە خۆشەویستیی ڕۆزا لۆکسەمبورگ، لەمێژە ژن و پیاوی کورد ناوی (ڕۆزا) لە کیژەکانیان دەنێن، کەچی تازەکی کورد ناچار دەکرێت، ملکەچی یاسایەک بێت، کە پشت بە ئەسپی باوەڕێک دەبەستێت، دەمێکە لە کوردستان تووشی گلان هاتووە. پاسۆک دەبێژن: پێش ئەوەی هیچ شتێک بیت، کورد بە! پێ دەچێت حەمید مەجید موسا پێش ئەوەی شیوعی بێت، (شیعە)بێت، ئەگەر نا نەدەبووە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە.

2003. 08. 29



# مەلەکردن لە نێو نەوتدا

من بۆیە لە هەردوو بواری شیعر و سیاسەتدا تووشی نسکۆ هاتم،
چونکە وەک سیاسەتوانێک شیعرم دەنووسی و
شاعیرانە لە سیاسەت ورد دەبوومەوە.

نامۆ سامان پێم دەبێژێت:
(خۆشحاڵم لەو هیچستانەدا تۆ هەیت،
ئەگەر ڕۆژێک وەک مەسیح لە خاچ درایت،
ئەوساکە ڕۆحت لەو هیچستانەدا گوڵ دەگرێت.)

ڕزگار تاهیر مەحموود بۆم دەنووسێت:
(من زمانم نیبیە بۆ دەربڕینی کلمە الحق
بۆیە گوێچکەم بۆ پەیڤەکانی تۆ شل کردووە.)
نازانم چۆن پاداشتی ئەو هێژایانەی کە ڕێز لە وشەکانم دەگرن، بدەمەوە؟ وەلێ سۆزیان پێ دەدەم، سووکایەتی بە قەڵەمەکەم نەکەم.

***

عێراق لە نێو نەوتدا مەلە دەکات، ئاخۆ ئەگەر بنی عێراق زەریایەک نەبووایە لە نەوت، ئەمریکا لەو دوورەوە، بۆ ڕووخاندنی بەعس بە ڕێ دەکەوت؟ نەوت شمشێرێکە دوودەم، بە دەمێکیان بەعس خەڵکی عێراقی دروێنە دەکرد، بە دەمەکەی تریشی ئەمریکا عێراقی ئازادەداگیر کرد. کوردستان کە بە هۆی هەبوونی نەوتەوە داگیر کرابوو، هەر لەبەر هەمان هۆکاریش، لە دەستی بەعس ڕزگاری بوو. سەددام سەد هێندەی دیکەی بە خەڵکی عێراق کردبا، وەلێ عێراق نەوتی شک نەبردبا، ئەمریکا نە ئازادی دەکردین، نە داگیر.

دوو مانگ بەسەر ئازادەداگیرکردنی عێراقدا تێپەڕیوە و چەکی کۆکوژ نەبینراوەتەوە. دۆستەکانی ڕژێمی بەعس و ئەوانەی چاویان بە سەرکەوتنی بوش و بلێردا هەڵنایە، ئەو قەوانە لێ دەدەن. ئایا چەک هەیە کۆکوژتر لە سەددام؟ زۆر لە وڵاتانی دنیا چەکی کۆکوژیان هەیە، وەلێ چونکە لەو وڵاتانەدا سەددامێک فەرمانڕەوا نییە، ئەو چەکانە مەترسییەکی ئەوتۆیان نییە. ئەگەر هەموو کۆقەبرەکانی عێراق هەڵبدرێنەوە، ئەگەر هەموو پۆشاکەکانی بەعس لەبەر تیشکی هەتاو هەڵبخرێن، ئەوسا ئەوە لە گوماندا نامێنێت، ئەوی بەعس بە خەڵکی عێراقی کردووە، نە تورکیا بە ئەرمەن و نە ئەمریکا بە ڤێتنام و نە خۆمێری سوور بە کەمبۆدیای کردووە. ئایا بەعس چەکی کۆکوژی هەبوو؟ تەنیا کەسانی کەمئاوەز پرسیاری وا لە کورد دەکەن، ئاخر بەعس چەندان جار چەکی کۆکوژی لە کورددا تاقی کردووەتەوە.

ئەو کەرەی بە پارەی بەفر بیکڕین ئاو دەیبات. ئەو ڕژێمەی دەمڕاستەکەی درۆزنێکی وەک سەححاف بووبێت و لەسەر بناغەی درۆ و ساختە ڕۆ نرابێت، بە هانابردنە بەر بەڵگەی ساختە و پاساوی درۆ هەرەسیش دەهێنێت. دەشێت بوش و بلێر بۆ ئەوەی (ڕەوایی) بە جەنگ لە دژی بەعس بدەن، درۆیان بۆ دنیا کردبێت، بەڵام درۆیان لەگەڵ خەڵکی عێراقدا نەکرد، وەک پەیمانیان دابوو، ڕژێمی بەعسیان ڕووخاند. بەڵگە و پاساوی وان ڕاست بووبن یان هەڵبەست، مەبەستیان پاکژ بووبێت یان پۆخڵ، بە ڕووخاندنی بەعس گەورەترین ئاواتی خەڵکی عێراقیان بەدی هێنا.

***

حەمەی مام ئەوڕەحمان یادی بە خێر، جاران زوو زوو هێرشی توندی دەکردە سەر نووسەرانی کورد. جارێکیان لە پۆستەی خوێنەرانی گۆڤاری (سروە)دا بۆیان نووسیبوو: (سەددام بەو دڕندەییەی خۆیەوە، ناوبەناو



لێبوردن دەر دەکات، پیاوی چاک بە، تۆش فەرمانی بەخشینێک بۆ ئەو نووسەرانە دەر بکە!) شیاوی گوتنە یەک نووسەری کورد شک نابەم، هێرشەکانی حەمەی مام ئەوڕەحمان زیزی کردبێت و نەک هەر هێشتا هیچ نووسەرێک لە گوڵ کاڵتری پێ نەگوتووە، بەڵکوو هەمیشە هەموویان خۆیان بە لایەنگری زانیوە.

قسەیەکی نەستەقی کوردی هەیە دەبێژێت: (هەزار ساڵ بکەی بێگانەپەرستی، ئاخری دەهێنیت نوشوستی.) ئەو کوردانەی دەیان ساڵ بەعسی بوون، واتا: ناپاک و بێگانەپەرست بوون، هەنووکە دوای هەرەسی بەعس، بە جۆرێک تووشی نوشوستی هاتوون، شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەن. بەعسییە عەرەبەکان دەشێت، دەیان پاساو بۆ بەعسیبوونیان بیننەوە، وەلێ بڕوا ناکەم کوردی بەعسی، تاقە پاساوێکی بەجێ بۆ بەعسیبوونی بدۆزێتەوە.

هەزار ساڵ بکەی بێگانەپەرستی، ئاخری دەکەویتە بەر ئەمنستی.(*)
یان: هەزار ساڵ بکەی بێگانەپەرستی، ئاخری دەکەویتە بەر لێبوردنی گشتی. من بەوە قایلم کوردە بەعسییەکان، بەر بەخشین بکەون، بەڵام ترسی ئەوەم هەیە، ڕێزیان لێ بگیرێت و ساڵانی دووروودرێژی بەعسیبوونیان، بە خزمەت و خەبات و کوردایەتی لە قەڵەم بدرێت و لە عێراقی داهاتووی یەکگرتوو، پەرلەمانی، فرەلایەنی، دیموکرات، فیدراڵ و کۆمەڵێ ئاوەڵناو و ناو و ناتۆرەی دیکەشدا، کام پۆست بڵندە پێی شاد بن. ترسی ئەوەم هەیە، عەبدوڵڵا عەباس، کە تا دوێنێ سەرنووسەری هاوکاری بوو، سبەی ببێتە سەرنووسەری کوردستانی نوێ، یان هی برایەتی.

گەمەیەک هەیە بە کارتی قومار دەکرێت، دەتوانیت سەدان کارت بە جۆرێک ڕیز بکەیت، هەر کە پەنجەیەکت بەر یەکەمیان کەوت، ئەوانی دیکە یەک لە دوای یەک بڕووخێن. بەعس تەلارێکی بڵندی لە کارتی

قومار ڕۆنراو بوو، هەر بۆیە ئەوی بە سی و پێنج ساڵ بنیاتی نابوو، بەرگەی سی و پێنج ڕۆژی نەگرت. تۆ بڵێی لەو دیتنەوە کە بەعس کۆشکێک بوو لە کارتی قومار ڕۆنراو، ئەمریکا هەنووکە بە هانابردنە بەر کارتی قومار، بە دوای سەرانیدا بگەڕێت؟

***

بەعس هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردبووین. بەعس هەموو شتێکی خاپوور کردبووین. ئەوە بەعس بوو بڕیاری دەدا، ئێمە لە زینداندا بژین، یان لە دەرەوەی. لە شار بژین، یان لە شاخ، لە وڵات بژین یان لە هەندەران. ئەوە بەعس بوو بڕیاری دەدا، ئێمە بژین، یان بمرین. بەعس بە داهاتی وڵاتی خۆمان، نیشتمانی کاول دەکردین. بەعس بەو نەوتەی لە بن خاکی خۆماندا هەبوو، هەرچی لەسەر خاکی خۆمان بووایە دەیسووتاند. بەعس توانای بیستنی قاسپەی کەوێکی ئازادی نەبوو. بەعس توانای ژنەوتنی ترپەی دڵێکی نەبوو کە بۆ ئازادی لێ بدات. بەعس چرپەی نێوان دوو ئەوینداریشی دەخستە ژێر چاودێرییەوە.

ئەوە ئەو خەڵکە چۆن دەتوانن، بەعسی ببینن و هێڵنج نەدەن؟ ئەوە ئەو خەڵکە دوای هەڵدانەوەی کۆقەبرەکان، چۆن دەتوانن، لەبەر بۆگەنی بەعس، لە عێراقدا هەڵبەکەن! ئەوە ئەو خەڵکە چۆن دەتوانن لەگەڵ بەعسییەکاندا هەمان هەوا هەڵبمژن! بێمەوە و بەعسی ببینم، یەکسەر دەرشێمەوە. ئەگەر قەرارە (بەعسی)ش ئینسان بێت، ئەوا من پێم ناخۆشە ئینسان بم. پەشیمانم کە بیست و یەک ساڵ لەمەوبەر گوتبووم: (کە بە لای بەعسییەکاندا ڕەت دەبن، سڵاویان لێ مەکەن، وا بزانن، ئەوانە پشیلەن، سەگن، مشکن، کوللەن.) داوای لێ بوردن لەو گیاندارانە دەکەم، ئاخر سەگ و پشیلە، مشک و کوللە، زۆر لە بەعسی هێژاترن و من لە نەفامیمەوە سووکایەتیم پێ کردبوون.

بە داخەوە ڕابوونی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی باشووری عێراق



تووشی نسکۆ هات. بە داخەوە ئەوە مارینز بوو، بەعسی ڕووخاند، نەک خەڵکی عێراق. بەعس هەموو شتێکی لێ داگیر کردبووین، خەون نەبێت. ئێمە خەونمان بەو ڕۆژەوە دەبینی، ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق هەرەس بە بەعس بهێنێت، لێ مارینز ئەو خەونە جوانەی لێ تێکداین. بەعس ژیانی لێ تێکداین و مارینزیش خەون. بەعس واقیعی شێواندین و مارینزیش خەیاڵ. بریا نۆی ئەپریل بە توانای خەڵکی عێراق تۆمار کرابا نەک بە تانکی مارینز. بە داخەوە مێژوو ئەوەیە ڕووی داوە، نەک ئەوەی ئێمە خوازیار بووین ڕوو بدات.

2003. 08. 16

---

(*) Amnesty : لێبوردنی گشتی.

# کاڵەک و ئەژنۆ

زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی سایتە کوردییەکان بەڕێوە دەبەن، چونکە سەرەواوێکیان لە هەناودا نییە، نە وڕێنە لە نووسین جیا دەکەنەوە، نە جنێو لە ڕەخنە، نە گونی خۆیان لە گێزەر. بەڕێوەبەرانی ئەو سایتانە، لە بێسەوادییانەوە، وەختی خۆیان بە بڵاوکردنەوەی شتگەلێکەوە بە فیڕۆ دەدەن، هەر چییەک بن، نووسین نین و شیاوی سەبەتەی بەرماوەن، نەک پەخشکردن.

ئەوانەی پەیتا پەیتا شت بۆ سایتە کوردییەکان دەنێرن، فریان بەسەر نووسینەوە نییە و هیچیان لە داهاتوویەکی دووریشدا نابن بە کۆلکەنووسەر. ئەوانە کە توانای نووسینی ڕستەیەکی ڕاست و بەسوودیان نییە، کەسانی بێ ئیشی چاو و ڕوو قایمن و هیچی تر. چونکە سایتە کوردییەکان هەر چییەکی ئەوانەیان پێ بگات، دەستبەجێ بۆیان بڵاو دەکەنەوە، چونکە دڵسۆزێک شک نابەن، بەزەیی پێیاندا بێتەوە و پێیان بڵێ، ئێوە خۆتان کردووە بە گاڵتەجاڕ، بەستەزمانانە خۆیان لێ بووە بە نووسەر!

من لە دڵسۆزیمەوە بەو بێئیشانە دەڵێم، خوێنەر گاڵتەی بە ئاوەزتان دێت و ئەگەر تۆزێکیش پێتان سەرسام بێت، ئەوا سەرسامییەکەی زادەی ڕووقایمیتانە، ئەو ڕووقایمییەی لە کاڵفامییەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک بوێری. من جەرگم بۆتان ژان دەکات و هیچ گومانم لەوە نییە، ئەگەر ڕۆژێک عەقڵ بە ڕێکەوت بێت بە میوانتان، هەست دەکەن، خۆتان کردووە بە قەشمەر نەک بە نووسەر.

***

عەبدولحەلیم حافیز کە هێشتا عەرەب گۆرانبێژی لەو مەزنتری تێدا



هەڵنەکەوتووە، هەر کە قوتابخانەی سەرەتایی تەواو دەکات، لە (زەقازیق) موزیک دەخوێنێت، تا دەبێتە ئەندامی تیپی موزیکی شارەکە و مامۆستای موزیکی قوتابخانەیەکی کیژان. دواتر دەچێتە قاهیرە و لەوێش دەبێت بە مامۆستای موزیکی منداڵان و پەیمانگای باڵای موزیکیش تەواو دەکات.

چونکە دەنگی خۆش دەبێت، هاوڕێکانی هانی دەدەن، بچێت لە ئێزگە دەنگی تاقی بکاتەوە، کە دەچێتە ئێزگە و گوێی لێ دەگرن، دەنگی پەسەند ناکەن، کۆڵ نادات و جارێکی دیکەش دەچێتەوە، وەلێ دیسان هەر دڵی دەشکێنن، نائومێد نابێت و لە ١٩٥١دا کە تەمەنی ٢٦ ساڵ دەبێت، بۆ جاری سێیەم دەچێتەوە بەردەمی کۆمیتەی دەنگ تاقیکردنەوە، ئەمجارەیان، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەکە، (کەمال تەویل)ی هونەرمەند دەبێت و دەنگی پەسەند دەکرێت. شالووری ئەسمەر ئاوا بە زەحمەت دەرگای ڕادیۆی بە ڕوودا دەکرێتەوە، کەچی هەنوکە لای ئێمە هەر دەنگناسازێکی بە دنیای هونەر نامۆ، هەر هێندەی ئەورووپانشین بێت، بڕێک پارە شک ببات، دوو سێ کیژۆڵەی قژزەرد لە خۆی کۆ بکاتەوە و کلیپێک بۆ هەر کام لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕەوانە بکاتەوە، یەکسەر بۆی دادەبەزێن و وەک هونەرمەند بە بینەری قەڵەندەری کوردی دەناسێنن!

باشووری کوردستان تژییە لە هونەرمەندی ڕاستەقینە، کەچی ئەو کارە نزمانە بە فیلتەری بەشی هونەری کەناڵە ئاسمانییەکاندا سووک و باریک تێدەپەڕن! نازانم کێن ئەوانەی لە بواری نیشاندانی گۆرانیدا، بڕیاریان بە دەستە، بەڵام دەزانم، ئەگەر کەسانی دەست و پێ سپی نەبن، ئەوا بەبێ شک، کەسانێکن هەرگیز خاوەنی میزاجی کوردەواری نەبوون، تا لەم دواییەدا تێک چووبێت.

جاران ئەو هونەرمەندە میللییە بەستەزمانانەی بۆ دابینکردنی بژێوی، دەهۆڵیان دەکوتا، زوڕنایان دەژەند، یان ورچیان هەڵدەپەڕاند، پێیان

دەگوترا لۆتی! ئێستا ئەوانەی لە بواری هونەردا هیچیان لە باردا نییە، تەنیا ورچ ئاسا هەڵدەپەڕن، پێیان دەگوترێت: هونەرمەند!

***

جارێکیان ناسری ڕەزازی بە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: شیعرێکم نووسیوە، بۆت دەخوێنمەوە، بزانە چۆنە؟ (شیعر)ە دەخوێنێتەوە و لە شێرکۆ دەپرسێت، ئەدی تۆ بەرهەمی تازەت بە دەستەوە نییە؟ ئەویش دەڵێت: خەریکی گۆرانییەکم، کۆپلەیەکیت بۆ بڵێم، بزانیت چۆنە؟ ئەگەر نەڵێم هەموو، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری گۆرانیبێژانی کورد، لە بواری ئەدەبدا، دەست و پێ سپین. شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

*لە گەرووتانا ڕەشەبای سلێمانین.*

*مەزهەری خالقی دەبێژێت:*

*لە گەردوونتانا ڕەشەبای سلێمانین!*

بە لای عەدنان کەریمەوە، کاریگەرترین بەرهەمی خۆی، (ئەڕۆی ئۆغر)ە، کەچی لە گوتنیدا هەڵەی کردووە. گۆران دەڵێت:

*بە دووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا*

*تەماشای لالەزار(ی) ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟*

عەدنان دەڵێت:

*تەماشای لالەزار (و) ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟*

گۆران بە کلاولار دەڵێت: فرمێسکی خوێنینم سەرەڕێتی کردووە بە لالەزار. لالەزار، گوڵجارە، لێ هەموو گوڵێک نا، جاری گوڵاڵەسوورە، یان مێلاقە، کە لە گوڵاڵەسوورە گچکەترە. سترانبێژ دەرکی بەو پێوەندییە پڕ وردەکارییەی نێوان بارانی فرمێسکی خوێنین و سەرهەڵدانی گوڵاڵەسوورە نەکردووە. ڕاگوزەر، دوو مانای هەیە: ڕێگای هاتوچۆ و ڕێبوار. گۆران مەبەستی ڕێی هاتوچۆیە، بەو جۆرەی عەدنان دەیڵێت، بە مانای ڕێبوار دێت.



*من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا*

*هەتاوی بیر ڕووناک ئەکا بەر چاوم*

کێشی (بەستەی نەبەز)ی گۆران، یازدە بڕگەییە، کەسێک کالاّی ئاوازێکی هێناوە، کورت بە بالاّی ئەو شیعرە، بۆیە هاتووە، هەر دێڕە نا دێڕێک سێ بڕگەی کۆتایی بڕیوە، تا لەگەڵ ئاوازەکەیدا هاوبالاّ بن! لەو کارە بە ناو هونەرییەدا، شیعرەکەی گۆران بەم جۆرە کلک و گوێی کراوە:

*من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا*

*هەتاوی بیر ڕووناک ئەکا.*

دەنگبێژ سێ بڕگەی کۆتایی فەرامۆش کردووە، ئەدی گوێگر ئیشی چییە، با تەواوی بکات! ئەوە نییە هەندێ شاعیر بۆ ڕێزگرتن لە زیرەکیی خوێنەر، ڕستەکان تەواو ناکەن و بۆشایی و شوێنی سپی جێ دەهێڵن!

کەسێکی دیکەی ئەورووپانشین بە پێچەوانەی ئەو ئاسیانشینەوە، شاخی لە شیعری (گۆمی خوێن) ڕوواندووە. هێمن دەڵێت:

*عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا؟*

*چ قەوماوە؟ دڵی تۆ بۆچی گۆڕا؟*

*ئەو دەبێژێت:*

*چ قەوماوە؟*

*دڵی تۆ بۆچی گۆڕاوە؟*

تازەترین بەرهەمی دڵنیا قەرەداغی، (عەشقە قەدەغەکراوەکان)ە. هیتلەر لە هیچ ڕوویەکەوە کەسێکی ئاسایی نەبوو، تەنانەت لە بواری خۆشەویستیشدا، حەزی لە خوشکەزایەکی کردبوو. هۆمۆسێکسوال و لێزبیان ئەو پیاو و ژنانەن حەز لە هاوچەشنی خۆیان دەکەن. عەشقی قەدەغەکراو، ئەو جۆرە پێوەندییانەی بیر هێنامەوە، کە دڵنیام، مەبەستی دڵنیا عەشقی ئاساییە، نەک تابوو، بەڵام توانای دەربڕین بە هانایەوە نەهاتووە.

سترانبێژانی ئێمە، زۆربەی هەرە زۆریان تەنیا دەنگیان خۆشە و هیچی تر. بە دەگمەن ڕێ دەکەوێت، یەکێکیان توانای ژەنینی ئامێرێکی (بێجگە لە دەف،) هەبێت. وەک ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە، هیچ نەبێت ئەو شیعرەی هەڵیانبژاردووە، پێش گوتنی پیشانی شیعردۆستێکی نادەن! لەمەش کارەساتتر، زۆربەیان خۆیان بە شاعیر دەزانن و (شیعر)ی وا دەچڕن، سەربەقوڕ گوێی لێ بێت، قاقای دەگاتە ئاسمان. بەهجەت یەحیا لە پێناوی هێنانەوەی سەروادا، لوقمانی حەکیمی کردووە بە حەکیمی لوقمان! هەندێک لەوانەی (گۆرانی) دەبێژن، تەنانەت دەنگیشیان یاریدەیان نادا، تیڤی و ڕادیۆکانیش، ئاو بە ئاشی ئەم پاشاگەردانییەدا دەکەن، ناهەقمە بڵێم: ئەوی بۆ گۆرانبێژ دەست دەدات، بۆ کەسی دیکە دەست نادات.

***

لە بۆکسانێدا، ئەوی سەر بە کێشی سووک بێت، ناچێتە شەڕی بۆکسەوانێکی کێشی مامناوەندی، یان قورسەوە. نەسیم حەمید گێچەڵ بە مایک تایسن ناکات. ئەگەر لە نووسینیشدا هەر کەس کێشی خۆی زانیبا، چۆلەکە نەدەچووە شەڕی هەڵۆوە. بۆکسەوان بۆی نییە، بۆکس لە پشتوێن بەرەو خواری ڕکەبەرەکەی بدات. بریا دەروازەی کۆشکی بڵاوکردنەوە بە ڕووی ئەوانەدا کە هێڵی سوور دەبەزێنن و بۆکسی وشە ئاڕاستەی ژێر پشتوێن دەکەن، کلۆم دەدرا.

من ئەگەرچی گەلێ لەقەی وشە ئاڕاستەی ژێر پشتوێنم کراوە، وەلێ بە دەگمەن لەو لەقەوەشێنانە هاتوومە دەنگ. کە بە پێویستم زانیبێت و وەڵامی یەکێکیانم دابێتەوە، کردوومە بە کەرەسەی نوکتە. یەکێک لە خوێنەرەکانم جارێکیان پێی گوتم: (کە ڕەخنەیەکی نابەجێت لێ دەگیرێت و سوور دەزانم مافت پێشێل کراوە، بەزەییم بە ڕەخنەبازەکەدا دێتەوە، ئاخر دڵنیام ئەگەر بەرسڤی بدەیەوە، دەیکەیت بە پۆڕی خوراو.)



(کە خەڵکی مەکدۆنیا گوتیان ‹پیرو›مان لە تۆ پێ باشترە، شا دیمیتریۆس، وەک پاشا ڕەوتاری نەکرد، پۆشاکی شایانەی فڕێ دا و جلێکی ساکاری پۆشی و بە هێمنی وڵاتی بەجێ هێشت، تەواو وەک ئەکتەرێک کە دوای نمایش جلەکانی دەگۆڕێت و دەڕوات.)*

بریا بڵاوکراوە کوردییەکان، نەریتی ڕاپرسینیان ڕەچاو دەکرد و ئابڵووقەیان دەخستە سەر نووسەرانی بێ خوێنەر. بریا ئەوانەی دەیان ساڵە دەنووسن و هێشتا خوێنەرێک پێی نەگوتوون: دەست خۆش، وەک شا دیمیتریۆس، چۆن بەرگی شایانەی فڕێ دا، قەڵەمیان دوور توورِ دەدا.

کۆمیدیای ڕەشی قەترانی ئەوەیە، هەندێک لەوانەی توانای نووسینی ڕستەیەکی ڕاست و ڕەوانیان نییە، ڕێساکانی نووسین و بڵاوکردنەوە بۆ نووسەرانی کێشی قورس دەستنیشان دەکەن. سەبارەت بەوانەی لە کێشی مندا نین و گێچەڵم پێ دەکەن، هەمیشە ڕێسای سەد قەل و بەردێک ڕەچاو دەکەم.

***

لێرە ئیشێک هەیە، کەسێکی گونجاوی بۆ دەدۆزنەوە، لای خۆمان بێئیشێک هەیە، ئیشێکی بۆ دەبیننەوە. یەکێک لەو ئیشانەی کوردی بێئیش بە چاوپۆشین لەوەی لە کوێ دەژی، پێوەی خەریکە، گۆڤار و بڵاوکراوە دەرکردنە. زۆر کوردی نامۆ بە جیهانی وشەی کوردی، ئەوانەی نە توانای نووسینیان هەیە و نە نامیلکەیەکیان دەربارەی ڕۆژنامەگەری خوێندووەتەوە، سەرقاڵی دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەن، بەو ئومێدەی لەو بوارەدا نانێک یان ناوێک، یان هەردووکیان پەیدا بکەن. لە ئەورووپا، سواڵکەر لە ڕێی موسیک لێدانەوە دەرۆزە دەکات، هیچ کوردێک ناناسم، بەو شێوازە سواڵی کردبێت، بەڵام هەندێک کورد دەناسم، لە ڕێی دەرکردنی بڵاوکراوەوە بە ئاشکرا خەریکی دەرۆزەکردنن.

ئەوی توانای نووسینی نەبێت و بە زەبری بێکاری لە دەرگای

ڕۆژنامەگەریی دابێت، بە گۆڤار دەرکردن، دەشێت ناوی بزڕێت، وەلێ ناوبانگ پەیدا ناکات. ناوبانگ دەرکردنی پیرەمێرد و گیو موکریانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە سۆنگەی ئەوەوە نییە، کە ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەرکردووە، لەبەر ئەوەیە شاعیر، زمانزان و چیرۆکنووس بوون. کە ئەدونیس لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، پێوەندیی بە گۆڤاری ‹شیعر›ەوە نییە، زادەی ئەوەیە کە خۆی بە تاقی تەنیا، دیاردەیەکی ڕۆشنبیرییە.

لە ناو کوردیشدا کەم نین ئەوانەی ئەدیب نین، وەلێ ڕۆژنامەنووسی بەتوانان. لە کوردستان و لە هەندەرانیش کەسانی شیاو زۆرن، کە بەو پەڕی عەشقەوە سەرقاڵی ئیشی ڕۆژنامەگەرین و جێدەستی خاوێن و پیرۆزیشیان دیارە، بەڵام جێی داخە کەسانێکی بێ سەرمایەی ڕووناکبیری، لە هەوڵی ئەوەدان لە ڕێیەکی خاوێنی وەک ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، بە مەرامە پۆخڵەکانیان بگەن. پێم وایە لە مێژە کاتی ئەوە هاتووە، چ لە کوردستان و چ لە هەندەرانیش کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوە دابخرێن، نەک بیر لە دەرکردنی هەندێک گۆڤاری دیکە بکرێتەوە، کە پێش دەرچوونیان گڵانیان گەش دیارە.

***

شاعیر دەبێت بە زمانی ئینسانێکی باڵا بنووسێت. ئینسانی باڵا هەیە یان نا؟ ئەمە جێی مشتومڕە، وەلێ ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت، کە شیعر بە زمانێکی باڵا دەنووسرێت. شیعر بە زمانی کۆڵان نانووسرێت، بە زمانی دیوان دەنووسرێت، بەو زمانە بەرزەی لە دیوانی (نالی) یان (گۆران)دا چاومان پێی ڕۆشن دەبێتەوە.

دەست بدەینە باڵی ئەو (مێلورە) تۆزاویانەی

کە لە (تونیاندا) لەسەر گەڵا چەورەکانی کوزەڵە دەخزێنە نێو خوڕەی چەم.(١)

وەک ڕێنووس لەو دێڕ و لەتەدا چوار هەڵە هەیە و وەک ڕێزمانیش دوو



هەڵە.** با دەست لە یەخەی ڕێنووس و ڕێزمان کە هیوا قادر نازانێت دەکەونە کام گۆشەی دنیاوە، بەر بدەین و بێینە سەر ئەوەی هێشتا زمانی پاک نەبووەتەوە و لەبری مێروولە، (مێلوورە) و لە جیاتی تینوو، (توونی) دەبێژێت! ئەمەش تەواو وەک ئەوە وایە لە بری ڕوبع، (ڕوعب) و لە جێی جومعە، (جوعمە) بڵێین.

کابرایەک لە ئوپسالاوە کە شارێکی زانکۆییە لە سوێد، لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت: (ئێمە بە ناهەق تفەنگ بە تاریکەشەوەوە نانێین.)(٢)

بەو زاتە کە تەنیا بە هەق! تفەنگ بە تاریکەشەوەوە دەنێت، دەڵێم: تەقە لە تاریکەشەو کردن، هەق و ناهەقی تێدا نییە و هەمیشە کارێکی گەوجانەیە. کاکیلە خۆ کەس بە زەبری چەک ناچاری نەکردووی (تفەنگ بە تاریکەشەوەوە نان،) بخەیە ڕستەوە، (کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی، لە مەعنای ئیدیۆم(٣) نازانی،) مەنووسە! بێجگە لەمە تۆ لە شارێکی زانکۆیی دەژیت، باشتر نییە، چەک دابنێیت و دەست بدەیتە بەخێوکردنی کۆتری ئاشتی؟ دوو سەدەیە سوێد لە هیچ شەڕێکدا بەشدار نەبووە، ئیدی تۆ ئەم شەڕەتەقەیەت لە چییە؟ لایەنی هاوبەشی نێوان هیوا و ئەم تفەنگچییە کە بەردەوام (لە ماڵەوە فیشەک دادەگرێتەوە،) تەنیا لاوازیی کوردییەکەیان نییە، (پۆست)یشە، ئاخر هیوا بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕەهەندە کە تاقمی (پۆست)مۆدێرنیستەکان! تێیدا دەنووسن و ئەم لە (پۆست)کار دەکات.

2003. 11. 08

---

* دیوان کاڤافیس، ترجمة نعیم عطیة، ص ٢٩ دار سعاد الصباح، الکویت ١٩٩٣

(١) هۆنراوەی: ئێوارە دەڕوا و.. هیوا قادر، ٢٠٠٣/١١/٦ سایتی دەنگەکان.

(٢) بۆ بەڕێز چوستی محێدین ٢٠٠٣/١١/٦ ماڵپەڕی کوردستان نێت.

(٣) idiom: دەربڕینێکە لە ڕێی زانینی واتای وشەکانییەوە، مەبەستەکەی ڕوون نابێتەوە.

** هەڵەی ڕێنووس: مێلووره، نەک مێلوره. تۆزاوییانەی نەک تۆزاویانەی. توونیاندا نەک تونیاندا. کووزەڵە نەک کوزەڵە. هەڵەی ڕێزمان: لەسەر گەڵا چەورەکانی (کووزەڵەوە،) نەک کووزەڵە. (چەمەوە،) نەک چەم.



# عێراق یان کوردستان؟

کابرایەک کە حەزی لە ڕاوی فیلەگێژەیە، بێ ئەوەی کەس دەنگی بۆ دابێت، بێ ئەوەی لە هیچ بوارێکدا خاوەنی توانا بێت، تەنیا لەبەر ئەوەی باوکی پاشا بووە، خۆیشی بووە بە پاشا. کارڵ گوستاف کە هەنووکە پاشای سوێدە، هەر کە سەرنجی سیمای دەدەیت، بە سەلیقە وای بۆ دەچێت کە پیاوێکی گەمژەیە و سەلیقەشت بە هەڵەیدا نەبردوویت.

بەرچاوترین کەلێن لە سیستەمی دیموکراتیی سوێددا، ئەوەیە، بەبێ هیچ ڕیفراندۆمێک، ئەو کابرایە بووە بە پاشای وڵاتێکی ئاوەدان. شای سوێد، بێ ئەوەی شیاوی ئەوە بێت، نوێنەری سوێدە لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوەوەی وڵات. کە گەورەئەدیبانی دنیا، نۆبێڵ وەردەگرن، ئەو پاشایە کە لە ژیانیدا ڕستەیەکی جوانی نەنووسیوە، خەڵاتەکەیان پێشکەش دەکات!

پاشای سوێد لەو ڕۆژەوەی چاوە شینەکانی بە ڕووی ژیاندا هەڵێناوە، چواردەوری بە خزمەتکار تەنراوە، هەرچی ویستبێت، بۆی دابین کراوە، چونکە لە هیچی کەم نەبووە، قەت خەوی بە هیچەوە نەبینیوە. کابرایەک بەو پێشینەیەوە، قەت ڕێی تێ ناچێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەستی بە ئازاری خەڵکی سوێد کردبێت، کە زۆربەیان بۆ دابینکردنی بژێوی، ڕۆژانە پێش ئەوەی دنیا ڕۆشن بووبێتەوە، دەستیان بە کار کردووە و کە بە ماندوویێتی بەرەو ماڵ گەڕاونەتەوە، دەمێکە تاریکی کردووە.

لە دەستووری سوریادا کە دراوسێی عێراقە، بە خەتی درشت نووسرابوو: سەرۆکی وڵات، نابێت، تەمەنی لە چل ساڵ کەمتر بێت. کە حافیز ئەسەد مرد، چونکە بەشاری کوڕی عومری لە چڵ ساڵ کەمتر بوو، ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو، ئەو بڕگەیەی دەستوور، لە قازانجی بەشار سەرلەنوێ دارێژرایەوە.

گرنگترین بەڵێن کە نوێنەرانی دوو زلحیزبەکە بە کوردیان داوە، ئەوەیە

فیدرالی لە دەستووری عێراقدا بچەسپێنن. دەپرسم ئایا گەرەنتی ئەوە هەیە، لە داهاتوودا، کە دەسەڵاتدارانی نوێ بازوویان ئەستوور بوو، شەقێک لەو بڕگەیەی دەستوور کە باس لە فیدرالی دەکات، هەڵنەدەن؟

لە نۆی ئەپریلەوە، وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی عێراقەوە، بوونی نەما. عێراق بووە وڵاتێکی بێ خاوەن، ئیدی وەختی ئەوە بوو، کوردستان دەستبەجێ جاڕی سەربەخۆیی بدات. کەچی نوێنەرانی کورد زۆر خەمی ئەوەیان بوو کە بۆشایی لە دەسەڵاتدا هاتووەتە ئاراوە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون چی زووترە ئەو کەلێنە پڕ بکرێتەوە، وەک ئەو هەموو کارەساتانەیان لەبیر چووبێتەوە، کە کورد لە سایەی هەبوونی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە، بەسەری هاتووە! دەسەڵات لە بەغداد، هەمیشە دوژمنی کورد بووە. یەکەمین میللەت لە دنیادا پێی ناخۆش بووبێت دوژمنە سەرسەختەکەی لەناو بچێت، کوردە! یەکەمین میللەت لە دنیادا، داوای مافی خۆی لە دەسەڵاتێکی وەهمی کردبێت، کوردە!

وەختی ئەوە هاتووە، لە کوردستاندا ڕیفراندۆمێک بکرێت، بەڵام بۆ ئەوە نا کورد، عێراقێکی فیدرالی دەوێت، یان کوردستانێکی سەربەخۆ؟ چونکە ئەو پرسە، هەڵگری وەڵامی خۆیەتی و کورد سەربەخۆیی دەوێت. ڕیفراندۆم دەبێت بۆ ئەوە بکرێت، ئایا کورد بەوە قایلە ئەو سیاسییە ئێکسپایەربووانەی چل ساڵ لەمەوبەر نوێنەری بوون، هەنووکەش هەر دەمڕاستی بن؟

***

لە زۆر شوێنی ئەورووپای بێشکەی دیموکراسیدا، ئەو پەنابەرەی فێری زمانەکەیان نەبێت، مافی هاووڵاتیبوونی پێ ڕەوا نابینن، وەلێ لە کوردستان چونکە کۆمەڵگەیەکی زیاد لە پێویست مەدەنییە، دەشێت زمانی کوردی نەزانیت و نەک هەر هاووڵاتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی فەرمانڕەواش بیت!

***



١٦ی ئاب لە هەولێر، لە ئاهەنگی یادی ٥٧ ساڵەی (پدک)دا، بارزانی دروشمی (بنیاتنانەوەی عێراق لە سەر بنەمای یەکگرتنەوەی ئارەزوومەندانە)ی بڵند کردەوە. یەکگرتنەوە کاتێک ئارەزوومەندانە دەبێت، کە پرس بە هەموو تاکێکی باشووری کوردستان بکرێت، ئایا ئارەزووی لەگەڵ عێراقدا یەکگرتنەوەی هەیە، یان نا؟ پارتی و یەکێتی بێ ئەوەی پرسیان بە گەل کردبێت، لەمێژە بڕیاری لەگەڵ عێراقدا یەکگرتنەوەیان داوە! ئەوە نییە سەرانی ئەو دوو حیزبە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکمی عێراقن! ئەوە نییە لەسەر ناوی ئەو کوردانە ڕێک کەوتوون، کە دەبنە وەزیر و سەفیری عێراق! ئەوە نییە خەریکی نووسینەوەی دەستووری عێراقن! تاڵەبانی و بارزانی هەمیشە گەلی کوردیان بە ڕەوەقەل و مێگەل زانیوە، ئەگەر نا، لە مەسەلەیەکی وەها گرنگدا، پرسە گورگانەیەکیان پێ دەکرد.

***

لە لایەکەوە هێشتا ئاڵای بە خوێنی کورد سووری بەعس، لە ئاسمانی شاری هەڵەبجە و قوربانیدا دەشەکێتەوە، لە لایەکی ترەوە ینک دووکانێکی بە ناوی (ڕیفراندۆم)ەوە، بۆ ڕۆشنبیرە گوێلەمستەکان ئاوەدان کردووەتەوە!

تەلەفیزیۆنەکەم خستە سەر کوردسات، فارسی بوو، خستمە سەر کەی تیڤی، عەرەبی بوو، زاتم نەکرد بیخەمە سەر مەدیا تیڤی، ئاخر سوور دەمزانی تورکی دەبێت.

***

لە سوێد، لە ١٤ی سێپتێمبەری ٢٠٠٣ دا، ڕاپرسی بۆ ئەوە دەکرێت، ئایا سوێد بچێتە نێو یەکێتیی دراوی ئەورووپاییەوە یان نا؟ بە دەربڕینێکی ئاسان: ئایا دراوی سوێدی لە کرۆنەوە ببێتە یۆرۆ یان نا؟ نەک تەنیا هاووڵاتیانی سوێد بەڵکوو هەموو ئەو بێگانە و پەنابەرانەشی

مۆڵەتی لە سوێددا مانەوەیان هەیە، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە، مافی دەنگدانیان هەیە.

گومان هەڵناگرێت، دیاریکردنی چارەنووسی میللەتێک، لە لایەن خودی میللەتەکەوە، زۆر لە گۆڕینی دراوی وڵاتێک گرنگترە، بۆیە ئەوە مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانی باشوورە، بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسیان، پرسیان پێ بکرێت و پەرلەمانی کوردستان هەقی ئەوەی نییە لەو بوارەدا، لە بری دانیشتووانی باشووری کوردستان بڕیار بدات.

ماوەیەکە پەرلەمانی کوردستان، بە کاوەخۆ خەریکی ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ کە هیوادارم چی زووترە، ئەنجام بدرێت. پێویستە هەڵبژاردنی داهاتوو، تەنیا بۆ ئەوە نەبێت، کە خەڵکی کوردستان نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمان هەڵبژێرن، بەڵکوو هاوزەمان بۆ ئەوەش بێت، ئایا هاووڵاتییانی باشووری کوردستان، خوازیاری عێراقێکی فیدراڵن، یان کوردستانێکی سەربەوخۆ؟

پرسکردن بە خەڵکی کوردستان، بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، مافێکی بنەڕەتی خۆیانە و هیچ لایەنێکی ناوخۆ، یان هێزێکی دەرەکی، نە بۆی هەیە، ئەو مافەیان لێ زەوت بکات، نە ئەگەر ئاسانکارییەکیشی بۆ ئەو ڕاپرسییە کرد، منەتیان بەسەردا بکات.

***

تورکیا پاشگەزە لەوەی ساڵی ١٩٧٤ پەلاماری قوبرسی دا و هەر چی دەکات، خۆی لە تەنگژەیە بۆ قوتار ناکرێت. تورکیا بۆ ئەوەی لە نێو یەکێتیی ئەورووپادا جێی خۆی بکاتەوە، بنێشتی لە بابەتی داگیرکردنی قوبرس ناجوێتەوە و لە هیچ حاڵێکدا، پەلاماری باشووری کوردستان نادات. ئێران بە تۆمەتی بەرنامە ئەتۆمییە نایاساییەکانی، لەژێر گوشارێکی زۆردایە و زەندەقی لە گورزی بەزەبری ئەمریکا چووە. بەعسی سوریا دەستی لەسەر دڵیەتی و ترسی ئەوەی هەیە، ئەمریکا بە دەردی



بەعسی عێراقی ببات. عێراقی نائومێدی و شەڕ، بە درێژایی تەمەنی هێندەی ئێستا نائارام و لاواز نەبووە.

کوردی باشوور هەرگیز وەک ئێستا بەهێز نەبووە، هەرگیز وەک ئێستا لەسەر دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی سوور نەبووە. کوردستانی باشوور هەرگیز هێندەی ئێستا جێگەی بایەخ و ڕێزی وڵاتانی دنیا نەبووە، ئەوە نییە ڕاستەخۆ، نەک لە ڕێی عێراقەوە، پێوەندیی لەگەڵ گرنگترین وڵاتانی دنیادا دەبەستێت؟ ئەوە نییە وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و بەریتانیا، ڕاستەوخۆ نەک لە ڕێی عێراقەوە، سەردانی هەڵەبجە و هەولێر دەکەن؟ جاران سەد و یەک داو کوردستانی باشووری بە عێراقەوە دەبەستەوە، ئێستا هیچ لەگەڵ عێراقدا کۆی ناکاتەوە، ئەوەتا لە سێگۆشەی سوننیدا، کوردبوون، تاوانێکی هێندە مەزنە، سزاکەی سەربڕینە. بە ڕاست بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی، قەت هەل و دەرفەتی لە ئێستا گونجاوتر و لەبارترمان بۆ دەڕەخسێت؟

جاڕدانی سەربەخۆیی، پیرۆزترین شەڕە و هەر دەبێت بیکەین، تا زووتر جاڕی ئەو شەڕە بدەین، زیانمان کەمتر دەبێت. ئەگەر نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کورد، دوای ئەو هەڵبژاردنەی کە قەرارە سێ مانگی دیکە بکرێت، جاڕی کوردستانێکی سەربەخۆ نەدەن، متمانەی گەلی کورد لە دەست دەدەن.

***

لەم ڕۆژانەدا لە ڕێی (کوردسات)ەوە، دیمانەیەکم بینی، تێیدا بەختیار عەلی، دەیگوت: جیاوازیی سەرەکیی نێوان من و فارووق ڕەفیق، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو کابرایەکە وەک فیکر فاشی و منیش پیاوێکی لیبراڵم. بەختیار و فارووق ساڵانێک پێکەوە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕەهەند) بوون، ساڵانێک هێندە لە یەکدییەوە نزیک بوون، (ئەگەر شمشێرێک بە نێوانیاندا چووبایە، نەماندەزانی ئەو خوێنەی دەڕژێت،

لەبەر کامیان دەڕوات،) ئەدی ئەوە چییە وای کردووە هەنووکە شیر و تیر لە یەکدی بسوون؟

تا ئەو وەختەی فاڕووق ڕەفیق قایل بوو بەوەی بەختیار عەلی سەرۆکی خێڵی ڕەهەند بێت، بەختیار هیچ گلەییەکی لە فاڕووق نەبوو. هەر کە فاڕووق بە بەختیاری گوت: من دەروێشی تۆ نیم، منیش خۆم شێخم، ئیدی بەختیار غەزەبی لێ گرت. بەختیار عەلی تەنیا لەگەڵ ئەوانەدا هەڵدەکات، کە قسەکانی بە پیرۆز و خۆی بە فریادڕەس بزانن، ئەوانەی بە دڵ نییە، کە خۆیان بە هاوشانی بزانن.

ئەوەی کە فاڕووق ڕەفیق فاشییە، ئەم چیرۆکەی وەبیر هێنامەوە. محەمەد موکری، سەعدوڵڵا پەرۆش، خەلیل دهۆکی، سامی شۆڕش، جەوهەر کرمانج و بنووسی ئەم دێڕانە، هاوینی ١٩٨٣ کە لە بالیسان بووین، بیستمان حاکم قاسم، کە یەکێک بوو لە دادوەرەکانی شۆڕش، دەستی بەسەر شووشەعارەقێکدا گرتووە و نەک هەر عارەقەکەی ڕژاندووە، بەڵکوو شووشەکەشی شکاندووە، ئیدی لەو ڕۆژەوە حاکم قاسممان ناو نا: حاکم قاشی، واتا قاسمی فاشی! پێم وایە ئەو حاکم قاسمە، یادی بە خێر، چەند فاشی بوو، فاڕووق ڕەفیقیش هەر هێندە فاشییە!

2004. 10.09



# سأشرب حتى أخر قطرة من بطلي

ئەوە بۆچی خوا گوتەنی: ڕووی خۆت گرژ کردووە و قوشقی بوویت؟* دەزانیت ڕووخساری باوکت، (نوور)ی لێ دەباری و ڕووی تۆ (زەلام.) هەرگیز ئەو قسەیەم بە نەستەق نەزانیوە کە دەڵێت: (گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.) دەزانیت تۆ ڕۆژانە بە گوتار و ڕەوتار، چەوتبوونی ئەو گوتەیە دەسەلمێنێت.

ئەگەر دەسەڵاتت هەبێت، ئومێدی ئەوەت لێ دەکەم، بوار نەدەی جێگەی عودەی خاڵی بێت. تاوانەکانی عودەی هێندە زۆرن، ژماردنیان کارێکی ئەستەمە، هەڵەکانیشی هەروەها. تاقە هەڵەیەک کە عودەی نە کردی و نە لە توانایدا هەبوو، بیکات، سووککردنی باوکی بوو، ئاخر بابی تاوانبارێکی هێندە مەزن بوو، تاوان و هەڵەکانی عودەی لە چاو ئەوانی بابیدا، هیچی وا نەبوون. عودەی ئەگەر کوڕی سەددام نەبووایە، نەیدەتوانی ئەو هەموو زوڵمە لە خەڵکی عێراق بکات، قەڵغانی تۆش ئەوەیە، کوڕی محەمەد سادق ئەلسەدریت. تۆ کۆسەیت، ئەوی پێوەی دەنازیت، ڕیشی بابتە. سەددام زۆر لەوە سووکتر بوو کە بە عودەی سووک بکرێت، لێ باوکی تۆ پیاوێکی سەنگین بوو، تۆ بەوپەڕی لێهاتوویەوە، خەریکی سووکی دەکەیت.

عودەی حەزی لە کەویکردنی گیانلەبەری کێوی بوو، دەزانی کە سەر و سیمات دەبینم، کە لە کردارت ڕادەمێنم و گوێ لە گوتارت دەگرم، دڕندەی جەنگەڵ و یاسای دارستانم بیر دێنەوە. ئەگەر گیا لەسەر بنجی خۆی ڕوا باوە، لەسەر زەمینەی هەموو ئەو شارستانییە مەزنانەی، مێزۆپۆتامیا بە خۆیەوە بینیون، هەرگیز تۆ سەوز نەدەبوویت.

کە باس لە پێوەندیی نێوان حەوزە و عیلم دەکەیت، کە خۆت بە سێبەری

خودا و مەرجەعی باڵا دەناسێنیت، کە گۆرانی بۆ کەلاوە دەچڕیت، کە ناوی سوپای مەهدی دەبەیت، لێت ناگرم و قسەکانت بە نرخی وڕێنەی سەروەختی گیانەڵڵا لێ دەکرم. کاریزما، کەسێکە پێش سەردەمی خۆی دەکەوێت، دەزانی تۆ هێندە لە دوای سەردەمی خۆتەوەیت، پێ دەچێت تازەکی لە خەوێکی قوڵی چەند سەد ساڵەی نێو ئەشکەوت، بێدار بوویبێتەوە.

تاقە شتێک لە تۆدا پێی سەرسام بم، توند و مەحکەم بەستنی عەمامەکەتە. دەزانیت، دروست بۆ ئەوە دەشێیت، شێوازی بەستنی عەمامە، پیشانی میوانانی مۆزەخانەی فۆلکلۆری بدەیت؟ ئەگەر لە عێراقی داهاتوودا، کەسی گونجاو، شوێنی گونجاو، ڕۆشن و ئاوەدان بکاتەوە، کەس هێندەی تۆ، شیاوی ئەو پۆستە نییە. ماڵی ئەو کوردانەشم کاول کرد، کە چارەنووسی کوردستان بە عێراقێکەوە دەبەستنەوە، خاکەکەی بۆ شینبوونی گیاکەڵەی لە بابەتی تۆ، لەبارە.

***

ڕۆژی نۆی ئەم ئابە، موقتەدای سەدر، کە وابەستەی قانوونی غابە،(١) گوتی: (سأحارب حتی أخر قطره من دمی،) وەلێ بە پێی زانیارییەکانی من، کەس ناتوانێت تا ‹دوا دڵۆپەی خوێنی شەڕ بکات،› ئاخر ئینسان کە هەر شەش حەوت لیترێک خوێنی تێدایە، هەر کە دوو سێ لیتر خوێنی لەبەر ڕۆییشت، لە هۆش خۆی دەچێت و ئیدی شەڕی پێ ناکرێت. باشتر وایە جارێکی دیکە ئەگەر حەزی لە زێدەڕۆییکردن بوو، تا دوا فیشەک شەڕ بکات، (سأحارب حتی اخر طلقه من عتادی.) ئەگەر مۆڵەتم بدات، منیش لەژێر کاریگەرێتیی ئەو فەرموودەیەی ئەودا دەڵێم: (سأشرب حتی أخر قطره من بطلی.)(٢) فشەچی لە هەولێر بە مانای قۆشمەچی دێت، هەموو فشەچییەک ترسنۆک نییە، وەلێ هەموو ترسنۆکێک، فشەکەرە، سەددامیش کە ‹قدوە›ی(٣) موقتەدایە، پێش نۆی ئەپریلی ٢٠٠٣ دەیگوت، کوڵان بە کوڵان و ماڵ بە ماڵ داکۆکی لە پایتەخت دەکەین،



کەچی پێش ئەوەی مارینز بگاتە باغی داد، لەشکری ئەنفال هەڵوەشایەوە و سەرۆکی نەتەوەییش لە قووڵترین (سەنگەر)دا خۆی حەشار دا!

***

وەک چۆن ئەدەبی ناماقووڵ، هەرزەگۆیی و ناماقووڵیکردن نییە، ئەدەبی گاڵتەجاڕیش، شۆخیکردن نییە و باڵای کۆمیدیا لە بەژنی تراجیدیا نزمتر نییە، ئەوە نەبوو، ‹داریۆ فۆ› لەبەر نووسینی ئەدەبی گاڵتەجاڕی، نۆبێڵی پێ بەخشرا؟ بریا قۆشمەچییە خوێنتاڵەکان، بەم ‹ئەلف›ە لە مەبەستم حاڵی دەبوون، ئاخر هەرچی بکەن، ناتوانن، ناچاری گوتنی ‹بێ›م بکەن، چونکە من لە ناچارییەوە شت ناڵێم. خوێنەرانم، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی یەکێک لەو قۆشمەچییە خوێنتاڵانەیان لە ڕستەیەکی مندا بینییەوە، مافی ڕەوای خۆیانە، هەر دە پەنجەم ببڕنەوە.

تۆ کە دەنووسیت، پێویستە هیچ نەبێت:

* شارەزای ئەو زمانە بیت کە پێی دەنووسیت.
* نووسینەکەت پەیامێکی پێ بێت.
* خوێنەر چێژ لە نووسینەکەت ببینێت.

ئەگەر نا تۆ نووسەر نیت، لە باشترین حاڵەتدا، قۆشمەچییەکی خوێنتاڵیت.

***

کە گومناوێک بە نامەیەکی کراوە ئامۆژگاریی سەرانی پارتییە کوردییەکان دەکات، کە قۆشمەچییەکی خوێنتاڵ ڕێگەی خەبات نیشانی گەلەکەم دەدات، کە کۆنەبەعسییەک لافی دڵسۆزیی بۆ خاکی کوردستان لێ دەدات، نازانم پێ بکەنم یان بگریم!

***

لەو ئەزموونە هەمیشە ساوایەی ئێمەوە، سوێدییەکان زۆر دەرسیان

وەرگرتووە، یەکێکیان ئەوەیە، پیرەپیاوەکانیان، فێری هێنانی جوانەژن بوون و ئەوە ماوەیەکە هاورێ هەرە نزیکەکانی پاشای سوێدیش، کە سەری تەمەنیان خۆی لە هەوری شەست دەسوێت، خەریکی هێنانی ژنی جحێڵن. ئەم دیاردەیە شاژنی سوێدی تەواو نیگەران کردووە، ئاخر مێردە کەمئاوەزەکەی ئەویش، حەزی لە ژنی کەمتەمەنە و زوو زووش دەڵێت: ژنی گەنج شەماڵێکە، ژیلەمۆی خۆشەویستی دەگەشێنێتەوە.

***

لە عێراق ئەو کارمەندەی 25 ساڵ خزمەتی هەبێت، دەتوانێت خۆی خانەنشین بکات و هیچ مافێکیشی لە کیس نەچێت. لە ٢٠٠٤/٧/٢٤دا پەرلەمانی کوردستان، یاسای خانەنشینکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی هەموار کرد. پەرلەمان چ گۆڕانکارییەکی لە یاسا کۆنەکەدا کردووە، ئەوە ئیشی من نییە و خۆی چونکە (دەسەڵاتدار)ترین دەزگای کوردستانە، سەرپشکە، وەلێ من پێشنیارێکم هەیە، دەڵێم، ئەندامانی پەرلەمان ئەوە دوازدە ساڵ زێترە، ئەندامی پەرلەمانن، توو خوا با یەکجاری ئەوەندەی تریش هەر پەرلەمانتار بن، بۆ ئەوەی بیست و پێنج ساڵەکە قەپات بکەن و هیچ مافێکیان نەفەوتێت، چونکە ئەوانیش گوناحن. بیست و پێنج ساڵ پێچی مێزەرێکە، تکایە با کەس نەڵێت، چارەکە سەدەیەکە.

2004. 08. 14

(١) یاسای جەنگەڵ.

(٢) تا دوا دڵۆپی شووشەکەم دەخۆمەوە.

(٣) نموونەی باڵا.

* عبس و تولی.



## شاعیر و ئاسایش

ئاسایش داکۆکی لە بەرژەوەندی بەرزی نیشتمان دەکات.

شاعیر داکۆکی لە ئەزی باڵای ئینسان دەکات.

شاعیر بیر لەو شتە جوانانە دەکاتەوە کە دەشێت لە داهاتوودا ڕوو بدەن.

ئاسایش ئەو هاووڵاتییانە زیندانی دەکات کە بیر لە داهاتوویەکی جوان دەکەنەوە.

ئاسایش و شاعیر هیچیان بێ نووسین ناژین.

ئاسایش، ڕاپۆرت دەنووسێت.

شاعیر، شیعر.

شیعر ڕاپۆرتێکە، شاعیر سەبارەت بە خەو و خولیاکانی دەیهۆنێتەوە.

ڕاپۆرت چیرۆکێکە، ئاسایش بۆ هاووڵاتیی هەڵدەبەستێت.

شاعیر خۆویستانە بە شیعرەکانی، دان بەو هەڵە و تاوانانەدا دەنێت کە کردوونی.

ئاسایش بە زەبری شەق هاووڵاتی ناچار دەکات، دان بەو هەڵە و تاوانانەدا بنێت، کە نەیکردوون.

شاعیر دەست دەکاتە ملی ئاسایش، بەڵام تەنیا ئەو ساتەوەختانەی کە ئاسایش، شاعیر لە ژووری ئەشکەنجەدانەوە، بۆ ژووری تاکەکەسی دەباتەوە.

شاعیر و ئاسایش هەردووکیان جریوەی ئەستێرەیان خۆش دەوێت.

شاعیر، جریوەی ئەستێرەی ئاسمانی نیشتمانی.

ئاسایش، جریوەی ئەستێرەی سەر شانی.

شاعیر و ئاسایش هەردووکیان گوێ دەگرن.

شاعیر، لە دەنگی مەل.

ئاسایش، لە هەناسە و چرپەی گەل.

شاعیر تا پێشتر بکەوێت، ناودارتر دەبێت.

ئاسایش تا پێشتر بکەوێت، بەدناوتر دەبێت.

شاعیر و ئاسایش هەردووکیان خەریکی ڕەشکردنەوەن.

شاعیر، لاپەڕە ڕەش دەکاتەوە.

ئاسایش، سەر و سمێڵی.

شاعیر چاو دەبڕێتە ئاسۆیەکی گەش.

ئاسایش بوتڵ دەبڕێتە گیراوی چارەڕەش!

***

پێنج ساڵ بەسەر مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی واشینگتۆندا تێپەڕی کردووە، پێنج ساڵە پدک و ینک میلی تفەنگیان لە یەکدی ڕانەکێشاوە، کەچی تورکیا کە وەک (ناوبژیوان) تەشریفی هێنا بوو، هێشتا ئۆغری نەکردووە! ئاخۆ ئەگەر وەک (داگیرکەر،) ئاخر هێزی هاوپەیمانان بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش، هێزێکی داگیرکەرە، لە فەلووجە و ڕومادی و حەدیسە، بنە بخات، چارەکە سەدەیەکی دیکەش بیر لە کشانەوە دەکاتەوە؟ تورکیایەک وەک ناوبژیوان هاتیبێت و دەست لە یەخەمان بەر نەدات، ئاخۆ ئەگەر وەک داگیرکەر بێت، دەست لە بەربینمان بەر دەدات! لەشکری تورک لە شامەوە بەرەو ناوەڕاستی عێراق بە ڕێ ناکەوێت، بە زێدی ئێمەدا تێدەپەڕێت و هیچ دوور نییە بە بیانووی پاراستنی تورکمانەوە، لە کەرکووکیش لا بدات، بۆیە با بە هەر نرخێک بووە، ڕێ نەدەین، خاکی پاکژ و پیرۆزی باشووری کوردستان، جارێکی دیش بکەوێتەوە ژێر چەکمەی جەندرمەی تورکەوە.



تورکیا دەخوازێت بێتە نێو عێراقەوە و

ئەنجوومەنی حوکم، (کاتی) دەست ناکەوێت بۆ ئاخاوتن،

ئەنجوومەنی وەزیرانیش کپە و بێدەنگ،

تۆنی نەغمەی ناڕەزایی دەربڕینی پارتی و یەکێتیش زۆر نزمە.

ئەگەر تورکیا لەبەر پاراستنی ئەمنی،

خەڵکی عێراق بەڕێوەیە،

ئەوا ئاژاوە باشترە

لەو ئاسایشەی گورگەبۆر

قەرارە دابینی بکا.

تورکیا لە دژی کادەکی پڵنگە لەش بەبارەکەی نێو بەندیخانەی ئیمرالی بەڕێوەیە،

تورکیا لە دژی عێراقێکی فیدرالی بەڕێوەیە،

تورکیا لەبەر چنگێک دۆلاری خوێناوی بەڕێوەیە،

تورکیا لەبەر پلووسکی نەوت بەڕێوەیە،

تورکیا لەبەر چاوی شینی سەنعان ئاغا بەڕێوەیە.

لە بێدەنگی جووت ئەنجوومەن حاڵی دەبم،

لە کزدەنگی پارتی و یەکێتی تێدەگەم،

ئەوی سەری لێ دەر ناکەم،

خەمساردیی فەرهاد پیربالە!

ئاخر دەبوو ئەو ئێستاکە،

تاکوو ساردی نەکردووە، بە شۆڕتەوە،

پێشی لە زرێپۆشانی گەلەگورگی بۆر گرتبا،

پێش لە کەڵبەی تورک گرتن،
ئیشی ئەوە و من بە ناهەق
یەخەی حیزبە کوردییەکان و
ئەنجوومەنە عێراقییەکانم گرتووە!

***

یەکیەتیی بوون کە کرۆکی فەلسەفەی ئیبن عەرەبییە، جیهان بە هەموو ڕووکارەکانییەوە لە خودادا خەست دەکاتەوە. بوون، بێجگە لە خودی خودا، هیچی دیکەی تێدا نییە. یەک حەقیقەت هەیە، ڕووکارەکانی جیهانە، کرۆکی خودایە. خودا خۆی سەرەتای هەموو شتێکە و هەر چی هەیە لە کانیاوی خۆیەوە هەڵقوڵاوە. بێجگە لە خودا، هەموو شتێک تارماییە و ڕوو لە بزربوون و نەمانە.

لای ئیبن عەرەبی، مەعریفە ڕووناکییەکە خودا دەیخاتە دڵی ئینسانەوە، ئاخر مەعریفە لە ڕێی دڵەوە، نەک عەقڵەوە، دەگاتە ئینسان. هەر بۆیە تەنیا نێردراوانی خودا و سۆفییە مەزنەکان، ئەوانەی خودا دڵی ڕۆشن کردوونەوە، لە نهێنی دڵی ئینسان تێدەگەن. ئیبن عەرەبی پێی وایە، جیهان ئاوێنەیەکی ڕوونە، خودای مەزن بۆیە خوڵقاندوویەتی، تا جوانیی خۆی تێدا بنوێنێت، ئینسانیشی بۆیە خوڵقاندووە، تا ئەو جوانییە ببینێت.

***

کەسێک سۆفی بێت، دژی دەسەڵات دەبێت و بە گژیدا دەچێتەوە، کۆیلەی خودا دەبێت، نەک کۆیلەی کەسێکی دەسەڵاتدار. سۆفی چەند خودای خۆش دەوێت، هێندەش بە تەنگ پاراستنی کەسایەتیی خۆیەوەیە. سۆفی نە سووک سەرنجی کۆششی کەسانی دیکە دەدات و نە شانازی بە خۆیەوە و نە منەتیش بەسەر کەسدا دەکات. سۆفی نە داکۆکی لە شتی



ناڕەوا دەکات و نە زمانیش لە کەسەوە دەدات. سۆفی لە ئاوێنەی جوانیی ژندا، تیشکی خودایی دەبینێت.

سۆفی لەبەر ڕۆشنایی چرای بەرژەوەندی و پێویستییە هەنووکەییەکانیدا دۆست هەڵنابژێرێت، هاوڕێکانی هەموو ئەوانەن، کە لە ڕێی جیا جیاوە، بەرەو لە ڕووناکیدا توانەوە، بەڕێوەن. سۆفی پێویستی بە کەس نییە، بەڵام هەر کە پێویستیان پێی ببێت، بۆ یارمەتیدان لە سەر پێیە. سۆفی نە ماستاو بۆ دەسەڵاتداران سارد دەکاتەوە، نە خۆی بە سەر بێدەسەڵاتاندا با دەدات. سۆفی لە بەردەم دەسەڵاتداران و دەوڵەمەنداندا لووتی بڵندە، وەلێ خۆی بە بچووکی بێدەسەڵاتان و هەژاران دەزانێت.

2003. 09. 08

‹١› هادي العلوي، التصوف و الاخلاق، النهج ص٣٤ عدد ٤٦ دمشق ١٩٩٧
‹٢› د.عبدالرحمن دركزلي، ابن عربي ومنهجه الفلسفي، القدس العربي29 .11 .99 لندن.

# پیرەمێرد و پرۆلیتاریا

هاورێ کەریم ئەحمەد ببوورە، دەبوو زووتر بەسەرت بکەمەوە، لێ لەبەر هەڤاڵ مام جەلالی قوتابیت، نەمدەپەرژایە سەر خۆت. دەڵێیت: (ڕەنگە ئابووری ئەورووپا لە هی ئەمریکاش بەهێزتر بێت.)(١) تۆ کە سکرتێری حیزبێکی شیوعیت، دەبوو پشت بە ئاماری باوەڕپێکراو ببەستیت، نەک بە ڕەنگە. ئاخر ئەمریکا ئەگەرچی لە 3,6%ی دانیشتووانی دنیا پێک دەهێنێت، لێ خاوەنی لە 50%ی سامانی جیهانە.(٢) بە داخەوە ئابووریی ئەو تاقە وڵاتە هێندە لە هی هەموو وڵاتانی ئەورووپا بەهێزترە، تا ئەو ئاستەی دەتوانین ئەم سەردەمە، بە سەردەمی ئەمریکاییبوون، یان دۆلارگیری نێوزەد بکەین.

دەڵێیت: (هێشتا پرۆلیتاریای کوردستان نەخوڵقاوە. سەرمایەداریتی کوردی هیچی نییە، لەبەر ئەوە کرێکاریش نییە. چۆن دەتوانین دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنین، کە هێشتا پرۆلیتاریا پەیدا نەبووە؟)(٣)

بە پێی تێگەییشتنی من لە مارکسیزم، حیزبێکی کۆمۆنیست، دەبێت نوێنەری چینی پرۆلیتاریا و هەڵگری ئایدۆلۆژیای پرۆلیتاریا بێت. پێویستە بڕوای بە شۆڕشی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا هەبێت. جا کە کوردستان کرێکاری لێ نییە، جا کە هێشتا پرۆلیتاریا لە دایک نەبووە، پێم ناڵێیت ئێوە بە چییەوە خەریکن؟ نوێنەری کام چینن؟ ئەدی بۆچی ناوی شیوعیتان دوای خۆتان خستووە؟ ئەدی بۆچی چەکوش و داستان بڵند کردووەتەوە؟ دەزانیت بەم قسەیەت، سووکایەتیت بە خەباتی هەموو کۆمۆنیستەکانی کوردستان کردووە و دزێوترین جنێوت بە ڕووباری خوێنی هەموو خۆبەختکردووانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای کوردستان



داوە؟دەزانم ئینسان کە بە قووڵاییساڵاندا ڕۆ چوو، تەنیا هەر لەشی نا، ئاوەزیشی دەشێوێت، ئەگەرنا کورتەمێژوویەکی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای کوردستانم، هەر لە مانگرتنەکەی ١٩٤٦ی گاورباغییەوە، تا شووراکانی سەروەختی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ بۆ دەگێڕایتەوە و ناوی کارگەکانی کوردستانیشم وەبیر دەهێنایتەوە. دڵنیام باڵەکانی نێو حشک، لەمێژە ئومێدیان پێت نەماوە و لە بێ ئەسپییە زینیان کردووی. کە ئەوان لەسەر دەستنیشانکردنی هاوڕێیەک لە جێی تۆی دابنێن، ڕێک ناکەون، دەم خۆش کە زوو زوو دەردیان دەدەیتێ.

***

پازدە بیست ساڵێک بەر لە ئێستا، لەسەر ئەوەی ئایا نازم حیکمەت لایەنی خەباتی ڕەوای کوردی گرتووە یان نا، شەڕێکی ئەدەبی لە نێوان هێژایان کاکە حەمەی مەلا کەریم و د. کەمال مەزهەردا ڕووی دا. لەو شەڕە خاوێنەدا کاکە حەمە وەک لێی چاوەڕێ دەکرا سەنگەری نازم حیکمەتی هەڵبژارد و د. کەمالیش بە توندی ڕەخنەی لەو شاعیرە مەزنە گرت.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ لە شام ڕۆمانێکی تازە بە عەرەبی چاپکراوی نازم حیکمەتم کە ناوی (ژیان خۆشە، هاوڕێم) بوو، کڕی. کە هاتمە سوێد و خوێندمەوە، بینیم نازم حیکمەت لەو ڕۆمانەیدا بە ئاشکرا لایەنی خەباتی ڕەوای گەلی کوردی گرتووە و وای بۆ چووە، کورد بۆ گەییشتن بە مافی ڕەوای خۆی نابێت، پشت بە ئاغا و دەرەبەگ ببەستێت. چونکە نازم حیکمەتم خۆش دەویست و پێشم خۆش بوو لەو شەڕە جوانەی نێوان محەمەدی مەلا کەریم و د. کەمال مەزهەردا، یەکەمیان بیباتەوە، ڕۆمانەکەم بەو ئومێدەی ببێتە چەکێکی دیکە بە دەستییەوە، بۆ کاکە حەمە ڕەوانە کرد، ئاخر د. کەمال بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە نازم حیکمەت هەرگیز باسی کوردی نەکردووە.

من محەمەد ماغووتیشم خۆش دەوێت و زۆر بە شێوازی نووسینی، بە

تایبەتی کە گەمە بە وشە دەکات، سەرسامم، لێ جێی داخە لەم دواییەدا کە دوا کتێبیم: (ناپاکی لە نیشتمانەکەم دەکەم،) دەخوێندەوە، نائومێدی کردم. محەمەد ماغووت دەنووسێت: ( شۆڕشی ئێران پێش ئەوەی ئارامی بۆ ئێران دابین بکات، دەیەوێت بۆ باشووری لوبنانی دابین بکات، پێش ئەوەی دەستی بە سەر کوردستاندا گرتبێت، دەیەوێت قودس ئازاد بکات.)(٤)

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دەست کوردەوە دەبێت، ئەوە ماغووت زۆر سەغڵەت دەکات و بە ئەرکی سەرەکی ئێرانی دەزانێت، چی زووە دەستی بە سەردا بگرێتەوە. ماغووت زۆر نیگەران دەبێت بەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان چەند مانگێک لە ئێران یاخی دەبێت، بە مەرجێک ئێران یەکێک نییە لە ولاتە عەرەبییەکان. پێ دەچێت ئەگەر کوردی باشووری بچووک لە بەعسی سوریا یاخی بن، ماغووت ناپاکی لە نیشتمانەکەی نەکات، قەڵەم دابنێت و لە دژی کورد دەست بداتە چەکی شەڕەف.

***

مامۆستا **محەمەدی مەلا کەریم**، تۆ نیگەرانی ئەوەیت، هیچ کام لە گەورەپیاوانی دوو حیزبە گەورەکەی باشووری کوردستان، ئامادەی کۆڕە شیعرییەکەی شێرکۆ بێکەس کە دوای هەشت ساڵ دابڕان، لە هەولێر گرتوویەتی، نەبوون،(*) دەزانیت ئەو نیگەرانییە، پێش ئەوەی نیگەرانیی تۆ بێت، هی خودی شاعیری کۆڕگێڕە.

مامۆستا گیان مێژووت شایەتە لە کن تۆ شاعیر کەسێکە، شیعر بۆ خەڵکانی چەوساوە بڵێت، نەک بۆ گەورەپیاوان. تۆ کە دڵنیام شاعیر بە کەسێک دەزانیت، قسەی ناخی گەل بکات، دەبوو ئەو کاتە نیگەرانیت نیشان دابا، کە دیتبات گەل نەک گەورەپیاو، پشتی کردووەتە شاعیرێک کە شاعیری خۆیەتی.



مامۆستا گیان، من لە تۆوە فێر بووم کە گەل دوو جۆرە، چەوساوەکان و گەورەپیاوان، کەچی جێی داخە، وا پێ دەچێت، هەنووکە خۆت ئەو دەرسەت لە بیر چووبێتەوە! من چاوەڕێی ئەوەم لە تۆ دەکرد، بفەرموویت: شاعیر کەسێکە، شیعری خەو لە چاوی گەورەپیاوان بزڕێنێت، نەک ئەوەی گەورەپیاوان بە شیعری سەرسام دەبن، چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و شاباشی دەکەن.

مامۆستا گیان، ئەو کۆڕەی شێرکۆ بێکەس ئەم هاوینە لە هەولێر گێڕای، نە هەڵوێستێکی شاعیرانە بوو، نە ڕچەشکاندن. شاعیری ڕچەشکێن، دەستپێشخەری دەکات، شوێنپێی ئەم گەورەپیاو، یان ئەو حیزب هەڵناگرێت. بارزانی و تالەبانی لە واشینگتۆن، لە پاییزی ١٩٩٨دا، لەبەردەم مادەلین ئۆڵبرایتدا دەستیان نایە نێو دەستی یەکدی، شەش ساڵ دوای ئەو ئاشتینامەیە، شێرکۆ بێکەس سەر لە پیرمام دەدات و کۆڕ لە هەولێر دەگێڕێت! حەیف و مخابن، ئەو هەڵوێستە کە زادەی گەڕانە لە دووی بەرژەوەندی و ڕووناکی، بە ڕچەشکاندنی شاعیرانە نێوزەد دەکەیت. مامۆستا گیان، ئاخۆ نازانیت، سالانی شەڕی نێوخۆ، ئاگری شەڕ لە کوێ بووایە، بەنزینی شیعری شێرکۆ بێکەسیش لەوێ دەبوو؟ ئاخۆ نازانیت ئەو هێندەی پێی دەکرا، ئاگری شەڕی براکانی گەرمتر و خۆشتر دەکرد؟ ئاخۆ نەتژنەوتووە، ئەو لە نێو گەلدا، بە شاعیری دەرباری تالەبانی ناسراوە؟ ئایا نازانیت، لە سۆنگەی چییەوەیە، کۆڕی شیعری عەبدوڵلا پەشێو جمەی دێت لە شیعردۆست و ژمارەی ئامادەبووانی کۆڕی شیعری شێرکۆ بێکەسیش، نوێژی هەینیی پێ مەیسەر نابێت؟

مامۆستا گیان، گلەییەکی دیکەشم لێت هەیە، تۆ ئەدیبێکی گەورەیت، گەلی کورد بە دەگمەن ئەدیبی وەک تۆ مەزنی تێدا هەڵکەوتووە، بەوە بچووک بوویتەوە کە خەلاتی ئەندازیاری شەڕی براکوژیت وەرگرت.(٥)

***

چش با بە نەژادپەرست نیـــوزەد بکریم، بێ دوودڵی دەڵێم، کــورد لە میللەتانی دیکە قوربانیدەرتر و خۆبەختکەرترە. دیارە من لەوانە نیم، بێ بەڵگە قسە فڕێ دەدەن. فەرید ئەترەش دەڵێت:

یا ریت کل الدنیا ملکی

أنا و حبیبی بالشرکی. کە دەبێتە:

خۆزگە هەر هەمووو دنیام هەبووایە

نیوەیم پێشکەش یارم کردایە.

بەڵام شەماڵ سائیب دەبێژێت:

خۆزگە دنیام هەبووایە

پێشکەش یارم کردایە.

یەعقووب مەلیکی وتووێژێکی لەگەڵ بەهمەن قوبادیدا ساز کردووە، بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێت:

(یەعقووب: ئەگەر شتێک بۆ گوتن ماوە، تکایە بیفەرموو.

بەهمەن: ئێمە لە دەرەجەی ئەوەڵدا ئێرانین و دوای ئەو کوردی ئێرانی.)(٦)

سینەمای ئێرانی زۆر لەوە دەوڵەمەندترە پێویستی بە خۆماندووکردن و قوربانیدانی قوبادی هەبێت. من یەکێک لە ئەسپە مەستەکان بوومایە، بەم فەرموودەیە دەهاتمەوە سەر سفر. لە (زەمانێک بۆ مەستی ئەسپان)دا هەموو شتێک کوردستانییە، کەچی ئەو فیلمسازە کوردە لە کەلی ئێران نایەتە خوارەوە!

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، نە عەرەبێکی تێدایە، نە عەرەبیزانێک، کەچی هێندە خۆبەختکەرە، شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکە سەختانەی دەبوو پرۆلیتاریای عەرەبی عێراق سووکە بەشدارییەک لە



جێبەجێکردنیاندا بکەن. حککع (پەرداخێ ئاو بخۆنەوە، چونکە دڵنیام، کورتکراوەی ناوی حیزب، بە ئاسانی بە گەرووی کەسدا تێناپەڕێت.) کە شانازیی بە عێراقیبوونی خۆیەوە دەکات، وەک پێکهاتەی نەتەوەیی کوردە و وەک کولتوور فارس!

جەلال تاڵەبانی دەڵێت: (ئێمە بۆیە ١٩٧٦ شۆڕشمان هەڵگیرساندەوە، تا ڕژێمی عێراق، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، دەرەتانی نەبێت بە گژ سوورپای خۆڕاگردا بچێتەوە.)(٧) ئایا ئەمە لوتکەی قوربانیدان نییە؟ سەرنجی دیرۆکی هەموو گەلانی دنیا بدەن، قەت بووە ڕێبەرێک لە پێناوی قازانجی وڵاتێکی دیکەدا، ئاگری لە زێدی خۆی بەردابێت و شانازیشی پێوە کردبێت؟ تۆ بڵێیت لە بیری چووبێت، سووریا داگیرکەری باشووری گچکەیە و سالانی شەست بەشداری لە کاولکردنی باشووری گەورەشدا کردووە؟

***

خالید قشتینی ئەمڕۆش (23.10.2004) هەر لە (ئەششەرقل ئەوسەت)دا پەلاماری کوردی داوەتەوە!(٨) کارەسات ئەوەیە ئەو عەرەبە شۆڤێنیستە، کە بە ڕاشکاوی دوژمنایەتیی کورد و کوردستان دەکات، گەرەکییە ئێمە حسابی دۆستی بۆ بکەین! خالید هێندە لەسەر دژایەتیکردنی خواستی ڕەوای کورد مکوڕە، لە کن وی میللەتی کوردی چل میلیۆنی کەمایەتییە و باشووری وڵاتی بەرینی کوردستانیش، باکووری عێراقە!

خالید! کورد دۆست و دوژمنی خۆی دەناسێت. هادی عەلەوی دۆستی کورد بوو، کە دوای ژاربارانی هەڵەبجە، حاشای لە عەرەببوونی خۆی کرد. وەک چۆن کازم حەبیب و مونزیر ئەلفەزڵ دۆستی کوردن، تۆ و <سمیر عطاالله>ش دوژمنی سەرسەختی کوردن، ئیدی پێویست بە ڕاوەڕێوی ناکات، قسەی خۆت بە خەسار مەدە، هەرگیز کوردێک نابینیتەوە، گوێت

بۆ ڕادێرێت، قەت کوردێکت دەست ناکەوێت، ئافەرینت بکات، کورد بۆ تۆ و هاوبیرانت هەر نەفرەتی پێیە و هیچی تر.

سەماحەتی سەمیح ئەلقاسمی شاعیری ناوداری بەرەنگاربوونەوەی فەلەستینییەکانیش، خالید ئاسا، یەخەی کوردی گرتووە و شتێکی وا دەڵێت: (ئێمەی عەرەبی موسڵمان، ڕەگەزپەرست نین، شارستانیی ئێمە نازیسم، فاشیزم، دیکتاتۆریا و عەسکەرتاریای بەرهەم نەهێناوە، نە لە تەنووردا کەسمان سووتاندووە و نە بە گاز کەسمان خنکاندووە. ئێمە باوەشی ‹پڕ سۆزمان› بۆ جوولەکە، ئەرمەن، کورد و بەربەر کردووەتەوە.)(٩)

شاعیر پێش هەموو شتێک پێویستە ڕاستگۆ بێت، کەچی درۆکانی سەمیح هێندە زەقن، شاخیان لێ ڕوواوە. جوولەکە، ئەرمەن، بەربەر و کورد، میوانی دەرنگوەختی وڵاتانی عەرەب نین، هەزاران ساڵ پێش ئەوەی عەرەب پێ بنێتە خۆرهەڵاتی فورات، لە نێوان دوو زێییەکەدا(١٠) کورد، ئەرمەن، ئاشووری و کلدانی ژیاون. باکووری ئەفریکاش، پێش ئەوەی زێدی عەرەب و موسڵمان بووبێت، زێدی قیبتی و بەربەر بووە، هەی شاعیری درۆزل.

من مێژوو شک نابەم، لە مێژووی ئیسلام خوێناویتر، من شارستانی شک نابەم لە هی عەرەب، نازیستتر و فاشیستتر. هیتلەر تەنووری تەنیا بۆ جوولەکە جۆش دابوو، سەددام، هەر بە سووتاندنی کورد، دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، کوردستانیشی دەسووتاند. هیتلەر کۆمەڵێک جوولەکەی کۆ دەکردەوە و گازی بەسەردا دەکردن، سەددام گازی بەسەر شار و گوندی کوردستاندا دەکرد! تۆی عەرەبی فەلەستینی، داوای سەربەخۆیی بۆ فەلەستینی بندەستی جوولەکە دەکەیت و سەربەخۆیی بە کوردستانی بندەستی عەرەب ڕەوا نابینیت! ئەگەر ‹فەلەستین›یش بە ئازادی شاد



ببێت، تۆ هەر ئازاد نابیت، ئەی سەمیح، ئەوە نییە مارکس دەبێژێت: (ئەو گەلەی گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە، ئازاد نییە.)

2004. 10. 23

---

(١) و (٣) هەڤپەیڤین لەگەڵ کەریم ئەحمەد، ئاکۆ محەمەد، میدیا، ژمارە (١٢٨) ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/١

(2) John Berger, Hiroshima 1954 New York 2001, Aftonbladet 02/09/01

(٤) محمد الماغوط، سأخون وطنى، ص ٣٩٣ دار المدى ٢٠٠١ دمشق.

‹٥› محەمەدی مەلا کەریم، شێرکۆ شاعیرانە ڕچەی شکاند، ئاسۆ، ل١٤ ژمارە (١٦) سلێمانی ٢٠٠٤/٧/٢٧

(٦) لە دەم سیروان گۆرانیمان وت، وتووێژ: یەعقووب مەلیکی، گۆڤاری مەهاباد، ژ: ٣ ل ٧ جۆزەردانی ١٣٨٠ مەهاباد.

(٧) جلال الطالباني، أغد ديموقراطي و حرمان شعب من حق الحلم؟ ص ٦٦

(٨) أسام و كردستان، خالد القشطيني، الشرق الاوسط ٢٣/ ٢٠٠٤/١٠

(٩) سميح القاسم في حوار مثير، موسي برهومة، المستقبل ١٨/ ٢٠٠٤/١٠

(١٠) مێسۆپۆتامیا.

# بەرەو تاریکی

لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا، بە چاوپۆشین لە ئایینی باو، ژن لە کۆیلەش سووکتر سەرنجی دەدرێت، ئاخر خاوەن کۆیلە مافی کوشتنی کۆیلەی نەبوو، کەچی ئەوەتا لای ئێمە، هێشتا بە پێی یاسای سزادانی عێراق، کە تا هەنووکە لە کوردستانی ئازادیش ڕەچاو دەکرێت، ‹باوک مافی کوشتنی کچی خۆی هەیە.›

٢٣ی حوزەیرانی ١٩٩٩ باوکێک، کچەکەی لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ دهۆک دەباتەوە، لەوێ لەبەردەم ئەم دووڕیانەدا ڕای دەگرێت: شوو بەو پیاوە دەکەی کە من بۆت دیاری دەکەم، باشە، ئەگەر نا، دەتکوژم. کە کچەکەی ئەو جۆرە شووکردنە ڕەت دەکاتەوە، ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٩٩ دەیکات بە قوربانی سێ فیشەک. لەسەر ئەم تاوانە، لە کوردستان باوک و مامێکی کچە، ئەگەرچی بە دادگا دەدرێن، بەڵام سزا نادرێن. ئێستا دوو مامی کچە لە سوێد گیراون، باوکیشی لە کوردستان ئازادە. پۆلیسی سوێد نیازی وایە لە ڕێی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە داوای باوکی کچە بکاتەوە ، تا لە سوێد بە سزای ڕەوای خۆی بگات.

دیارە دادپەروەریی سوێدی لە بکوژانی ئەو کچە خۆش نابێت. لایەنی ‹گەش›ی ئەم تراژیدیایە ئەوەیە: ئیدی بۆ مرۆڤکوژانی کوردستان، وەک جاران ئاسان نابێت، کەی ئارەزوویان کرد، لە هەواری شارێکی ئەورووپادا بارگە بخەن. ئاخر حاڵی حازر بەشێک لەوانەی لە کوردستان، مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە، خەڵکیان کوشتووە و بەشداری ڕەشەکوژییان کردووە، لە ئەورووپا بێ خەم دەسووڕێنەوە.

من نازانم کێ هەواڵی کوشتنی ئەو کیژەی بە پۆلیسی سوێد گەیاندووە، بەڵام دڵنیام کارێکی هەتا بڵێی چاکی کردووە. ئومێد دەکەم ئەم



ڕچەشکاندنە خەڵکانی دیکەش هان بدات، تا ئەو تاوانبارانەی دەستیان بە خوێنی کورد سوورە و ئێستا لە ئەورووپا ژیانێکی هێمن بەسەر دەبەن، بە دادگا بدرێن.

ئەگەر قەیسەریی ئەورووپا لە تاوانبارانی کوردستان، بکرێتە کونەمشک، بێ گومان ئەوسا، کوشتوبڕ بە شێوەیەکی بەرچاو لە وڵاتی ئێمەش کەم دەبێتەوە. جێی داخ و شەرمە کەسوکاری چەندین قوربانی، جەللادانی باوک، برا، ژن، مێرد، کوڕ و کچیان دەناسن و دەشزانن لە کام وڵاتی ئەورووپا دەژین و لێیان بێدەنگن! خەو بەو ڕۆژەوە دەبینم، ئەو تاوانبارە کوردانەی لە ئەورووپا دەژین، یەکە یەکە ڕابکێشرێنە بەردەمی دادگا.

بەسەرهاتی خێزانی ئەو کچە نۆزدە ساڵەیە، ئەوە سەد پات دەکاتەوە، کە ئەورووپا بۆ زۆربەی خەڵکی کورد، نەک هەر بەهەشت نییە، بەڵکو دۆزەخێکی ڕاستەقینەشە. بەڕاست ئەوانەی لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ویستی خۆیان، کۆچ دەکەن، بیر لەوە ناکەنەوە کە کولتووری ئەورووپا و کوردستان، لە یەکدی جیاوازن؟ تۆ بڵێی نەزانن ئەو دابونەریتەی لە کوردستان زاڵە، لە ئەورووپا لای کەم نیو سەدەیە سەردەمی بەسەر چووە؟ ئاخۆ بیر لە ململانێی نێوان ‹نەوە›کان ناکەنەوە؟

ئەوە پیاوانن بڕیاری کۆچ کردن دەدەن، کەچی ئەوە ژنانن، بە ژیانی خۆیان، باجی ئەو هەڵەیە دەدەن، کە خۆیان نەیان کردووە. ‹تاوان›ی ئەو کچە، وەک مامی بە پۆلیسی ستۆکهۆڵمی گوتووە، ئەوەیە: لاسایی کچانی سوێدی کردووەتەوە. ئەگەر باوکی کچە ‹پێنج ساڵ لەمەوبەر› لاسایی کۆچکردووانی نەکردباوە، کچەی بەستەزمان لە کوێ بۆی دەلوا لاسایی کچانی سویدی بکاتەوە؟ ڕەنگە لە ژیانیدا کچێکی سوێدی لە دووریشەوە نەدیبا. بەو هیوایەی دەسەڵاتدارانی کوردستان، چی زووترە باوکی کچە ڕەوانەی سوێد بکەنەوە.

***

مەسعوود محەمەد داوا لە کوردی ئەورووپا دەکات: <ڕێز لە خانەخوێیەکانیان بگرن.> وەک هێشتا ئەورووپا لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بژی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فیۆدالی سەروەر بن و ئێمەش هەر یەکی لە دیوەخانی خانەدانێک لامان دابێت.

د. مارف خەزنەدار دەنووسێ: <کوردی ئەورووپا، کار ناکەن، لەسەر دەوڵەت دەژین. گوڵان ژ: ٢٨٠ ل٧٤ ڕۆژی ٢٥/٥/٢٠٠٠>

شێرزاد حەسەن دەڵێ: <کوردی ئەورووپا لەسەر سەدەقە دەژین. ڕێگای کوردستان ٢٢/٤/٩٨>

زۆربەی هەرە زۆری کوردی ئەورووپا، بە هێزی بیر و بازوو، خۆیان بەخێو دەکەن. باربووی کۆمەڵایەتی، شتێک نییە بۆ کورد داهێنرابێت. دەیان ساڵە هەر ئینسانێک لە ژێر ئاسمانی هەر یەکێک لەم وڵاتە ئەورووپاییانەدا هەناسەی دابێت، بە چاوپۆشین لەوەی خەڵکی وڵاتەکەیە یان نا، ژیانی بۆ دابین کراوە.

یارمەتیی کۆمەڵایەتی وەک د. مارف بۆی چووە، دەوڵەت نایدات. لەم وڵاتانە ئەوە خەڵکە دەوڵەتیش بەخێو دەکات. ئەوە پەرلەمانە کە نوێنەری خەڵکە، مووچەی پاشا، سەرۆکی: کۆمار، حیزب و وەزیران، دیاری دەکات. لێرە ئەوی کار بکات، دەوروبەری سێیەکی داهاتەکەی لە شێوەی باجدا بەو کۆمونەی لێی دەژی، دەدات. ئەو پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە، خوێندنگە، نەخۆشخانە، خزمەتکردنی منداڵ و پیر و یاریدەدانی ئەو کەسانەی هێشتا دەستیان لە کارێک گیر نەبووە، تەرخان دەکرێت. دەوڵەتیش بەو باجە بەڕێوە دەچێت کە خەڵکی دەیدەن، هەر بۆیەش کەی ئارەزوویان لێ بوو، دەیگۆڕن.

هەر کەسێک پێویستی بە کۆمەکی کۆمەڵایەتی هەبێ، وەری دەگرێ، بەڵام هەر کە کەوتە بازاڕی کارەوە، ئیدی لە داهاتی خۆی، دەیان هێندەی ئەوە دەداتەوە کە وەریگرتووە. بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی پەنابەر



نزیکەی ساڵێک یارمەتی وەردەگرن، ئیتر هەر کە ئیشێکیان دەست کەوت، لە ماوەی یەک دوو ساڵی کارکردندا، لەوە زێتر دەدەنەوە، کە وەریانگرتووە.

بریا ئەو هێژایانە لەبری بریندارکردنی هەستی کوردی دوورەوڵات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو مۆدێلەی لە مێژە لە ئەورووپا هەیە، خەریکی کۆششکردن بۆ دامەزراندنی بناغەی سیستەمێکی خزمەتکردنی کۆمەڵایەتیی لە کوردستان، دەبوون.

<بەختیار عەلی>ش دەبێژێت: <ڕۆشنبیر پیاوێکە کە دەتوانێ درۆ و ئەفسانەکان بشکێنێت. کوردستانی نوێ ١٤/٦/٢٠٠٠>

لە ڕوانگەی ئەم پیاوەوە، تەنیا پیاو دەتوانێت ڕۆشنبیر بێت.

لەبەر تیشکی بۆچوونەکانی ئەو چوار بەڕێزەدا، گەییشتمە ئەو ڕاستییەی کە ڕۆشنبیر: پیاوێکە تفەنگ بە شەوەزەنگەوە بنێت.

***

تووشی نەخۆشییەکی سەخت بووم، هەر چاک ببمەوە یەکسەر دەمرم. ئەو نەخۆشییە کە ژیانی ڕاگرتووم، نووسینە و لەمێژە بە دەستییەوە دەناڵێنم. نووسین لە کن من پیرۆزترین کارە و هەوڵ دەدەم قەت ڕستەیەکم لە شتێکی پووچدا خەسار نەکەم. هەن هیچ شک نابەن تا بە هۆیەوە ناویان بکەوێتە نێو ناوانەوە، دێن بەو ئومێدەی وەڵامیان بدەمەوە و ناوی خۆیان لە ڕستەیەکمدا ببیننەوە، پەلامارم دەدەن. بەو بەستەزمانانە دەڵێم: بەدیهاتنی ئەو خەونەتان لە مەحاڵ دوورە دەستترە.

***

ژمارەی دانیشتووانی یۆنان دە دوازدە میلیۆن کەسە، ژمارەی دانیشتووانی وڵاتانی عەرەب، نزیکەی سێسەد میلیۆن کەس دەبێت، کەچی ژمارەی ئەو کتێبانەی لە یۆنان چاپ دەکرێن، پێنج هێندەی ژمارەی

ئەو کتێبانەیە کە لە هەموو وڵاتانی عەرەبدا چاپ دەکرێن. عەرەب نەتەوەیەکی دواکەوتووە، ئیسلام ڕۆڵێکی کاربڕی لە بە دواکەوتوویی هێشتنەوەیدا بینیوە. بریا عەرەب گەلێکی هێندە پێشکەوتوو بووایە، کوردیشی لەگەڵ خۆیدا بەرەو هەواری پێشکەوتن بەکێش کردبا، وەلێ جێی داخە هەنووکەش عەرەب خاوەنی گوتارێکە، چوارده سەدە زێتر بەسەر سەرهەڵدانیدا تێپەڕیوە. کە هێژاترین عێراقی، مەبەستم ڕووناکبیری مەزن هادی عەلەوییە، پاکانە لە عێراقیبوونی خۆی بکات، ئیدی کورد بۆچی چارەنووسی خۆی بە ڕیشی بەفرینی سیستانی و مێزەری قەترانیی موقتەداوە گرێ بدات؟ کە ئەمیان شیاوی سنووررداشکردنەوەیە و جێگەی شیاوی ئەویشیان ئەنتیکەخانەیە.

بەزاندنی سنووری نێوان گەلان کارێکی ئاساییە، ڕۆنانی سنوور لە نێوانیاندا کارێکی نایاساییە. مرۆڤ ئازادە بە چاوپۆشین لە سنوورەکان، لە کوێ دەژی، بەڵام کە لە دنیادا نزیکەی دووسەد وڵاتی سەربەخۆی خاوەن سنووری دیاریکراو هەبن، ئیدی بۆچی کوردیش خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ و سنووری دیاریکراوی خۆی نەبێت؟ بە ڕاست کورد چی لە گەلانی دیکە کەمترە؟

هەرچی دەم دەکاتەوە دەبێژێت: (ئێمە بەرگەی ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەومان گرتووە، بەرگەی کارەساتەکەی 01 .02 .2004 ی هەولێریش دەگرین.) نا، ئێمە نە بەرگەی هیچ کارەساتێکمان گرتووە و نە بەرگەی کارەساتی دیکەش دەگرین. ئێمە دڕندە نین، ئێمە زیندەوەرێک نین لە پۆڵا و ئاسن، ئێمە ئینسانی ئاساین و کە پشکۆیەک بە پەنجەیەکماندا دەچزێت، جەرگمان ژان دەکات. هێشتا برینەکانی ئەنفال خوێنیان لێ دەچۆڕێت، هێشتا کوردستان بۆنی گازی ژاراوی لێ دێت. ئێمە ئەگەر چی ڕووبارێک لە خوێنمان بەخشیوە، بەڵام ئەوی دەستمان کەوتووە، هێندە کەمە، پێ بە جەرگی خۆمدا دەنێم و دەڵێم: خوێنی قوربانییەکانمان بە فیڕۆ چووە.



ئەوە درەختی ئازادی بۆچی هەر بەری نەگرت؟ بە ڕاست کام میللەت لە پێناوی ئازادیدا، هێندەی کورد خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە؟ سەردەمی ڕستەی بێ کاکڵی هەرزەکارانە بەسەر چوو. ئێمە قوربانین، وەلێ شەیدای ژان و ئازار و کارەسات، نین. هونەر ئەوەیە بە کەمترین قوربانی، مەزنترین دەستکەوت دابین بکەین، نەک هیچ دەستکەوتێکمان نەبێت و بەردەوام شانازی بە لەشکری لە ژمارە نەهاتووی قوربانییەکانمانەوە بکەین.

***

دوو سێ مانگێکە، دوو کتێبی من، ‹جەلالینامە› و ‹بە ڕووخسەتی حەزرەتی شێخ ڕەزا،› لە لایەن ئاسایشی هەردوو ئیدارەکەی، خۆیان گوتەنی، (هەرێم)ەوە، بڵاوکردنەوە و فرۆشتنیان قەدەغە کراوە. دڵی ینک تەنیا بە قەدەغەکردنی کتێبەکان، تێرئاو نەبووە، بەڵکوو ژوورێکی عەمەلیاتیشی بە سەرۆکایەتیی ئازاد جوندیانی بۆ سۆراخکردن و دۆزینەوەی ئەوانەی لە دوای چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو دوو کتێبە سەربەگۆبەندەوەن، کردووەتەوە و مەسەلەکەی تەنانەت گەیاندووەتە لای سەرکردایەتیی ‹پدک›یش.

لە نەگبەتیی ینک هاوزەمان لەگەڵ ئەو دوو کتێبەی مندا، ئەو ‹سی دی›یەش کە گوایە تێیدا مام جەلال دەستی سەنعان قەساب ماچ دەکات، کەوتووەتە نێو بازاڕەوە، ئیدی ینک وای بۆ چووە، بڵاوبوونەوەی ئەو دوو کتێبە و ئەو سی دییە ئابڕووبەرەیە، لە هەمان وەرزدا، پلانێکی دۆزەخی و مەحکەمچنراوە، لە دژی و هەوڵێکە بۆ شکستپێهانی لە هەڵبژاردنی ئایندەدا.

سەبارەت بە دوو کتێبەکە، نەک هەر ناوی من و چاپخانە و شوێنی چاپ، بەڵکوو ناونیشان و تەنانەت ژمارەی تەلەفۆنی منیشیان پێوەیە و ئەگەر بڵاوبوونەوەیان تاوان بێت، ئەوا تاوانبارەکە تەنیا منم. بۆ مەسەلەی ‹سی دی›یەکەش، ئەوا من زۆر لەمێژە بینیومە و هەشت مانگ بەر لە

ئێستا، دروست لە ٢٠٠٣/١٢/١٨ گوتارێکم لەژێر سەردێڕی (زەڕڕەیەک لە خاکی وەتەن)دا، لەسەر نووسیوە کە هەر هەمان ڕۆژ لە سایتی کوردستان نێتدا، بڵاو کراوەتەوە.

ینک ئەگەر لایەنێکی مۆدێرن و شارستانی بووایە، نە خۆی دوو کتێبەکەی منی قەدەغە دەکرد و نە ‹پدک›یشی ناچار دەکرد، قەدەغەیان بکات، بەڵکوو کەسێکی ڕادەسپارد، وەڵامی بیر و بۆچوونەکانم بداتەوە. خۆ ئەگەر لەو دوو کتێبەدا هیچی ڕاستم نەگوتووە و قسەکانم هیچ بایەخێکیان نییە، ئەوا ئەگەر کەسێک بە بڵاوبوونەوەیان ڕیسوا ببێت، تەنیا هەر خودی خۆمم و هیچ پێویست نەبوو، یەکێتی خۆی سەغڵەت بکات.

دەربارەی ‹سی دی›یەکەش، ئازاد جوندیانی و هەر کەسێکی دیکەش کە لە نێو ‹ینک›دا خۆی بە خاوێن دەزانێت، ئەگەر گلەییەکی هەیە، دەبێت لە خودی مام جەلالی بکات، نەک لە کەسی تر. ئاخر ئەو ڕەوتارەی تاڵەبانی، کە چوار سەد پارچە زەوی لە خاکی وەتەن، بە تۆرانییەکان دەبەخشێت، یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی شەڕی نێوخۆ، ئەو شەڕەی کە لایەنەکەی مام هەڵیگیرساند. شیاوی باسە، ئەو زەوی دابەشکردنە، بە ڕۆژی نیوەڕۆ، بە بەرچاوی کامێراوە، لەمێژە ڕووی داوە و کتێبەکانی من، دوو سێ مانگێکە بە دزییەوە دابەش دەکرێن.

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، (کە بڕوای بە هەر چییەک هەبێت، بڕوای بە ئازادیی بیروڕا دەربڕین نییە، ئاخر کەسانی وابەستە و کۆیلەی ئەم یان ئەو حیزب، هەرگیز ناتوانن لەگەڵ ئازادیدا بن،) لە ٢٠٠٤/٧/١٤دا بەیاننامەیەکی بڵاو کردووەتەوە، تێیدا بە قوفڵی پاساوی هەڵنەدانەوەی قەتماغەی کۆنەبرینان، گەرەکییە دەمی نووسەرانی ئازاد دابخات. ئەو هەوڵەی ئەو ئەنجوومەنە وابەستەیە، ئاوێکە بەو ئاشەدا دەکرێت کە ئازاد جوندیانی ئاشەوانییەتی. هەقی گوتنە، جێگری سەرۆکی



سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کەسێکە ڕابردووتاریک، تاریک بە هەموو مانای وشەکە و بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، سەرۆکی سەندیکاش، بێسەوادێکە هەر بڵاوکراوەیەک ڕێزی خۆی و خوێنەری بگرێت، یەک ستوون لە بەرهەمی خامەی! (کە خاوەنی هەر چییەک بێت، خاوەنی قەڵەم نییە،) بڵاو ناکاتەوە.

ئەگەر داوی پێوەندیی نێوان ینک و پدک، ئەوەندە قرچۆک بێت، بە نووسینێک بپسێت، ئەوا ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر دەپسێت. هەوڵی نووسەرانی ئازاد بۆ ئەوە نییە شەڕ هەڵبگیرسێتەوە، لە دژی ئەوانەیە شەڕیان هەڵگیرساند و بۆ نابووتکردنی ئەوانەشە بە نووسینەکانیان ئاگری شەڕەکەیان خۆش دەکرد. ڕقی من لە ینک لەبەر ئەوە نییە کە شەڕی نێوخۆی ڕاگرتووە، لەبەر ئەوەیە کە شەڕی نێوخۆی دەست پێ کرد. ئەو تەورەی دە ساڵ بەر لە ئێستا، ینک و پدک شەڕیان پێ دەکرد، هێشتا هەر خوێنەکەی پێوەیە، هێشتا فڕێیان نەداوە، ئەگەر سبەی دەستیان دایەوە تەورەکە، تاوان هی ئەم نووسەری ئازاد یان ئەو ڕۆژنامەنووسی بوێر نییە، تاوانی تەوروەشێنەکان و قەڵەمکێشەکانە، هەی ئەو ‹فەرهاد›ەی هێشتا لە پێناوی ئەوینی هیچ ‹شیرین›ێکدا، تەورێکت، یان ڕاستتر پاچێکت نەوەشاندووە.

سەددام حسێن هەر چی گوتبا یان کردبا، هیچ کام لە ئەندامانی سەرکردایەتیی بەعس، نەیاندەوێرا بڵێن لەل. ئاخر ئەو پیاوگەلێکی وای لە دەوری خۆی کۆ کردبووەوە، کە هەمیشە لە ئاستیدا دەست لەسەر سنگ وەستابوون، تکایە کاک ئازاد جوندیانی، ئەگەر زات دەکەیت، لە مام جەلالی سۆسیال دیموکراتی یاساناس بپرسە، ئایا بە پێی کام یاسا، مافی ئەوەی هەیە، چوار سەد پارچە زەوی ببەخشێت! حەز دەکەم ئەوەش بزانیت، ‹پاڵمە›ی سەرۆکی سۆسیال دیموکراتەکانی سویدیش، یاساناس بوو، بەڵام ئەو تا ژیا هەر کرێچی بوو.

***

تۆ کە ناوێریت بە ناوی ڕاستەقینەی خۆتەوە، بیروڕای خۆت دەربڕیت، ئێمەش مەحاڵە بڕوات پێ بکەین، مەحاڵە جێی متمانەی کەسمان بیت. تۆ کە بە ناوێکی وەهمییەوە دەپەیڤیت، شکمان بۆ ئەوە دەچێت، کەسێک بیت کە ئامادە نییە، بەرژەوەندییەکانی خۆی بخاتە مەترسییەوە. ناڵێم گومانی ئەوەت لێ دەکەین، کۆنەبەعسی بیت، وەلێ دەشێت بازرگانێکی چاوچنۆکی شەڕی نێوخۆ، یان ئەندازیارێکی بەجەرگی براکوژی بیت. ئاخر تۆ کە خۆت ئاشکرا ناکەیت، ئێمە چۆن بزانین، کەسێکیت ڕابردووپاک؟ چۆن بزانین دڵسۆزی گەلی کورد و خاکی کوردستانیت؟ خۆ غەیبمان پێ نییە!

ترست نەبێت، ئیدی ئەستەمە شەڕ لە نێوان ‹پارتی و یەکێتی›دا ڕوو بداتەوە، لەبەر ئەوە نا کە گۆڕانی ڕیشەییان بەسەردا هاتووە و بڕوایان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات هێناوە و ئیتر کێشەکانی نێوانیان لە ڕێی دیالۆگ و سندووقی هەڵبژاردنەوە یەکلایی دەکەنەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی، یەکێتی کە هەمیشە شەڕهەڵگیرسێن بووە، هەنووکە هیچ گومانی لەوە نییە، ئەگەر شەڕ هەڵبگیرسێنێتەوە، دەیدۆڕێنێت.

تۆ باسی یەک گوللە و دوو کتێبت کردووە، گوللەکە ئەوەیە کە حەمەخانی حاجی دارا بە دەرگەی خانووەکەی هەولێری ‹کۆسرەت ڕەسووڵ›ییەوە ناوە، ئەدی ناوی دوو کتێبەکەت بۆچی نەهێناوە کە یەکێکیان ‹جەلالینامە›یە و ئەوی تریان، ‹بە ڕوخسەتی حەزرەتی شێخ ڕەزا؟› تۆش وەک هەفتەنامەی‹هاوڵاتی›ت کردووە، هاوڵاتی دەنووسێت: ئاسایشی سلێمانی، لەسەر کتێب و نامیلکەی، بۆ زڕاندنی ناوی سەرانی کورد تەرخانکراو، (کاروان نەجمەدین)ی دەستگیر کردووە،(١) وەلێ ناوی کتێب و نامیلکەکان ناهێنێت! یان دەڵێت: ئاسایشی سلێمانی بەڵێننامە لە هەردوو کتێبخانەی ڕۆشنبیری و سارا وەردەگرێت، کە چی تر، کتێبی قەدەغەکراو نەفرۆشن،(٢) بەڵام ناوی کتێبە قەدەغەکراوەکان ئاشکرا ناکات!



کێشەی نێوان حەمەخانی حاجی دارا و کۆسرەت ڕەسووڵ لەسەر موڵک وماڵە، دەزانم بەهاری ١٩٩٤یش هەر بە پاساوی کێشەی نێوانی کوڕی حەسۆ میرخان و عەلی نەبی لەسەر موڵک و ماڵ، ئاگری براکوژی لە پشدەرەوە کڵپەی سەند و باشووری کوردستانی گرتەوە، وەلێ ترست نەبێت، ئێستا ئەوسا نییە، دەمێکە ئەو دەستەی مەقاشەکانی دەبزواند، لە گۆ کەوتووە.

تۆ باسی یەک گوللە و دوو کتێبت کردووە، وەلێ شتێکی گرنگت پشتگوێ خستووە، ئەویش سیدییە ئابڕووبەرەکەیە، ئەو سیدییەی پێمان دەڵێت، مام جەلال چوارسەد پارچە زەوی لە خاکی کوردستان، لەسەر بەرەی تورکمانی تاپۆ دەکات و ئێوەش هەر چی دەکەن، بۆتان پینە ناکرێت. یەکێتی، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن، مەکتەبی بیر و هۆشیاری و مەکتەبی دیکەشی هەیە، بەڵام تاقە مەکتەبێک کە دەبوو هەیبێت و نییەتی، مەکتەبی پینەکردنی هەڵەکانی سکرتێرە. یەکێتی پێویستی بە مەکتەبێکە، یان ڕاستتر بە هێزێکە، هەمیشە تەیار و ئامادە بێت، بۆ ئەوەی هەر کە سکرتێر هەڵەیەکی کرد، دەستبەجێ بۆ پینەکردنی، دەست بە کار بێت.

من بۆ خۆشکردنی ئاگری براکوژی، نە فیشەکێکم تەقاندووە، نە ڕستەیەکم نووسیوە. تۆ هەر تۆمەتێکت وەپاڵ من دابا، نەدەبوو تۆمەتی خۆشکردنی شەڕی نێوخۆم وەپاڵ بدەیت، ئاخر ناکۆکی نێوان من و ئێوە، لە هێرشەکەی (سەرەتای ئایاری ١٩٨٣)تانەوە بۆ سەر قڕناقاو و پشتئاشان دەستپێ دەکات، کە بە ئەنفالکردنی ‹جود› کۆتایی هات. بچۆ ئەو دوو کتێبەی من بخوێنەوە، ئەوسا دەزانیت بە مەبەستی ڕیسواترکردنی قارەمانانی براکوژی نووسراون، نەک بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕی نێوخۆ.

تۆ چونکە بە ناوی خۆتەوە نانووسیت، بێ سڵەمینەوە و بێ بەڵگە، قسە فڕێ دەدەیت. تۆ نە هیچ کام لەو دوو کتێبەی منت بینیوە، نە هیچ

بڵاوکراوەیەکی دەزگای ئاراس. من ئەوە خۆمم، کتێبەکانی خۆم تایپ و مۆنتاژ دەکەم و تا ئێستا گەلێک کتێبی دیکەم، بە هەمان فۆرم و قەوارە، لە سوێد و لە کوردستان بڵاو بوونەتەوە. تۆ هیچ پێوەندییەکت بە کارمەندانی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی ئیدارەی هەولێرەوە نییە و ناوی ئەو چاپخانەیەشت بە هۆی بەرگی ئەو کتێبانەی ‹دەزگای ئاراس›ەوە، کە لە سایتە کوردییەکاندا نیشان دروان، بەر چاو کەوتووە. تۆ ئەگەر ئەو دوو کتێبەی منت دیتبا، دەتزانی لە کوێ و لە کام چاپخانە چاپ کراون، چونکە لە لاپەڕەی دووی هەردووکیاندا، ناوی چاپخانە، شوێنی چاپ و ‹ISBN›یش نووسراون.

****

بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی سوێد کە هاوزەمان بەڕێوەبەری ئینتەرپوڵ، واتا پۆلیسی دنیاش دەبێت، لە سوێد لەبەردەم قوتابخانەیەکدا کە دەبێت لەسەر 30 لێ بخورێت، تۆزێک تیژتر لێ دەخورێت. لەسەر ئەو سەرپێچییە، پۆلیسێکی ئاسایی ڕای دەگرێت و هەر لەوێدا سزای دەدات و هەواڵەکەش لە ماسمیدیای سوێددا، بڵاو دەکرێتەوە. پۆلیسێکی قەڵەندەری هاتوچۆی سلێمانی، پێی وا دەبێت لە مەسەلەی ڕێز لە یاساگرتندا، سلێمانیش ستۆکهۆڵمە، بۆیە لەبەر خێرا ئاژۆتن، ماشێنی جێگری وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی ڕا دەگرێت و داوا لە شوفێرەکەی دەکات کە بە هێمنی لێ بخورێت، پاسەوانی جێگری وەزیریش ‹نایکاتە نامەردی،› یەک زللەی شۆڕشگێڕانەی وای تێ دەسرەوێنێت، کڵاوی سەری با دەبیات. باش بوو یەکسەر پۆلیسی زللەخواردوو لە زیندان توند کرا، ئەگەر نا، فەقیرە دەبوو دوای کڵاوی زللەبردوو، کەوتبا.(٣)

***

هەشت ساڵی تەواو بەر لە ئێستا لە ساتیرەشیعرێکدا گوتبووم: (ژمارەی دزانی نێو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێندەی



ژمارەی ئەستێرەی ئاسمانە.) سوپاس بۆ مام جەلال کە لەم دواییەدا، ئەویش هاتە سەر قسەی من و هەموو کارمەندانی دەزگای شەهید و هەموو ئەندامانی هەموو لیژنەکانی شتومەک کڕینی هەموو فەرمانگەکانی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەسەر دزی دەر کرد. دەڵێن بڕیاری داوە، هەر بە دەرکردن لەو دزانە خۆش نەبێت، بەڵکوو بە دادگاشیان بدات، وەلێ من وەک یەکێتیناسێک، پێم وایە کێشەی ئەو دزانەش، وەک مەسەلەی فایلڕەشەکان، دیزە بە دەرخۆنە دەکرێت.

***

لە سیستەمی شیعەدا، عەلی سیستانی بە باڵاترین پۆست گەییشتووە، ئەو لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، لە دوای کۆچی دوایی ئەبولقاسمی خوئییەوە، مەرجەعی باڵایە، یان دروستتر، مەرجەعی تەقلیدە، واتا، هەرچی ئەو گوتی، دەبێت پێڕەو بکرێت. بە پێی ئەو پلە و پایەیەی، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئیجتیهاد بکات و بەو جۆرەی دەخوازێت، قورئان و فەرموودەی محەممەد لێک بداتەوە. من دەزانم سیستانی بۆچی دژی خواردنی گۆشتی بەرازە، ئاخر بە گوێرەی دەقی قورئان حەرام کراوە، وەلێ نازانم و خوازیارم بۆمی ڕوون بکاتەوە، بۆچی شیعە مافی ئەوەی نییە، گۆشتی ماسیی بێ پوولەکە بخوات؟(٤)

2004. 09. 10

(١) هاوڵاتی، ژ: ١٨٦ ل١ ڕۆژی ٢٠٠٤/٨/١١

(٢) هاوڵاتی، ژ ١٧٩ ل١ ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/٢٣

(٣) هاوڵاتی، ژ١٩٠ ل٢ سلێمانی ٢٠٠٤/٩/٨

(4) Bengt Albons. Storayatollan en fredsivrare, D.N s.13 Stokholm 2004. 08. 28

# گرووپی گلەیی

وەزیری نێوخۆی عێراق، فەلاح ئەلنەقیب، دەبێژێت: (کورد مافی خۆیانە لە عێـراق جوێ ببنەوە، ئەگـەر جـاری جیـابوونەوەیان دا، ئێـمـە ڕێز لەو خواستەیان دەگرین و شەڕیان لەگەڵدا ناکەین، ئێمە یەکێتییان بەسەردا ناسەپێنین، سەرکوتکردنی میللەتێک کە خوازیاری ئەوە بێت، دەوڵەتی خۆی هەبێت، بە شتێکی ناشایستە دەزانین.)‹١›

بەهاری ١٩٧٤ تورکیـا قـوبرسی دوولەت کـرد، بەهاری ٢٠٠٤ لەتە تورکییەکە، ویستی لەگەڵ لەتە یۆنانییەکەدا ببێتەوە بە یەک، لەتە یۆنانییەکە، بە زۆربەی دەنگ گـوتی، نا بۆ یەکگرتنەوە. کـۆششی دەسەڵاتدارانی کوردی باشوور، بۆ ئازادکردنی ئەو بەشەی کوردستان نییە لە زیندانی عێراق، بۆ ئەوەیە، عێراق هاووڵاتیبوونی پلەی یەک، بە کورد ڕەوا ببینێت! خەو بەوەوە دەبینم عەرەبی عێراق بە زۆربەی دەنگ بڵێن، نا، بۆ برایەتی عـەرەب و کـورد، بەڵێ، بۆ جیـابوونەوەی کـوردسـتـان لە عێراق. ئەمە خەوێکی زڕ نییە، دەشێت بێتە دی، ئەها دەسترۆییشتووانی کوردی باشوور، لە عەرەب عێراقچیترن! ئەدی بۆچی ناشێت، ڕۆژێک دابێت، عەرەبی عێراقیش، لە کورد، کوردستانیتر بن؟

دەشێت دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانیش، شەیدای بووکی ئازادی بن، بەڵام پێ دەچێت، تەنیا ئەو کاتە جاڕی ئازادیی بدەن، کە داگیرکاران چرای سەوزیان بۆ هەڵکردین. ئەوان جاران وای بۆ دەچوون، خۆری ئازادی لە لوولەی چەکەوە، هەڵدێت، لە دوای هەرەسی بەعسەوە، پێیان وایە، ئازادیی کوردستان بە گوڵبارانکردنی مارینز و لە ڕێی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراقەوە دابین دەکرێت.

کۆتایی ساڵانی چلی سەدەی ڕابردوو، عەرەب بە دابەشکردنی فەلەستین



قایل نەدەبوون، ساڵانێکە بە کەمتریش لەو بەشەی ئەوسا قایل دەبن و دەستیان لێی گیر نابێت. ساڵی ١٩٧٤ کورد بە نیوەی کەرکووک قایل نەدەبوو، کەچی هەنووکە، دوای ئەو ڕووباری خوێنەی سی ساڵە لەبەر کورد دەڕوا، چارەکێکی ئەو شارە بە دەست کوردەوەیە!

ئەوی کورد پێی دەگوت، وتوویژ، لە ڕوانگەی بەعسەوە، گەڕانەوە بوو بۆ ژێر دەواری عێراق. کورد بە پێوەندیی نێوان خۆی و ئەمریکای دەگوت، هاوپەیمانێتی، وەلێ لە گۆشەنیگای مارینزەوە، کورد لە دارستانێک چەک زێتر، هیچی دیکە نەبوو.

بریا کەرکووک، نە قودسی کوردستان بووایە، نە ‹فوئاد›ی!‹٢› بریا کەرکووک نە شاری برایەتی بووایە، نە عێراقێکی بچکۆلە! ئاخر هەتا ئەوانە بێت، بەشێک نابێت لە کوردستان. کەرکووک نە دڵی کوردستانە و نە قودسی. کەرکووکیش وەک هەولێر و وەک سلێمانی، شارێکی کوردستانە و هیچی تر، نە لە هیچ شارێکی دیکەی کوردستان پیرۆزترە و نە لە هیچ باژێڕێکی تری ئازیزتر. تەنیا کەرکووک شاری برایەتی نییە، هەموو شارێکی کوردستان، شاری برایەتییە، هیچ شارێکی کوردستان، شاری دوژمنایەتی نییە. کەرکووک عێراقێکی بچکۆلە نییە، کوردستانێکی بچکۆلەیە.

هەر کەسێک هەڵدەستێت، ناوێک لە کەرکووک دەنێت، تکایە ڕێم بدەن، منیش گرووپی کوردی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ناو بنێم، گرووپی گلەیی، ئاخر ئەوانەی گوایە نوێنەری کوردن لەو ئەنجوومەنە، ساڵێک و قوسوورە، لە گلەیی بترازێت، هیچی دیکەیان نەکردووە؟

***

کە سووکایەتیی بە سروودی نیشتمانیی وڵاتە بندەستەکەی دەکرێت، بێدەنگ دەبێت، کە نازناوی پیرۆزی شەهید، دەخرێتە پێش ناوی زڕاوی سەرەکجاشێکی گۆڕبەگۆڕەوە، بێدەنگ دەبێت، کە سووکایەتیی بە پۆلێک

لە شەهیدانی وەتەن دەکرێت و بە ناوی ئەوانەوە قسەی هەڵەق و مەڵەق دەنووسرێت، بێدەنگ دەبێت، کە نووسینی بە تەنیشت نووسینی بەعسییەکی دێرینەوە بڵاو دەکرێتەوە، بێدەنگ دەبێت، کەچی کە سووکەڕەخنەیەک لە ڕێنووسی ڕستەیەکی دەگیرێت، دەستبەجێ هاواری لێ بڵند دەبێتەوە و هەموو ئەو جنێوانەی بە درێژایی ژیانی فێربان بووە، گا بە ناوی خۆیەوە، گا بە ناوی خوازراوەوە، بە ڕەخنەگریان دەدات!

ئەم خۆی شانازیی پێوە دەکات کە لە بواری وێنەی سەددام حسێن کێشاندا، سەری هیچ وێنەکێشێک ناگاتە داوێنی، ئەم خۆی نکووڵی لێ ناکات، کە بە پسوولەی بەبەعسیبوون خوێندنی تەواو کردووە، ئەم خۆی ددانی پێدا دەنێت کە لە هەفتەنامەی (ئاسۆ)ی سەر بە دەزگای موخابەراتی عێراقیدا، شێلگیرانە کاری کردووە، کەچی ئەوی چەپی عەیاری بیست و چوار، هەر داکۆکیی لێ دەکات!

لە دوای هەرەسی بەعسەوە، داڵدەدانی کورد وەک پەنابەر، هێندە زەحمەت بووە، وەک مەحاڵی لێ هاتووە، ئیللا مەگەر بیسەلمێنێت کە بەعسی بووە. ئەو کوردەی بتوانێت بە بەڵگەوە نیشانی بدات کە بەعسی بووە و دوای ‹نسکۆ›ی بەعس، ژیانی کەوتووەتە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، بە پەنابەر وەردەگیرێت، بۆیە ئەگەر فایلڕەشیت، چی زووترە لاپەڕەیەک لە فایلکەت بخە ڕوو!

ئەوی شارەزای ئەلفوبێی ڕۆژنامەگەری بێت، دەزانێت کە بەرپرسی ماڵپەڕ، بەرپرسی یەکەمە بەرانبەر ناوەڕۆکی ئەو نووسینانەی لە سایتەکەیدا بڵاویان دەکاتەوە. ئەوی سەرەداوێکی لە هەناودا بێت، دەزانێت ئەگەر لە سایتێکدا بەبێ بەڵگە تۆمەت وەپاڵ کەسێک درا، خاوەنی سایتەکە تۆمەتبارە و لە هەر شوێنێکی دنیادا کە یاسای تێدا سەروەر بێت، دادگایی دەکرێت. کەسێک سایتێکی ئاوەدان کردبێتەوە و



ئەو ڕێسایانەی نەژنەوتبێت، لای کەم کزئاوەزە. ئەو ڕێسایانەی بیستبێت و ڕەچاویان نەکات، سایکۆپاتە، دەیبەخشم بە نەخۆشییەکەی.

***

(دڵدار)ی نەمر کە لە ساڵی ١٩١٨دا لە کۆیە لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٨دا لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، وێڕای ئەوەی گرفتی ئاخاوتنی هەبووە، سەر بە بنەماڵەیەکی هەژاریش بووە و بە کولەمەرگییەک کۆلێژی مافی تەواو کردووە، کە بە سەرهاتی ژیانی دەخوێنینەوە، چاوانمان فرمێسکیان تێ دەزێت. مەرگ مەودای (دڵدار)ی نەدا، خێزانێک پێکەوە بنێت، ئەو تەنیا شیعری لە پاش جێما.

ئەوی شاعیر نەبێ کۆرە وەجاغی

لە سایەی شیعرەکان، بابی کوڕانم. (حاجی)

ئەوە شیعرە وەجاغی (دڵدار)ی بە ڕوونی هێشتووەتەوە، ئەو ئەگەر چەند شیعرێکی جوانی لە دوای خۆی جێ نەهێشتبا، هەنووکە کەسمان نەماندەناسی.

لە جگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ

بێ خەتا کەس نییە ڕازی، کە لە ئەولادی درێ. (نالی)

دڵدار سێ ساڵێک (١٩٣٧ ـ ١٩٣٩) لە کەرکووک ژیاوە، شیعری (ئەی ڕەقیب)ی لەوێ نووسیوە.(٣) ئەی ڕەقیب جوانترین شیعری ئەو نییە، گەلێک شیعری لەوە جوانتری هەیە، بەڵام ئەی ڕەقیب چونکە بێ بڕیاری هیچ حیزب یان دەسەڵاتێک، بووەتە سروودی نیشتمانیمان، بۆیە لە هەموو شیعرەکانی ناودارترە و کورد لەگەڵ گوتنی ئەی ڕەقیبدا، دڵدار و لە گەڵ ناوهێنانی دڵداردا، ئەی ڕەقیبی بیر دەکەوێتەوە. دڵدار لە باشووری کوردستانەوە ئەی ڕەقیبی گوتووە، کەچی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەو سروودە بە مارشی خۆیان دەزانن.

هەر شیعرێکی دڵدار بگریت، پارچەیەکە لە جگەری، کەس مافی ئەوەی نییە بیانشێوێنت و سووکایەتییان پێ بکات. شیعری ئەی ڕەقیب، بەشێکە لە ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەی کورد، لەسەر پەڕەی دڵی میللەتەک نووسراوەتەوە و نەتەوەیەک بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی دەدات، بۆیە شێواندنی، سووکایەتیی کردنە بە نەتەوەی کورد.

دڵدار هاوشاری و هاوڕێی دڵزار بووە. دڵدار دوا هۆنراوەی خۆی کە لە ١٩٤٨/٩/١٢ دا نووسیوێتی، بۆ دڵزار گوتووە. ئەوی شیعری ئەی ڕەقیبی ئەتک کردووە، هاتووە ئەو ناپاکییەی وەپاڵ ناوی (دڵزار) داوە، بەوەش وێڕای سووکایەتیکردن بە دڵدار، بە ئەدەبی کوردی و بە گەلی کورد، سووکایەتیی بە دڵزاری شاعیریش کردووە، کە هەنووکە تەمەنی ٨٤ ساڵە. ئەوی ئەمڕۆ گاڵتە بە ئەی ڕەقیبی دڵدار بکات، سبەی بە (نەورۆز)ەکەی پیرەمێرد، (داری ئازادی)یەکەی بێکەس و (دەمی ڕاپەڕین)ەکەی (گۆران)یشی دەکات. ئەوی سووکایەتیی بەو سرووده بکات، ئەگەر فایلڕەش، سیخوڕ، ناپاک یان کۆنەبەعسی نەبێت، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا ساویلکەیە.

کە (دڵدار)ی مەزن ئەو شیعرەی نووسیوە، نە پارتی هەبووە، نە یەکێتی، ئیدی ئەوی ڕەخنەی لە دوو لایەنە هەبێت، چ پێویست دەکات، سووکایەتی بەو شاعیرە و بە شیعرەکەی بکات. ئەوی ئەی ڕەقیبی ئەتک کردووە، هێندە کەمسەلیقە بووە، هەر لە نیوەدێڕی دووەمەوە، جیاوازیی لە نێوان تاک و جووتدا نەکردووە،(٤) هێندە درشتبین بووە، داوای لە لاوانی کورد کردووە، کەللەی سەری ئەندامانی پارتی و یەکێتی بە خوێن بنەخشێنن،(٥) واتا بۆ زەبروزەنگ نواندن وکوردکوشتن هانی داون، ئەمەش تاوانێکی دیکەیە و خەڵکی لەسەر سزا دەدرێت.

دەشێت من و تۆ هەردووکمان یەکی شیعرێک بە هەمان شێوە بۆ هەمان بابەت بنووسین، دەگونجێت ئەو شیعرێک بڵێت و من سوود لە ڕستەیەکی



ببینم، دەلوێت بە دوو شاعیر شیعرێک بنووسین. شیعری ئەی ڕەقیب دەقێک نییە کەس مافی ئەوەی نەبێت توخنی بکەوێت، دەقێک نییە لەسەروو ڕەخنەوە بێت، دەشێت لە داهاتوویەکی نزیکدا، کورد دەقێکی دیکە بۆ سروودی نیشتمانیی خۆی پەسەند بکات، بەڵام ئەی ڕەقیب مارشی نەتەوەییش نەبێت، جگەرگۆشەیەکی دڵدارە، بەڵگەنامەیەکی مێژووییە و کەس هەقی ئەوەی نییە، بەراوەژوو کەڵکی لێ وەربگرێت و بۆ نیازی پۆخڵی خۆی بیشێوێنێت.

***

لەژێر (خەبات)دا نووسراوە: (ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.)

لەو دوو ڕستەیەدا سێ هەڵە هەیە:

(١) ڕۆژنامەیەکی (سیاسی) ڕۆژانەیە. سیاسی لەوێدا بە دوو (ی) دەنووسرێت، ڕۆژنامەیەکی (سیاسیی) ڕۆژانەیە.

(٢) ڕۆژنامەیەکی سیاسییە، ڕاستە، ڕۆژانەیە، زیدەیە و هەڵەیە، چونکە کە گوتت: ڕۆژنامە، واتا: ڕۆژانە بڵاو دەبێتەوە. ئەگەر بۆ نموونە، هەفتەی جارێک دەربچێت، با لە شێوەی غەزەتەشدا بێت، (هەفتەنامە)ی پێ دەگوترێت، نەک ڕۆژنامە.

(٣) ئۆرگانی (پارتی) دیموکراتی کوردستانە. پارتی لەو ڕستەیەدا بە دوو (ی) دەنووسرێت، ئۆرگانی (پارتیی) دیموکراتی کوردستانە، ڕاستە، ئاخر پارت part بە مانای بەش یان پارچە دێت، پارتی party بە مانای حیزب دێت.

لەژێر (کوردستانی نوێ)دا نووسراوە: (ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.)

لەو دوو ڕستەیەدا سێ هەڵە هەیە.

(١) ڕۆژانەیە زێدەیە چونکە ڕۆژنامە، هەڵگری واتای ڕۆژانەشە.

(٢) یەکێتی، هەڵەیە، یەکیەتی، ڕاستە. پاشگری (یەتی) دەچێتە سەر (یەک) نەک (ێتی.)

(٣) دەریدەکات، هەڵەیە، دەری دەکات، ڕاستە.

***

دیکارت گوتوویەتی: من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم. چونکە کامۆ ئینسانی بۆ یاخیبوون هان داوە و پێی وابووە، یەکێک لە ڕەهەندە بنچینەییەکانی ئینسان، یاخیبوونە، دەتوانین لەسەر زاری وییەوە، بڵێین: من یاخی دەبم، کەواتە من هەم. ئینسانیش سەیرە، هەیە لە ڕێی بیرکردنەوەوە، هەبوونی خۆی دەسەلمێنێت، هەیە بە هۆی یاخیبوونەوە، هەیە بە هۆی بەخشینەوەی جنێوەوە!

تەکنیکێک لە شیعردا هەیە پێی دەڵێین: دەمامک. شاعیر دەچێت لەودیو دەمامکێکەوە، قسەی دڵی خۆی دەکات. دەمامک لە شیعردا ڕووپۆشێک نییە، لە چەشنی ئەوەی تیرۆریست لە سەروەختی سەربڕینی دیل و بارمتەدا، ڕووخساری خۆی پێ دەشارێتەوە. لە شیعری (باوکە من یوسفم)دا کە نووسەری ئەم دێڕانە کردوویە بە کوردی، مەحموود دەرویش لەودیو دەمامکی (یوسف)ەوە، ناخی خۆی دەخاتە ڕوو. شاعیر دەشێت بۆ قوتاربوون لە تەنیایی، لە بازنەی خود دەربازبوون و گەیشتن بە فرەدەنگی، هانا بۆ ماسک ببات، وەلێ ئەوانەی لەودیو ماسکی ناوێکی وەهمییەوە، پەلاماری ئەم و ئەو دەدەن، ئەدیب نین، جنێوفرۆشن، ئاخر ئەوی خەریکی کارێکی باش بێت، پێویستی بەوە نابێت، ناوی خۆی بشارێتەوە. خۆشاردنەوەی جنێوفرۆشان لەودیو ناوێکی ساختەوە، وەک هانابردنی تیرۆریستانە بۆ دەمامک.

2004. 10. 12



‹١› وزير الداخلية يؤكد حرية الاكراد في الانفصال، جيهان الحسيني، الشرق الأوسط ٢٠٠٤/٧/٢٩ لندن.

‹٢› دڵ.

(٣) عەبدولخالیق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپخانەی دار أفاق ١٩٨٥ بەغداد.

(٤) ڕابەریانە، ڕاستە، نەک ڕابەرێتی.

(٥) تا بە خوێن نەخشی بکا کەللەی سەریان.

# کۆلکە هاوولاتی

با هەموو دنیاش تاریک بێت، بە ئاگری ئەوینی کوردستان،

ژووری دڵی من، هەمیشە ڕۆشنە.

بەو ئومێدەوە دەنووسم، باسی ئەو شتانە بکەم کە دەشێت لە داهاتوودا ڕوو بدەن، نەک بۆ ئەوەی باسی ئەو شتانە بکەم کە ڕوویان داوە. بەو هیوایەوە دەست بە نووسین دەکەم، باسی شتێکی نوێ بکەم، نەک کۆن، باسێک بکەمەوە تازە بێت، نەک باسێک کە ئەگەری ئەوە هەبێت، خوێنەریش هێندەی من، یان زێتریشی لێ بزانێت.

بڕوام بە هەبوونی دۆزەخ هەیە. لە هەر وڵاتێکدا حیزبێک لە چەشنی حیزبی بەعس، فەرمانڕەوا بێت، ئەوێ دۆزەخە. کوردی باشوور دۆزەخی بە چاوی خۆی دیوە، ئاخر ساڵانێکی دوور و درێژ لە سایەی دەسەڵاتی بەعسدا ژیاوە. دۆزەخ ئەفسانە نییە، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، لە هەر شوێنێک شمشێری ڕیشنی شەریعەت سەروەر بێت، ئەوێش دۆزەخە.

مەلا دژی گۆڕانییەکانی زەکەریا هاواری لێ هەڵدەسێت، وەلێ ئەگەر کوردستان ئاو بیبات، دڵی ژان ناکات! ئەوی بۆ مەلا گرنگە، قورئانە، نەک کوردستان، ئاخر مەلا پێش ئەوەی کورد بێت، موسڵمانە، ئەوە نییە جەمالەدینی ئەفغانی دەڵێت: (موسڵمانی ڕاستەقینە بیر لە نەتەوەی خۆی ناکاتەوە، ئەوی بە لای ئەوەوە گرنگە، ئایینە، نەک زمان یان ڕەگەز!) ئەوە نییە لە دوورترین گۆشەی دنیاوە، ئیسلامی توندڕەو دێت و جەژن لە کورد دەکات بە شیوەن! ناسنامەی کورد، تەنیا زمانەکەیەتی کەچی ئەوی بە لای مەلاوە هیچ بایەخێکی نەبێت، زمانی کوردییە. تاقە باڵندەیەک کە بەردەوام هێلانەی خۆی پیس بکات، ئیسلامی سیاسییە.



بەند تەنیا ئەو کەسە نییە کە ژیانی لە بەندیخانەدا بەسەر دەبات، ئەویشی ژیانی لە کڕنووشبردندا بەسەر ببات، با وەک جەستە ئازادیش بێت، وەک ڕۆح دیلە. هەیە لە چوارچێوەی مزگەوتدا دیلە، هەیە لە قەفەزی حیزبدا بەندە. پێ دەچێت سەرۆکی حیزبیش چەشنی خەلیفە، میللەت بە مێگەل بزانێت، ئەگەر نا لە تاکی کوردی دەپرسی: ئەرێ بە ڕاست، تۆ خۆت بە عێراقی دەزانیت؟

منیش پێم وایە لە عێراقی داهاتوودا، کورد هاوولاتیی پلە دوو نابێت، ئاخر لە دوای هەرەسی بەعسەوە، کورد بووە بە هاوولاتیی پلە سێ. لە عێراقی ئێستا و داهاتوودا، شیعە هاوولاتیی پلە یەکە، سوننە پلە دووە و کوردیش پلە سێ. ئەوە بۆیە لە دوای نۆی ئەپریلی ساڵی ڕابردووەوە، زوو زوو دەبێژن: ئەو ڕۆژە ڕابورد، کورد هاوولاتیی پلە دوو بێت، چونکە دەزانن، ئیدی هاوولاتیی پلە سێ دەبێت. پێش ئەوەی بریمەر ئۆغر! بکات، دەیانگوت: ئەگەر سەرەکوەزیرانی عێراق کورد نەبێت، ئەوا بێ شک سەرەککۆمار کورد دەبێت، ئەو پێشبینییە چەند هاتە دی، خۆشخەیاڵی و گەشبینییەکانی هەنووکەش، هەر هێندە بەرهەمی دەبێت.

بە فیدرالکردنی عێراق تەنیا بە خواستی کوردەوە پێوەست نییە، پێویستی بە ڕەزامەندیی عەرەبیشە. وەک چۆن کورد خوازیارە عێراق، عێراقێکی فیدرال بێت، دەبێت عەرەبیش هەمان خواستی هەبێت، ئەگەر نا عێراقێکی فیدرال نایەتە ئاراوە. زۆربەی کورد پێیان وایە، لە فیدرالکردنی عێراقدا، عەرەب مافی دەنگدانی نییە! ئایا بە پێی کام یاسا، خەڵکی باشووری کوردستان مافی ئەوەی هەیە، شێوەی پێوەندیی فیدرالی بە سەر هەرێمی عەرەبنشینی عێراقدا بسەپێنێت؟ کاتێک خەڵکی عەرەبستانی عێراق، مافی ئەوەی نییە لەسەر داهاتووی کوردستان قسەی هەبێت، کە خەڵکی کوردستان سەربەخۆیی بخوازن و جاڕی جیابوونەوە بدەن.

پیاو ئازادە سەربەخۆ بژی، وەلێ کە ویستی لەگەڵ ژنێکدا بژی، پێویستە ژنەش خاوەنی هەمان خواست بێت. کوردیش بۆ جارِدانی سەربەخۆیی ئازادە، وەلێ بۆ پێکەوە لەگەڵ عەرەبدا ژیان، پێویستە عەرەبیش هێندەی کورد، خوازیاری عێراقێکی فیدرال بێت، ئەگەر نا باسکردن لە عێراقێکی فیدرال بە تەنیا هەر لە لایەن کوردەوە، وەک ئەوینی تاکلایەنی وەهایە.

دەشێت ساڵانێک شۆڕشگێڕ بووبێت و دواتر، یان دروستتر کە دەستت لە دەسەڵات گیربوو، ببیە دیکتاتۆر. کاسترۆ ئەو سەروەختەی لەگەڵ گیڤارادا سەرقاڵی شۆڕش بوو، خەباتگێڕ بوو، وەلێ لەمێژە دیکتاتۆرە، ‹ڕۆبێرت موگابی›ش ساڵانێکی دوور و درێژ لە پێناوی ئازادیی ‹زیمبابوی›دا خەباتگێڕێکی سەرسەخت بوو، وەلێ دەمێکە وەک دیکتاتۆر ناوی زڕاوە.

شەش ساڵ بەسەر ڕێکەوتننامەی واشینگتۆندا گوزەری کردووە و هێشتا لە کوردستاندا، نەک هەڵبژاردن، تەنانەت سەرژمێرییش نەکراوە! ئایا زەمینە بۆ سەرژمێرییش لەبار نەبوو! کوردی باشووری کوردستانی دانیشتووی هەندەران دەتوانێت، نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمانی عێراق دەستنیشان بکات، بەڵام مافی ئەوەی نییە، نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵببژێرێت! ئەوی بەم سووکایەتی بە کورد کردنە قایل بێت، کەسێکە هاووڵاتیبوونی کوردستان لە کنی، هیچ بایەخێکی نییە و پێش ئەوەی کوردستانی بێت، عێراقییە. لە ڕوانگەی کۆمیسیۆنی باڵای زێدە سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، کوردی کوردستانی باشوور، هاوشاریی کەلکەتا* بێت یان کەرکووک، هەر عێراقییە و هیچی تر! بە هۆی ئەو دێوجامەیەوە کە ناوی لیستی هاوبەشە، هاوڵاتیی کورد کەروێشک بخوازێت یان ئاسک، هەر کەروێشکی پێ دەبڕێت،** ئەمەش زادەی ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان ‹پێشڕەو› و تاکی کورد، وەک پێوەندیی



نێوان فریودەر و فریودراو وایە.

پدک و ینک کە دژایەتی یەکدی دەکەن، هەر چی هێڵی سوورە دەیبەزێنن، کە پێکیش دێنەوە، هێندە زێدەڕۆیی تێدا دەکەن، وەک دوو ماری ئاشقە و ماشقە لە یەکدی دەئاڵێن. هەڵبژاردن کاتێک درامای تێدا دەبێت، کە سەنگی هێزە ڕکەبەرەکان، بە جۆرێک بێت، کەس نەتوانێت بە دڵنیاییەوە، لایەنی براوە دەستنیشان بکات. ئێستا کە پدک و ینک و پاشکۆکانیان، بە یەک لیست دادەبەزن، هیچ گومانی تێدا نییە، ئەو لیستە دەیباتەوە، ئیدی ئەوە چییە دەنگبەخش هان بدات، بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردندا بکات؟

ئەوی دەنگ بەو لیستە بدات، نازانێت دەنگی بۆ پارتی داوە یان یەکیەتی؟ دەنگی بۆ شیوعییەکان داوە یان بۆ ئیسلامییەکان؟ کە هەڵبژاردن لە ئەمریکا دەکرێت، تا ئەنجامەکەی جاڕ نەدرێت، خەو ناچێتە چاومان، کە هەڵبژاردن لە کوردستان دەکرێت، قووڵ لێی دەخەوین، چونکە پێشەکی ئەنجامەکەی دەزانین. ینک و پدک سوێندیان خواردبوو، ئەگەر بە لیستی جیاواز دابەزین، ئەنجامی هەڵبژاردن هەر چۆنێک بێت، ڕێزی لێ بگرن، بەڵام چونکە هیچیان لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا نەبوو، بۆیە یەکیان گرت.

دوای هەڵبژاردن قەرارە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پارتی بێت و سەرۆکی کۆماری عێراقیش لە یەکیەتی! وەلێ من ترسی ئەوەم هەیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، شاپەرستەکان سەرکەوتنێکی وا تۆمار بکەن، سیستەمی پاشایەتی بگەڕێتەوە! لەوە تۆقیوم، کورد خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی **کۆمار** کاندید بکات و عێراق ببێتەوە بە **مەملەکەت**!

لە عێراقدا، ئەوی ناوی هەڵبژاردنە، دەبوو ناوی سەپاندن بێت، ئەوی ناوی پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتییانە، دەبوو ناوی شێواندنی ئاسایشی هاووڵاتییان بێت، ئەوی ناوی وەزارەتی بەرگرییە، دەبوو ناوی وەزارەتی

هێرشبردن بێت، ئەوی ناوی دەزگای فێرکردنە، دەبوو ناوی دەزگای جەهل بێت، ئەوی ناوی برایەتییە، دەبوو ناوی دوژمنایەتی بێت!

پدک و ینک بە شانازییەوە دەیانگوت: لە کوردستان مودێلێک لە دیموکراتی سەروەرە کە شیاوی ئەوەیە، بکرێتە نموونە بۆ عێراق و ناوچەکە! وەلێ لەو مودێلە باڵایەدا! باسێک لە ڕێژەی ژنانی نێو پەرلەمان نەبوو! دەبوو حیزبێک بۆ ئەوەی نوێنەری بگاتە پەرلەمان، لە سەدا حەوتی دەنگەکان بهێنێت! کە پدک و ینک سوور دەیانزانی، هیچ حیزبێک ئەو هێزەی نییە. لە پەرلەمانی ئەو عێراقە بە دیموکراتی نائاشنایەدا، نە ژن فەرامۆش دەکرێت و نە بەربەستی ڕێژەی لە سەددا حەوتیش قوت دەکرێتەوە. پێ دەچێت پەرلەمانی کوردستان بە زەبری یاسای هەڵبژاردنی عێراقی نادیموکراتی، ناچار بووبێت، مل بدات کە ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا چوار یەک بن و دەست لە ڕێژەی لەسەدا حەوتیش هەڵبگرێت!

من ئەگەر مافی دەنگدانم هەبێت، بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانم ناکەم، چونکە بەشداریی بکەم یان نا، هەر لیستە هاوبەشەکە دەردەچێت، چونکە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان تەنیا پەسەندکردنی ئەو بڕیارانە دەبێت کە لە دووکان، پیرمام و قەڵاچوالانەوە دەدرێن، بەشداری هەڵبژاردنی عێراقیشم ناکەم، چونکە ناخوازم ببمە هاووڵاتیی پلە سێ.

***

ببوورن باسی کەوش دەکەم، وەلێ کەوشی ئاسایی نا، هی هەورامی، کە تاقە کەوشە ڕاست و چەپی نەبێت، واتا هەر چۆنی لە پێ بکەیت، تاکەوتاک دەرناچێت. من پێم وابوو بەعس لە شام بێت یان لە عێراق، جیاوازیی نێوانیان وەک جیاوازیی نێوان دوو تاکی یەک جووت کەوشی هەورامی وایە، کەچی ئەو دەیگوت: بەعسی عێراق ڕاسترۆیە و هی سوریا چەپڕۆ!



من پێم وابوو، ئیسلامی سیاسی تووندڕۆ بێت، میانڕۆ بێت یان وەکاوەخۆ ڕێ بکات، هەر لە کرۆکدا یەکێکە و هیچ جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان مەلا کرێکار، مەلا عەلی، عەلی باپیر و مەلا بەشیردا نییە و هەموویان دەرچووی هەمان قوتابخانەن، کەچی ئەو دەیگوت: ئیسلامی سیاسیی دوو جۆرە، ڕەسەن و ناڕەسەن!

من پێم وابوو، وەک چۆن بەراز هێلکە ناکات، بەعسیش هەرگیز ددان بە مافی ڕەوای کورددا نانێت، کەچی ئەو دەیگوت: ئەو ئۆتۆنۆمییەی بەعس بە کوردی ڕەوا بینیوە، پڕە لە کەموکووڕی، بۆیە پێویستە لە پێناوی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینەدا، تا دوا گوللە بجەنگین.

پێشەوایانی گەلانی بندەستی دنیا، هەموویان خەباتیان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا بووە، پێشەوایانی گەلی کورد نەبێت، خەباتیان گا بۆ لامەرکەزییە، گا بۆ ئۆتۆنۆمی، گا بۆ ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە، گا بۆ فیدرالی و گا بۆ فیدرالیی تێر و تەسەل!

یاوەر و عەللاوی خۆیان لە جێبەجێکردنی بەندی پەنجاوهەشتی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق، گێل دەکەن و ئێمەش هەر خەوی نەزۆک دەبینین. کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، داخوازییەکانی کورد پشتگوێ دەخات و ئێمەش هەر گۆرانی بۆ باڵای عێراقێکی فیدرال دەچڕین.

نە بارودۆخی نێو شاری کەرکوک ئاسایی کراوەتەوە، نە ئەو شار، شارۆچکە و گوندانەی لە کەرکوک دابڕابوون، پێی شاد بوونەتەوە، نە مەخموور بۆ ئامێزی هەولێر گەڕاوەتەوە، نە چارەنووسی شنگاڵ ئاشکرایە و نە داهاتووی خانەقین، کەچی ئێمەی خۆشباوەڕ، هەر بە هیوای ئەوەین، لە سایەی عێراقدا بحەسێینەوە! جاران بە دزیی ئەدەبییان دەگوت دزیی ئەدەبی، هەنووکە پێی دەڵێن دەقئاوێزان.*** جاران بە کەرکوک و خانەقینیان دەگوت ناوچەکانی بن دەستی ڕژێمی عێراق، هەنووکە پێیان

دەڵێن ناوچە تازە ئازادکراوەکان! جاران بە ژێردەستییان دەگوت ژێردەستی، هەنووکە پێی دەڵێن فیدرالی.

دەڵێن: ئەوی دەمێنێتەوە هەر وشەیە، دەڵێن وشە لە شمشێر بەهێزترە.

2004. 12. 17

---

* شارێکی گەورەیە لە هیندستان.

** ترید أرنب، خذ أرنب، ترید غزال، خذ أرنب!

*** Intertextuality: تناص.

# ناواخن


پەیامنێرتان لە هەڵەبجەوە ........ 7

کارنامەی مامۆستایانی پرۆلیتاریا ........ 23

وڵاتێکی بێ شار ........ 29

کوانەڕەشە ........ 35

تۆیچ لە من بووگی بە نووسەر! ........ 49

پڵنگێک لە پەشمەک ........ 58

بۆ جەمالی عەلی فائیز ........ 63

بۆ هونەرمەندێکی یاخی ........ 68

زمانحاڵی غەریبان ........ 72

سوعاد حوسنی ........ 77

بوش و بن لادن ........ 80

کۆتر و پڵنگ ........ 86

زەبری ڕەخنە ........ 90

پرۆژەی ئاوی فێنک ........ 94

پرسیار و گومان ........ 101

بۆ ئەوەی خوێنەر چەواشە نەبێت ........ 105

تورکیای هاوسێ و وەفیقی هاوڕێ ........ 115

دۆشاو بە بیرت ........ 119

لە شارێکی بێ ژندا ........ 124

ئیسلام و عورووبە ........ 129

مەلەکردن لەنێو نەوتدا ........ 132

کاڵەک و ئەژنۆ ........ 137





عێراق یان کوردستان؟ ........ 146

سأشرب حتى أخر قطره من بطلى ........ 152

شاعیر و ئاسایش ........ 156

پیرەمێرد و پرۆلیتاریا ........ 161

بەرەو تاریکی ........ 169

گرووپی گلەیی ........ 180

کۆلکە هاووڵاتی ........ 189